

36

پارادیمی ڕەخنە و ڕەخنەدان و
دۆخی باشووری کوردستان.....



25

شەنگال زەلامێ نەخوش و
دەستهەلاتا سولتانێ قەبیل ناکەن...!



21

بەرخودانی کوبانێ لە ١٣٣ ڕۆژدا



17

یەکێتی نەتەوەیی و
کۆنگرەی نەتەوەیی


# "ئیمرالی گوانتانامۆی رۆژهەڵاتی ناوینە"

ئازادیی کۆمەڵگە
Azaî Komelge
www.komelge.com
Political, Intellectual and Social monthly Magazine
گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە
ژمارە 14
ساڵی دووەم
شوبات ٢٠١٧
ڕێبەندان ٢٧١٦

## کەجەکە:

## "بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە کورد خۆی مەحکومی کەس نەکات"





## لە سەرنووسەرەوە

# خولانەوە لە گێژاودا...
# گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤدا

ئەوەی لە باشووری کوردستان – بەهەمان شێوە لە ئێراقیشدا – لە ئاستی هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەگوزەرێت دۆخی گێژاوە. گێژاوێکی پڕلە قەیران و گرفت و کێشە. بنچینەی ئەو گێژاوە سیستەمی دەسەڵاتدارێتییە، بەهەموو ئەقڵییەت و چەمك و بۆچوون و کردارێکییەوە. ئەوەی ئەو گێژاوەی خەستتر کردۆتەوە دەرنەچوونە لەژێر پاڵتۆی پاوانخوازێتی دەسەڵاتدارێتییدا. بێئاگا لەوەی ئەوەی لە گێژاو دایە هەرتەنیا گێژاوی مۆدێلەکانی دەسەڵاتدارێتی نییە، بەڵکو کۆی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی لە گێژاو دایە. کەواتە هەر لێگەڕینێك لەناو خودی سیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا بۆ تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە، بۆخۆی خولانەوەیە لەناو گێژاوەکەدا. ئەمەش بەواتای خولانەوە لە بازنەی بێچارەیی و بێدەرەتانی دێت، واتا پێداگریکردن لە شەڕو ململانێی دەسەڵاتخوازانە.

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لە باشووردا؛ لەسەر ئەم دۆخە باس لەهەموو شتێك دەکرێت، بەڵام باس لە ڕێگای چارەسەری ناکرێت، باس لە ئەلتەرناتیڤی ئەو سیستەمە شکستخواردووە ناکرێت. بۆیە ئەوەندەی کار بۆ پینە و پەرۆکردنی کون و کەلەبەرەکانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی دەکرێت، ئەوەندە بیرلە چارەسەری گێژاوەکە (قەیران و گرفت و کێشەکان) ناکرێت، ئەوەندەی هەوڵ بۆ ئیدارەدانی ئەو گێژاوە دەدرێت، ئەوەندە بیرلە ئەلتەرناتیف ناکرێتەوە. بێگومان سەرچاوەی ئەمە بۆ ئەو ئەقڵییەت و مەتۆدە دەگەڕێتەوە کە کاری پێدەکرێت، بۆ ئەو سیستەمە دەگەڕێتەوە کە خۆی لەسەر دروستکردنی گێژاو، قەیران و گرفت و کێشەکان دەژیت و دەمێنێتەوە. چونکە ئەو سیستەمە سروشتی خانە شێرپەنجەییەکانی هەیە و لەدەرەوەی گێژاو دروستکردن و بە قەیرانکردنی دۆخەکە توانستی دیکەی نییە. بێگومان خودی ئەو ئەقڵییەت و مەتۆدەی ئەو سیستەمەیان بەرهەمهێناوە و بەڕێوەی دەبەن خۆیان لە گێژاو دان، کە خۆیان لە گێژاو دابن ناتوانن چارەسەری بێننەدی، ناتوانن خۆیان ببنە ئەلتەرناتیڤی خۆیان.

ئەمڕۆ چ هێزە دەسەڵاتدارەکان، چ هێزە ئۆپۆزسیۆنە دەسەڵاتخوازەکان هەم خۆیان لە گێژاو و قەیران دان، هەمیش لەنێو ئەو گێژاوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتیدا لە ململانێیەکی پاوانخوازی دان. هەردوو لایەنیشیان(دەسەڵاتداران - ئۆپۆزسیۆن) خاوەن ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیەکی سیاسی جیاواز نین لەیەکتر، بەڵکو لەبەرئەوەی لەیەکتر جیاواز نین، ئەو گێژاو و قەیرانە دروستبووە. بۆیە ململانێیەکی بێئاکام هەیە بێ ئەوەی چارەسەری لێبکەوێتەوە و دۆخی گێژاو و قەیران تێبپەڕێنرێت. بێگومان تەنیا گەل و کۆمەڵگە باجی ئەو ململانێیە پاوانخوازییە دەدات. چونکە ململانێ سەرەکی ئەو ململانێیە نییە، بەڵکو ململانێ نێوان سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگە ململانێ بنچینەییەکەیە.

لەبنەمادا؛ ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارێتییەی باشوور لە کرۆك و جەوهەری خۆیدا سیستەمێکی نادیموکراتییە، چونکە ستەمکارییەکی زۆر لە کۆمەڵگە دەکات و بەهۆی بەهەدەردانی سامانی گشتی ئەم وڵاتەش گەندەڵی تێپەڕاندووە و لە لوتکەدا تاڵانکاری دەکات. تەنانەت ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارێتییە بۆتە مەزنترین هەڕەشەی سەر کۆمەڵگەی باشور و کۆمەڵگە و وڵاتی بەرەو هەڵدێرێکی کوشندە بردووە. بۆیە هەرچی زووە دەبێت ئەو سیستەمەی دەسەڵاتدارێتی بە سیستەمێکی دیموکراتی بگۆڕدرێت. مسۆگەر ئەلتەرناتیڤی ئەم سیستەمە دەبێت سیستەمێکی دیموکراتی دادپەروەر بێت و ماف و ئازادییەکان دابین بکات و دادپەروەری و یەکسانی سەقامگیر بکات. بۆ ئەمەش ئەقڵییەت و مەتۆدێکی جیاواز لەوەی هەیە پێویستە. بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتی ڕادیکاڵ پێویستە کە هەڵگری ئەو ئەقڵییەت و مەتۆدە نوێیە بێت.

Azadî Komelge




14

ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**


**سەرنووسەر**
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

**دەستەی نووسەران**
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

**راوێژکاری یاسایی**
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

60



53




ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان – سلێمانی – گەڕەکی ئاشتی – باخی سەعید بەگ

# کەجەکە: هەتا یەکێتی نەتەوەیی دروست نەبێت، ڕەوشی کورد گەرەنتی نابێت

ئازادیی کۆمەڵگە

چاوپێکەوتن: ئازادیی کۆمەڵگە



سەرحەد وارتۆ ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندیەکانی کەجەکە

سەرحەد وارتۆ وتەبێژی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان کەجەکە، لە دیمانەیەکیدا بۆ گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە لەسەر گرنگی یەکێتی نەتەوەیی و بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەی لە کاتی ئێستادا، هاوکات هۆکارەکانی پەکخستنی ئەو کۆنگرەیە تاوتوێدەکات.

**ئازادیی کۆمەڵگە:وەك پەکەکە زۆر بانگەشەی کۆنگرەی نەتەوەی دەکەن لە کاتێکی وەك ئێستادا گرنگی کۆنگرەی نەتەوەی بۆ؟**

سەرحەد وارتۆ: وەك گەلی کورد لە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕین، قەدەری ڕۆژهەڵاتی ناوین لە نوێوە ئاوادەکرێتەوە و سیستەمێکی نوێی دادەمەزرێت، لەناو ئەو سیستەمەشدا کورد جێگەی خۆی بگرێت یان نەگرێت! ئەوە گرێدراوی هەڵوێستی کوردانە، گرێدراوی سیاسەتی کوردانە، ئەگەر کورد ئەم پیواژۆیە باش بنرخێنێت، هەم هەبوونی خۆی دەبێتە گرەنتی و لەئایندەی بە دیموکراتیبونی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕۆڵێکی گرنگیش دەبینێت، ئەگەریش کورد ئەم دەرفەتە لە دەست بدات لەراستیدا ون بوونێکی تر بەسەر کورداندادێت، چونکە ئەو دەرفەتە ئێستا هەیە سەد ساڵ جارێك ڕوودەدات، چۆن سەد ساڵ پێشتریش لە جەنگی جیهانی یەکەمیندا هەمان دەرفەت لە ئارادابوو، بەڵام کوردان ئەو کات نەیان توانی ئەو ڕەوشە هەڵسەنگێنن و سودی لێوەربگرن و بەوهۆیەوە کوردستان بۆتە چوارپارچە و لە ژێر داگیرکاری دەوڵەتی تورك و ئێران و عێراق و سوریا دایە، لەو کاتەدا گەلانی تورك، عەرەب و فارس هەموویان یەکیان گرت و پێکەوەبوون ومافی خۆیان بەزیادەوە وەرگرت، ئەوەی مایەوە تەنها کوردان بوو هۆکاریشی دوای چەندین ساڵ هەڵسەنگاندنی بۆدەکەین بەئاسانی لەوە تێدەگەین ئەگەر ئەو کات یەکێتی کوردان هەبوایە و تێگەشتنی سیاسی ببوایە ئەو کات کوردان حەق و مافی خۆیانیان بەدەست دەخات، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئەوەنەبوو کوردان زۆرشتیان لەدەست چوو، تەنانەت لەو کاتەشدا هێزی کوردی لە هەر چوار پارچە هەبوو، نمونە لە باشوری کوردستان بزووتنەوەی شێخ محمودی بەرزنجی هەبوو، لە باکوری کوردستان ڕاپەڕین کۆچگری هەبوو، دوای ئەوە سەرهەڵدانی شێخ سەعید

هەبوو، لە ڕۆژهەڵاتیش بزووتنەوەی سمکۆ ئاغا هەبوو، بەڵام تێگەشتنێکی نەتەوەی لە نێوانیاندا نەبوو، لە ڕوانگەی پەیوەندییەوە تەنها پەیوەندییەکی بەرژەوەندی هەرێمی هەبوو هەندێك بە مەسڵاحەتی هەرێمیەوە گرێدرابوو، ئەوەشی هەبوو لەنێوانیاندا بەرەحمی بەرژەوەندی پچڕ پچڕ کۆتای هات، کورد زیاتر لە سەدساڵ ژێردەستەی و کۆیلایەتی چەشت، ئێستاش لەبەردەم پێشهاتێکی وەهادایں، بەڵام کەمێك جیاوازترە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: چۆن جیاوازترە؟**

سەرحەد وارتۆ: ئێستا لەڕووی نەتەوەییەوە کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەستیاربوونە، کاتێك دەبینین لە باکوری کوردستان زوڵمێك ئەنجامدەدرێت، کوردان لە هەموو لایەکەوە دژی دەوەستنەوە و خاوەن دەردەکەون، ئەمە نەك تەنها بۆ باکور، بەڵکو بۆ هەر چوارپارچە و تەنانەت ئەورووپاش، بەگوێرەی سەد ساڵی ڕابردوو و کوردان ئێستا پێشکەوتنی زۆریان بەخۆوە دیوە، بەڵام لە ڕوانگەی یەکێتی نەتەوەییەوە تێگەشتنێکی وەها دروست نەبووە، تاکو ئێستا ئەو داگیرکارییەی پێش سەد ساڵ ئەنجامدرا کاریگەری هەیە لەسەر هێزی سیاسی کورد لە کۆمەڵگەدا، هەربۆیە ئەگەر دیسانیش یەکێتیەکی نەتەوەی نەبێت لەنێوان هێزەکان بێگۆمان مەترسی دووبارە بوونەوەی ئەو ڕەوشە هەیە و دووبارە بەبێ دەسکەوت دەمێنینەوە، بۆیە بێگومان ئێمە لەم کاتەدا گرنگی یەکێتیەکی نەتەوەیی بە پێویست دەبینین، ئەگەر کورد خۆی لە دووشت دوور بخاتەوە ڕزگاری دەبێت، لە کاتێکدا کوردان لە هەرچوار پارچەی کوردستان خاوەن هێزی سەربازی و سیاسین ئەمانە کەمنین، لەکاتێکدا ڕەوشی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین زۆر ئاڵۆزە لە نێوان خۆیاندا بەشێوازێك هێزە داگیرکەرەکان دەیانەوێت بە ئاسانی کوردان لەبەرانبەر یەك بەکاربهێنن، واتە بەشێوازێکی تر پەیوەندی هێزەکانی داگیرکەر لەسەر ئەساسی سیاسەتی ئەخلاقی نییە تا بەگشتی بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەیەك چاو تەماشا بکەن، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێشناکەون، ئەگەر کورد هێزێکی یەك بوین بن هیچ هێز و لایەنێك ناتوانێت بەوشێوەیە و بەئاسانی نزیکایەتییەکی ئەوهای ببێت، تەنانەت بۆ هێزی نێونەتەوەیش هەروایە، هێزە نەتەوەیەکانیش دەیانەوێت بەهۆی ئەو ستراتیژیەی هەیانە بۆ ناوچەکە، ئەو سیستمەی هەیە هی هێزی داگیرکەرە

> **ئەگەر کورد یەکێتی خۆی دروست بکات، هەم لە ئاستی هەرێمی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەشێوەیەکی باڵا دەبیندرێت**

و دەیانەوێت بەپێی ئەوە کورد لەو سیستمەدا بەکاربهێنن و نایانەوێت پەیوەندی ستراتیژی لەگەڵ کورد ببەستن، لە ڕاستیدا کێشەی ئەوان نییە و کێشەکە هی کورد خۆیەتی و ڕەوشی کورد ئەوە دیاری دەکات. ئەگەر کورد یەکێتی خۆی دروست بکات، هەم لە ئاستی هەرێمی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەشێوەیەکی باڵا دەبیندرێت، نەک بەکاربهێندرێن، بەڵکو دەبێت کاراکتەرێک ببیندرێن، لەبەر ئەوە یەکێتی نەتەوەیی گەلێک گرنگە، هەرهێزێکی کوردیی پەیوەندی بە دەوڵەتانی دەوربەرو و ڕۆژهەڵاتی ناوین و دەرەوە هەیە، هەموو هێزەێکی کوردیی سود لەمە وەردەگرێت، هەتا ئاستێک ئەو هێزانەش سود لەم یەکبوونە وەردەگرن، بەڵام پێویستە ڕاستییەک ببینین، شتێک کە هێزی کوردیی لەم پەیوەندییەدا سودی لێدەبینێت زۆرکەمە، بەراورد ناکرێت بەو سودە مەزنەی دەوڵەتانی دیکە لەم پەیوەندییەدا، وەری دەگرن. لە ئەنجامدا پەیوەندی داگیرکەران، بەجیا لەگەڵ هێزە کوردییەکان، ئەوا دژی کوردە و لە بەرژەوەندی کورد دا نییە، بۆ نموونە هەر هێزێکی دەرەوە کە کەمێک سود وەردەگرێت، ئەوە نابێتە هۆی کردنەوەی هیچ دەرگایەک، لە ڕاستییدا قازانجی هەرە مەزن ئەوەیە کورد پێکەوە ڕێک بکەون، ئەوا قازانجی هەرەمەزنە. بۆ نموونە: ئەو هێزە ئەگەر سودی سەربازی، سیاسی، ئابووری وەربگرێت، هاتا ڕادەیەک، ئەوە دەترسێت دەڵێت ئەگەر یەکێتی نەتەوەیی دروست بێت و پەیوەندییەکانم کەم دەبێتەوە و سود وەرناگرم. بێگومان لێرەدا هەڵەیەکی مەزن هەیە، بەڵام ئەی ئەگەر کوردان ببن بەیەک و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دەرەوە پێکەوە بێت، ئەوا بە پێچەوانەوە دەیان جار کوردان قازانج وەردەگرن و بەهێزتر دەبن. لە کاتێکدا کوردان دەبن بەیەک، ئەو دەوڵەتەی کوردستانی داگیرکردوە، ناتوانن سیاسەتەکانیان جێبەجێبکەن، ئیتر ئەوسا ناچارن ئەو سیاسەتەیان وەلا بنێن. ئیتر ئەو دەوڵەتانە ناچار دەبن بڕیارێک بدەن، لەگەڵ کوردان دوژمانەیەتی بکەن یان ڕێکەوتنێکی ڕاست بکەن، چونکە کورد هێزێکی مەزنە،

هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت مەترسیەکی وا بخاتە بەردەم خۆی و دوژمنایەتی هەموو کوردان بکات. هەر دەوڵەتێک دوژمنایەتی کوردان بکات، ئەوا داهاتوەکەی دیار نییە، نە تورکیا، نە ئێران و نە دەوڵەتێکی دیەکە. ئینجا مەگەر بەش بەش و بەجیا دوژمنایەتی کوردان بکەن و کوردان لە دژی یەک بەکاربهێنن، دەتوانن سیاسەت بکەن، کاتێک کورد لە نێوخۆدا رێکەوت لەگەڵ یەک، ئەوا هێزی تر ناچارن لە ئاستێکدالەگەڵ کوردرێکبکەوەن، ئەوەی کە کورد لە رێکەوتنیدا قازانجی دەکات شتێکی مەزنە؛ لە کاتێکدا کوردان هەموو رێکبکەون، ئەوا مەترسی ئەوەش هەیە، چەند دەوڵەت لە دژی کورددان رێکەوتن بکەن، ئەو مەترسییەش هەیە، هەرچەند دەوڵەتانی داگیرکەر لەدژی کورد رێکەوتنیان کردوەو ئێستاش رێکەوتنیان هەیە، ئەگەر هەموو داگیرکەران پێکەوەش رێبکەوەن، جا ئەگەر رێکەوتنی کورد هەبێت ئەوا بەهێزیی کورد ناوێرن، چونکە کورد بۆخۆی هێزە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناویندا و لەسیاسەتی جیهانیدا دەردەکەوێت و سەنگی دەبێت و لەگەڵیدا رێکەوتن دەکرێت.

ئەگەر ئێمە، بە نموونە: لە فیدراسیۆنی باکووری سوریا بڕوانین، لەبەرهەستیاری تورکیایان هەندێک وڵات کوردان دەخەنە دەروەی قۆناخ، بۆچی کوردان دەخەنە دەرەوەی قۆناخ، لەبەر ئەوەی دەزانن کورد هەمووی یەک نییە؛ فیدراسیۆنی باکووری سوریا بەشێکی کوردانە و هەموو هێزی کورد لەوێدا نییە. لەبەرئەوەشە دەتوانن کار بەو سیاستە بکەن، بەڵام ئەگەر یەکێتی کورد دروست ببێت، هەموو یەک هەڵوێست بن، ئەوا نە ئەمریکا و نە رووسیا و نەهێزێکی دیکە، ناتوانن کورد پشت گوێبخەن؛ ئەگەر هاتوو کورد پشتگوێ بخەن، ئەوا ناتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە خۆر هەڵاتی ناوەڕاست بپارێزن. کاتێک کورد پارچە پارچەبێت، ئەو کات دەتوانن بەئاسانی پشتگوێیان بخەن، هەر جارەوە لایەنێک بگرن و بەردەن، لەبەر ئەوەیە یەکێتی کورد بابەتێکی زۆر ستراتیژییە و هەر کەس قازانج دەکات، نەک تەنها حزبێک، بەڵکو هەموو حزبێک و هەموو پارچەکانی کوردستان- قازانجێکی مەزن دەکەن، پێوستە هەموو هێز و جوڵانەوەیەکی کوردیی ئەو راستییە بزانن. بەپێی ئەوە نزیک ببنەوە و هەڵوێستیان هەبێت، ئەگەر نزیک بوونەوەیەکی وادروست ببێت، ئەوا بەڕاستی لە پاشەڕۆژی رۆژهەڵاتی ناویندا کورد دەتوانێت رۆڵێکی ستراتیژی گرنگ بگێڕێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: مەبەستت لە یەکنەگرتن بۆ کۆنگرەیەکی نەتەوەیی، تەنها بەرژەوەندی مادییە؟**

سەرحەد وارتۆ: ئێستا پارچە بوونی کورد هۆکاری مێژوویی و چڤاکیی خۆی هەیە، ئەمەش راستییەکە ناشمانەوێت کەس تاوانبار بکەین، ئەو رەوشەی سیاسەتی کورد تێیدایەتی، لە هەندێک کاتدا لە لاوازیی کورددان خۆیەوە بناخەی گرتووە، لەبەر ئەوەی کورد لەلایەن دەوڵەتە داگیرکەرەکانەوە، ئابلۆقەدراوە، پەیوەندی کورد بە دونیاوە دروست نەبووە. سیاسەتی کورد لە نێو دژیەکی دوڵەتە داگیرکەرەکانەوە پێشکەوتووە، لەبەر ئەوەش هێز و جوڵانەوەی کورد لە هەندێک پارچەدا لەگەڵ دەوڵەتی تر پەیوەندی دروستکردوە، لەسەر ئەم پەیوەندیانە ویستویانە خۆیان پشێبخەن، ئەمەش تا قۆناخێک جێگەی تێگەیشتنە، هەروەها پارچە بوونی کوردان، لەبواری چڤاکییشدا هەیە، لە بواری ئایینی و خێڵ و کلتوریدا جیاوازی هەیە، ئەمەش لە پێش یەکبوونی کورد بووەتە ئاستەنگ، بەڵام ئەم رەوشە ئێستا هەندێک دەرباز کراوە. کورد لەگەڵ هەندێک هێزدا پەیوەندییەکانی خۆی پێشخستووە و سودی لێوەرگرتووە، بەڵام کورد هێزی خۆی دروست کردوە، کورد هاتووەتە خاڵێک و ئیتر ئەو تێکەڵی و پەیوەندییە کۆنانەی کورد هەی بوو، ئەوە تێدەپەڕێنێت. دەتوانن پەیوەندی دروست بەکەن کە خزمەتی کوردان بکات، ئیتر پێویستە کورد، وابەستە بوونی بەهێزی داگیرکەرەوە کەم بکات، هەموو هێزە کوردییەکان پێویستە پەیووەندییان لەگەڵ یەکتریدا بەهێز بکەن و تێکەڵی و پەیوەندی کورد هەبێت، ئەوا پتر خزمەت بەکورد دەکات. پێویستە پەیوەندییەکان لەسەر ئەو بنەمایە بەرەوپێشەوە بچێت، لە راستیدا دروست نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی وایکردوە کە ئەمە خراپ بکەوێتەوە، پرسێکی گەورەی نێوخۆیی بۆ کورد دروست کردوە، هێز و جوڵانەوە کوردییەکان بەش بەش بوونە و جوگرافیای کوردستانیش بەش کراوە، ئەمەش رۆڵێکی خراپی گێڕاوە، لە دروست نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی کورددا؛ بەڵام لە راستیدا رۆڵی سەرەکی دەوڵەتی داگیرکەر گێڕاویێتی. واتە دەوڵەتی داگیرکەر هیچ کاتێک نایەوێت کورد یەکگرتوو بێت، چونکە ئەوان باش دەزان لە خاڵێکدا کە کوردان یەکبگرن بەهێزدەبن و دەردەکەونە مەیدان و پەیوەندی کوردان لە ئاستی نێونەتەوەییدا رژد دەبێت، کاتێک کورد یەک بوو، ئەوا هێزی داگیرکەر ئەو سیاسەتی لەنێوبردن و یەکتربەکارهێنانەی هەیەتی ناتوانێت درێژەی پێبدات. لەسەرەتاوە هەتا ئێستا

دەوڵەتی داگیرکەر نایەوێت کوردان یەکگرتووبن، لەبەر ئەوەش کورد نەبێت بەیەک، هەموو شت دەکەن، بۆنموونە: بۆ ئەوەی هەندێک حزب لە کورد جیابکەنەوە، ئیمکانییەتیان پێدەدەن، بۆ ئەوەی کورد نەبێت بەیەک، بەڵکو ئەو ئیمکانەتە بۆ حیزبەکە شتێکبێت، بەڵام بۆ کوردان خەنجەرێکە، پێویستە هەموو هێز و جوڵانەوەی کوردیی ئەوە بزانێت. هیچ هێزێک بێ بەرژەوندی خۆی شتێکت پێ نابەخشێت، پێوستە هەموو هێز و جوڵانەوەی کوردیی ئەو ڕاستییە بزانن و ببینن، پێویستە کورد لەسەر ئیمکانی خۆی، هێزی خۆی، خۆی دروستبکات. کورد بەئیمکانی دەرەوە ناتوانێت خۆیان دروست بکەن، هەندێک هێزی کوردیی هەیە، لەوە خۆشی وەردەگرن کە بڵێن دەوڵەتێک هاوکاری مانی کردوە! هاوکاری وەردەگرن پڕوپاگەندە بۆ ئەو دەوڵەتە دەکەن، نازانن کە هاوکاری لەو دەوڵەتە وەردەگرن، گیرۆدەی ئەو دەوڵەتە دەبن، ئەوکات لە کورد بوونی خۆیان دور دەکەونەوە، زۆر هاوکاری وەرگرتن لە دەوڵەتێکی داگیرکەر یان هێزێکی نێودەوڵەتی مەعریفەت نییە. ئەوە هێزی تۆ نییە، هێزی خەڵکییە، بەهێزی خەڵکی چۆن دەتوانی لەسەر پێ بووەستیت؟! ئەزموونی ١٩٧٥ لەبەر چاومانە، لەبەر ئەوە پێوستە کورد، ڕوونەکاتە دەرەوە، بەڵکو ڕووباکاتە نێوخۆ. کاتێک خۆتکرد بەهێز و هێزی خۆت دروستکرد، ئەوکات دەتوانی بەهێزتر دەرکەوی، بەڵام ئەگەر خۆت بێهێز بکەیت و هێز لە دەرەوە وەربگریت، ئەوا خۆت لەنێو دەبەیت.

ئێستا لە باشوری کوردستان، باسی دروست بوونی دەوڵەت دەکرێت، دەیانەوێت دەوڵەت دروست بکەن، دەچن بۆ ئەمریکا و ئەوروپا و... هتد، پشتگیری دەوڵەت دروستکردن دەکەن، هێز لە کورد وەرنەگریت، ئایا دەتوانیت شتێک بکەیت؟ ئەو سیاسەتەی کە لەهەر چوارپارچەی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت و هەر پارچەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر هەر سیاسەتێک لەلایەن هەر چوارپارچەی کوردستانەوە پشتگیری نەکرێت، ئەو سیاسەتە ناتوانێت سەربکەوێت؛ پێویستە هەر کەس بابەتی یەکێتی نەتەوەیی وەک ستراتیژ ببینێت، وەک بابەتی مان و نەمانی کورد و داهاتووی کورد ببینێت و بابەتی دیموکراتیزە بوونی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، ئەگەر یەکێتی کورد دروست ببێت، ئەوا سەدی سەد هەر سەرۆکێک یان سەرکردەیەکی کورد بچێتە هەر شوێنێکی دونیا، ئەوا دەجار بەڕێزە و بەنرختر پێشوازی لێدەکرێت.

> **کاتێک باسی یەکێتی نەتەوەیی بکەیت، دەڵێن کێشەی «ی ن ک» و «پ د ک» هەیە، کێشەی پ د ک و گۆڕان هەیە، کێشە نێوان لایەنە ئیسلامییەکان هەیە، کێشە و کێشە**

**ئازادیی کۆمەڵگە: دوای بانگەشەکەتان هیچ شاندێکتان سەردانی لایەنەسیاسیەکانیان کردوە؟**

سەرحەد وارتۆ: بزووتنەوەکەمان لە کۆنەوە کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی دەکات، لە ڕاستیدا لەگەڵ لایەنە کوردییەکان جارجار پەیوەندی دروست دەکەین، لە هەمووپەیوەندییەکاندائێمەداوادەکەین، کە یەکێتی نەتەوەیی دروست بکەین، تێکۆشانی ئەوە پێشبخەین، زەحمەتی و ئاستەنگییەکانی یەکێتی نەتەوەیی ئێمە دەزانین و دەی بینین؛ هەم لە نێو کورداندا و هەم هێزی دەرەوە ئاستەنگی دروست دەکەن، بەڵام هەردەمانەوێت لەسەر پەیوەندییەکانمان ڕابووەستین لەگەڵ هێز و لایەنە کوردییەکان. ئێمەش وەک بزووتنەوەکەمان، ئەمە لە ڕۆژەڤی ئێمەدایە، لە دیدار و کۆبوونەوەکانماندا هەیە، هاوسەرۆکایەتی ئێمە بەرنامەیەکی دەرکرد و بانگێشتنامەی بۆ هەموو هێزی کوردیی لە هەر چواربەشی کوردستان نارد، بۆ ئەوەی کاری یەکێتی نەتەوەیی دەست پێبکەین، هەندێک لایەن بە ئەرێنی پێشوازی لێدەکات، ئەمەش بەتەنها بەشناکات، پێوستە کاری ئێمە بەردەوام بێت لەگەڵ هێزە کوردییەکان، دانیشتن و دانوساندن پتر بکەین بۆ دروست بوونی یەکێتی نەتەوەیی. لە ڕاستیدا هێزی کوردیی بەگشتی داوای یەکێتی نەتەوەیی دەکەن، هەمووی خۆی ناکشێنێتە دواوە.

سەدی نەوەدی هێزی کوردیی لەو باوەڕەدان، هەتا یەکێتی نەتەوەیی دروست نەبێت، ڕەوشی کورد گەرەنتی نابێت، داواکاری هێزە کوردییەکان هەیە بۆ یەکێتی نەتەوەیی، بەڵام پێوستە ئەو داواکارییە ببێتە ئیرادەیەک، بۆ ئەمەش هەوڵدانی ئێمە لە داهاتوودا دروست دەبێت. هەندێک هێزی کوردیی کاتێک باسی یەکێتی نەتەوەیی دەکەین، کێشە دروست دەکەن، لە باشوری کوردستان کاتێک باسی یەکێتی نەتەوەیی بکەیت، دەڵێن کێشەی «ی ن ک» و «پ د ک» هەیە، کێشەی پ د ک و گۆڕان هەیە، کێشەی گوڕان و ی ن ک هەیە، کێشە نێوان لایەنە ئیسلامییەکان هەیە، کێشە و کێشە، باشە ئێمە چۆن لە ناو ئەم کێشانەدا، یەکێتی نەتەوەیی دروست

بکەین؟! بۆ رۆژئاوا و باکوری سوریاش هەمان شتە، کاتێک باسی یەکێتی نەتەوەیی دەکەیت، کێشەیەکیتر دێننە ئاراوە، ئیتر ئەوسا یەکێتی نەتەوەیی چۆن دروست ببێت، بۆ باکور و رۆژهەڵات هەمان شت هەیە. ئەمەش تێڕوانینێکی هەڵەیە، واتە مەنتقی هەڵەیە، تۆ نەتوانیت کێشەیەک چارەسەر بکەیت، ئەوا ناشتوانیت یەکێتی نەتەوەیش دروست بکەیت، کاتێک تۆ کێشە لە پێش یەکێتی نەتەوەیی ببینیت، ئەوا بە پێچەوانەوە بیردەکەیتەوە؛ یەکێتی نەتەوەیی وەک رێ و رێبازی چارەسەریی پرسێکی ناوخۆیی ببینە، نابێت بڵێین لەبەر ئەوەی کێشە هەیە یەکێتی نەتەوەیی دروست نابێت، دەبێت بڵێین لەبەر ئەوەی یەکێتی نەتەوەیی ئێمە نییە، بۆیە ئەو کێشانە بەردەوامە. ئەی ئەگەر یەکێتی نەتەوەیی هەبێت، ئەوا ئەو کێشانە لەنێو یەکێتی نەتەوەیی چارەسەر دەبێت، یەکێتی نەتەوەیی، بۆ ئەوە گرنگە کە: پرسی کوردان خۆیان چارەسەری بکەن و پلاتفۆرمێک بێت بۆ چارەسەر کردنی پرسی کوردان، پەیوەندی کورد بەدنیاوە و بەهێزی هەرێمی وە، تەنها وەک میکانیزمێکیش بۆ چارەسەری پرسی کوردان وەک ئەوەش نای بینین، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی تەسکە، ئێمە کۆنگرەی نەتەوەیی وەک پلاتفۆرمی دیموکراتیزەکردنی کورد دەبینین، واتە کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەمانکاتدا دیموکراتیزە بوونی کوردە، هەموو کورد، هەموو پارچە، هەموو هێزە سیاسییەکان، هێزە کۆمەڵایەتییەکان، ئێزیدی، کاکەیی، عەلەویی و سوننە و شیعە، هەمووان لەو پلاتفۆرمە دیموکراتییەدا گوزارشت لە خۆیان بکەن، کورد ئەمە دروست نەکات، لە خۆرهەڵاتی ناویندا ناتوانێت پێشبکەوێت؛ لە خۆرهەڵاتی ناویندا هیچ گەلێک هێندەی کورد پێویستی بە دیموکراتی نییە و شتێکی هەرزۆر کورد پێویستییەتی دیموکراتییە. چونکە دیموکراتیبوون لە رۆژهەڵاتی ناویندا دروست نەبێت، کورد ناتوانێت لە رۆژهەڵاتی ناویندا بژین! کورد بە نەژداپەرستی، بە مەزهەبگەری ناتوانێت بژیت، ئەگەر بە نەژاد پەرستی و مەزهەب پەرستی بێت، ئەوا هەر کەس لە کوردان باشتر دەتوانێت نەژاد پەرستی و مەزهەب پەرستی بکات، هەتا ئێستاش کردویانە و ئەوەی بووتە بەڵای سەری کوردان ئەوەیە! ئینجا ئەگەر، لە رۆژهەڵاتی ناویندا دیموکراتی پێشبکەوێت، کورد دەتوانێت لەو دیموکراتییە سود وەربگرێت و مافی خۆی بەدەست بهێنێت

> **پ د ک بەتەواویی بۆچوونی خۆی ئاشکرا نەکردوە سەبارەت بەکۆنگرەی نەتەوەیی!**

و بیخەنە گەرەنتییەوە. پێویستە پێش هەر کەس، دیموکراتی بوون لە نێو کوردان پێشبکەوێت، ئەگەر خۆمان دیموکراتیک نەبین ناتوانین داوای دیموکراتی لە کەس بکەین، ئێمە خۆمان دیموکراتی نەبین، چۆ دەتوانین داوای دیموکراتی لە تورک، عەرەب و فارس بکەین؟ بەر لەهەرکەس پێویستە ئێمە دیموکراتیک بین.

کۆنگرەی نەتەوەیی بەم شێوەیە دەبێت و زەمینی دیموکراتی کوردە، ئەگەر ئێمە لەنێو خۆماندا دیموکراتیمان دروست کرد، دەبینە هێز و پرسەکانی خۆمان چارەسەردەکەین، لەگەڵ هێزی هەرێمی و جیهانی دەکەوینە پەیوەندیی راست و دروستەوە، لەلایەنێکەوە کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە پرسی کورد چارەسەر دەکات و دیموکراتی بوونی کورد بەرەوپێشەوە دەبات، لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە کوردان دەکات کاراکتەرێک بەرانبەر هێزی هەرێمی هەمیش بەرانبەر هێزی جیهانی کوردان دەکاتە خاوەن ئیرادە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئێوە لەسەردانەکانتاندا بۆ لای لایەنە سیاسییەکان چوونەتە سەردانی پارتی دیموکراتی کوردستان؟**

سەرحەد وارتۆ: سەردانی ئێمە بۆ لای پ د ک و لایەنەکانی دیکەش هەیە، ئێمە بۆ ئەم بابەتە گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ پ د ک.

**ئازادی کۆمەڵگە: بۆچوونی پ د ک لەم بارەیەوە چی بوو؟**

سەرحەد وارتۆ: پ د ک بەتەواویی بۆچوونی خۆی ئاشکرا نەکردوە، بەڕاستی لە رووالەتدا کەس دژی یەکێتی نەتەوەیی و کۆنگرەی نەتەوەیی نییە، لە بواری کرداریدا کە دێن هەنگاو بنێن، درەنگ دەکەون! یان هەنگاوی پێویست نانێت. ئەمە دەبێتە ئاستەنگ بۆ دروستکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی، هۆکاری ئەمە لەبنەمادا، ئەوەیە کە هێز و هاوکاری لە دەرەوە وەردەگرن، ئەم هاوکاری و هێزەی لە دەرەوە وەری دەگرن، دەبڕێت لێیان و زەرەر دەکەن. هێزە سیاسییەکان یەکێتی نەتەوەییان دەوێت و جڤاکیش دەیەوێت، بەڵام هەندێک حیزب دەخوازن کۆنگرەی

نەتەوەیی بۆ بەهێز بوونی حیزبی خۆیان بەکاربهێنن، ئەمەش مەنتقێکی هەڵەیە، پێوستە هیچ هێزێک وا نزیکی کۆنگرەی نەتەوەیی نەبێت، کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ڕێکخستن و بەهێزبوونی هەموو گەلی کوردستانە.

پێویستە هیچ حیزبێک حیسابی بچووک و تاکتیکی، لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی نەکات، هەر کەس حیسابی ستراتیژی بکات، سیاسەتی ستراتیژی بکات و بەرنامەیەکی ستراتیژی دابنێت؛ هەر لایەنێك لەچوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەییدا کاربکات. ئەگەر نزیک بوونەوەیەکی وەها هەبێت، ئەوا هەرکەس قازانج دەکات، هەرکەس ئەمڕۆ چەند مەزنە، سبەی سێ هێندەی تر مەزن دەبێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا کێشەی کشانەوەی پەکەکە لە شەنگال پرۆژەی پارتییە لەبەرانبەر بانگەوازییەکەی ئێوە؟**

سەرحەد وارتۆ: کێ لەم بابەتە بڕوانێت، ئەوها دەی گرێتە دەست. هەبوونی هێزی گەریلا لە شەنگال، نیشانەی یەکێتی نەتەوەییە، شەنگال داگیرکرا، ئەگەر گەریلا نەچووبایە شەنگال، ئەمڕۆ شەنگال بەشێک نابوو لە کوردستان و لە دەستی کوردا نابوو، بزووتنەوەی ئێمە هەم چووە شەنگال و هەم دوای دەربازبوونی پێشمەرگە، ڕێگای کردەوە بۆ نێو شەنگال، پێشمەرگە دوای ئەوەی گەریلا چوو، شوێنی ستراتیژی گرت و ڕێگای کردەوە پێشمەرگە چوو، هەڵوێستێکی نەتەوەیی نیشاندا. لە شەنگال، مەخمور، کەرکوک تێکۆشان لەبەرامبەر ئەو هێرشە زۆرە کرا کە کرایە سەریان، ئەمەش هەڵوێستێکی نەتەوەیی و گەلەری بوو، پێویستە هەر کەس لەدەوری ئەم روحێت و هەڵوێستە بجوڵێتەوە. ئێمە سەیردەکەین پ د ک بەم شێوەیە نزیک نابێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە نزیک دەبێتەوە، ئەگەر وابوایە دەمان وت پ د ک هەڵوێستێکی نەتەوەیی هەیە، ئێستا بابەتێک لە باشوری کوردستاندا بکرێتە ڕۆژەڤ، ئەوە نییە کە گەریلا لە شەنگالە، ئەوەی پێویستە بکرێتە ڕۆژەڤ، هەبوونی داگیرکەری تورکیایە لە باشوری کوردستان. ئێمە دەخوازین و هیوادارین پ د ک ئەوە بکاتە ڕۆژەڤەوە، دەوڵەتی تورک بۆچی لە

> **هەبوونی هێزی گەریلا لە شەنگال، نیشانەی یەکێتی نەتەوەییە**

باشوری کوردستانە؟ بۆچی لە باشیکە؟ پێویستە دەوڵەتی تورک لە باشوری کوردستان دەرچێت، هەڵوێستی نەتەوەیی ئەوەیە، ئەگەر ئەمە بکرێتە ڕۆژەڤەوە، ئەو کات دەتوانین بڵێین ئەم هێزە بابێتە نێو یەکێتی نەتەوەییەوە، هێزێکی هەبوونی گەریلا لە شەنگال بکاتە جێی گفتوگۆ کە رۆڵی گەریلا دیارە، سەربازی تورک باشوری کوردستانی داگیر کردوە، بەڵام چاوی خۆی لێ دادەخات، بەم هێزەش دەیەوێت سیاسەت لەسەر هێزی دیکەی کوردی بکات، ئەمەش هەڵوێستێکی دووره لە یەکێتی نەتەوەیی، پێویستە ئەم زهنییەتە نەمێنێت. کەی کوردان بوون بەیەک ئەوسا دەتوانن بەرانبەر بە داگیرکەری تورک تێکۆشان بکەن و وەدەری بنێن، لە راستییدا پێویستە بابەتی دەوڵەتی تورک باش ببیندرێت، دەوڵەتی تورکیا چ رۆڵێک دەگێرێت، پێویستە بە ئاشکرا ئەو راستییە بڵێم: لە ژێر قەیرانی سیاسیی و ئابووری باشوری کوردستاندا دەوڵەتی تورک و حکومەتی ئاکەپە هەیە، دروست نەبوونی یەکێتی نەتەوەیی و کۆنگرەی نەتەوەیی لە پشتی ئەوەوە دەوڵەتی تورک هەیە، سیاستی ئەو ناهێڵێت، لە ئەساسدا دەوڵەتی تورک هێزی کوردیی باشور بەتایبەت پ د ک-ی زۆر دەرخستەپێش، لەبەرانبەر حکومەتی عێراق و جارێکی تر لە بەرانبەر حیزبی تری باشوری کوردستان، ئەمەش رێگەی کردەوە بۆ قەیرانی سیاسیی، ئەگەر دەوڵەتی تورک و حکومەتی ئاکەپە هێندە پشتگیری پ د ک-ی نەکردایە و پ د ک-یش خۆی پێوە گرێ نەدایە، ئەوسا بەم شێوەیە قەیرانی سیاسیی و ئابووری سەری هەڵنەدەدا. ئەگەر فیدراسیۆنی باشوری کوردستان، بەشێوەیەکی سیاسیی پرسەکانی خۆی لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکردایە و دەشکرا پرسی نێوخۆی باشوری کوردستان بەشێوەیەکی دیموکراتی چارەسەر بکرایە، بەڵام دەوڵەتی تورک بەتایبەت ئەم سیاسەتەی پێشخست، هەتا بۆ ئەوەی گەلی کورد یەک نەبن و دژی یەک بن، پێویستە ئەم راستییە بزانین. لە ئابووری-یشدا هەمانشتە، نەوتی باشوری کوردستان، بە بەلاش و هەرزان دەکێشنەوە و دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی ئاکەپە و ئەردۆغان لە حیسابی نەوتی باشوری کوردستان مامەڵەی پێوە دەکەن، خەڵکی باشوری کوردستان-یش لە نەوتی خۆیان سود وەرناگرێت، لە

قەیرانی ئابووریدان، لەبەر ئەوە دەوڵەتی تورک و حکومەتی ئاکەپە و ئەردۆغان، بەنهێنی لە سیاسەتی باشوری کوردستاندا رۆڵ دەگێڕن! ئاستەنگی لەبەردەم یەکگرتنی کورد دروست دەکەن، پێویستە هەموو هێز و جوڵانەوەی کورد ئەمە باش ببینێت، هەر کەس پێوستە لە دژی حکومەتی ئاکەپە و ئەردۆغان تێبکۆشێت، مەترسی گەورە نەک بۆ باکووری کوردستان، بەڵکو بۆ هەرچوارپارچەی کوردستان مەترسی گەورە دەوڵەتی تورک و حکومەتی ئاکەپە، داعش و نوسرە و لە پلەی دووەم و هێزەکانی تر لە پلەی سێیەمدایە، مەترسی هەرە گەورە دەوڵەتی تورکە و لەهەر جێیەک دوژمنایەتی کوردان دەکات! بۆیە پێوستە یەکێتی کورد دروست بکەین و سیاسەتی دەوڵەتی تورک پووچەڵبکەینەوە، یەکێتی کورد دروست ببێت پەیامێکی وا بدەین، ئەگەر تۆ دوژمنایەتی کورد بکەیت ئەوا ئێمە هەموو دژی تۆین، ئەگەر تۆش دەخوازی لەگەڵ کورد بژیت و دیموکراتی بوون بەرەوپێشەوە ببەیت، ئەوا کورد هەر لە سەرەتاوە دیموکراتی دەخوازێت، بەڵام پێویستە هەر کەس مەترسی سیاسەتی دەوڵەتی تورک باش ببینێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: یانی دەکرێت لە کۆنگرەدا لەسەر ئەو مژارانە دەتوانن نیقاش بکەن و بگەنە چارەسەری؟**

سەرحەد وارتۆ: ئێمە وادەبینین، کێشەیەک لەپێش کۆنگرەی نەتەوەیی نابینین، ئێمە دەمانەوێت کۆنگرەی نەتەوەیی دروستببێت، یەک: کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین، یەکێکی دیکە: پەیوەندیی کوردان بە دونیاوە و هێزی هەرێمییەوە سەر راستبکەینەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی دروست ببێت، دەتوانێت سیاسەتی ناوخۆی کورد بخاتە بواری وتوێژەوە، هێڵێک دەستنیشان بکرێت، بۆ نمونە: بۆچوونی من ئەوەیە سیاسەتی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا سیاسەتێکی دیموکراتی

**لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بدرێت بەهێزی هەرێمی و جیهان-یش. ئیتر کەس ناتوانێت کوردان بگەڕێنێتەوە دواوە، کۆنگرەی نەتەوەیی بەو دەوڵەتانە دەڵێت وەرن، سەرلەنوێ پەیوەندی خۆمان سەر راست بکەینەوە و چەند پرانسیپێك لەنێو خۆمان دابنێین**

هەبێت، هەر فیکر و بۆچوون و باوەڕیی، کەسێک بتوانێت خۆی رێک بخات، فیکری خۆی بە رەحەتی بەخەڵکدا بڵاو بکاتەوە، خەڵک پشتگری کێ کرد، ئەو دەتوانێت بێتە پێشەوە، کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت، هێڵی سیاسەتی نێوخۆی کورد دیاری بکات، ئەو پرسە چارەسەر دەکات. کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ کوردان جێیەکە دەتوانێت هێزی کورد بکاتە یەک، بۆ نموونە ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی و یەکێتی نەتەوەیی دروست ببێت، ئەوا هێزێکی سەربازی بۆچی لێرەیە و لێرە نییە، لەو بابەتە زیاتر کە وتوێژبکرێت ئەوەیە لەهەموو پارچەکاندا هێزی کوردیی هەیە: گەریلا، پێشمەرگە، شەرڤان هێزی کوردیی زۆر هەیە، چۆن دەتوانین ئەو هێزانە لە نێو کوردیی بهێنینە لای یەک، بۆ پاراستنی کوردستان چۆن رێکبخرێن؟ بابەتەکە ئەمەیە، کاتێک ئێمە ئەمەمان خستە وتوێژەوە و هێزەکانمان یەکخست، ئەو وتوێژانەی لەو بارەیەوە دەکرێت بێ واتادەبێت. لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەرپارتێک بەگوێرەی رەوشی خۆی تەمسیلی کورد دەکات، کورد دەتوانێت لەگەڵ هێزی هەرێمیدا لە ئاستێکی باڵادا یەک نوێنەرایەتیی هەبێت تەمسیلی بکات، هەموو حزب و جوڵانەوەیەک بەپێی پرەنسیپ و بەڵگە و ئەو وتوێژانەی لە کۆنگرەی نەتەوەیی دروست دەبێت، بەپێی ئەوە و بەپێی سیاسەتی نەتەوەیی پەیوەندی خۆیان دروست بکەن، نەک بە گوێرەی بەرژەوەندی حیزبی و بکەونە پەیوەندی.

پەیامی کورد، دەتواندرێت لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بدرێت بەهێزی هەرێمی و جیهان-یش. ئیتر کەس ناتوانێت کوردان بگەڕێنێتەوە دواوە، کۆنگرەی نەتەوەیی بەو دەوڵەتانە دەڵێت وەرن، سەرلەنوێ پەیوەندی خۆمان سەر راست بکەینەوە و چەند پرانسیپێك لەنێو خۆمان دابنێین، بەسە ئیتر ئەوەندە نکۆڵی لە ئێمە مەکەن، هەم لە رووی سیاسییەوە خۆتان ون دەکەن، هەم لە بواری سیاسی، جڤاکی، ئابووری زەرە دەکەن و شتێکی بێ کۆتاییە و ئەنجامی نییە، بەم شێوەیە بەرێوە ناچێت، وەرن ئێمەی کورد هەڵوێستمان یەکدەخەین و لەگەڵ ئێوەش پەیوەندییەکی راست و دروستی برایەتیی و دیموکراتیک دابنێین؛ ئەمەش گەر لە ستراتیژدا لێی بروانیت، لە بەرژەوندی دەوڵەتانی هەرێمەکەدایە، جارێکی دیکە یەکێتی کورد لە بەرژەوەندی هێزی جهانیدایە بۆ دیموکراتیزە بوونی رۆژهەڵاتی ناوین دایە، یەکێتی کورد هەم

بۆ سیستمی نوێی خۆرهەڵاتی پێگەیەکی گرنگی هەیە، هەم بۆ دیموکراتیزەبوونی خۆرهەڵاتی ناوین کاراکتەری سەرەکییە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێشبینی دەکەن ساڵی نوێ، کۆنگرەی نەتەوەی ببەسترێت؟**

سەرحەد وارتۆ: بەڕاستیی، هەوڵدانی ئێمە هەر هەیە، دەبینین کە هێز و جوڵانەوەی کوردیی سەنگی خۆی هەیە و لەو چوارچێوەیەدا تێکۆشانی ڕۆشنبیر و هونەرمەندی کوردان-یش هەیە و چڤاک بۆ خۆیشی گوشار دروست دەکات، هێزی جیهانیش دەخوازێت کورد یەک بێت، بەرژەوەندی کوردیش لەوەدایە. هیوا و باوەڕی ئێمە هەیە بەو خەباتەی لەم چوارچێوەیەدا دەسمان پێکردوە، باوەڕمان بەوە هەیە، کە ساڵی ٢٠١٧ هەنگاوی گرنگ بۆ دروست بوونی سیاسەتێکی نەتەوەیی و کۆنگرەی نەتەوەیی بنرێت، هیوادارین کە لە بواری کرداریدا ئەو هەنگاوە دەنرێت. پێشکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوین-یش ئەو دیاری دەکات، پێشکەوتنەکان شتەکان لەسەر کورد دەکات بە ئەرک و ئەگەر یەکێتی نەتەوەیی دروست نەکەین، ئەوا زەرەری گەورە دەکەین، نەک تەنها حیزبێک، بەڵکو هەموومان زەرەر دەکەین.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئەگەر هاتو هێزێك نەخوازێت چی؟**

سەرحەد وارتۆ: نامەێت ناوبەرم، کێ دەخوازێت یان ناخوازێت، لە ڕاستییدا مێژوو یەکێتی لەسەر ئێمە دەکات بە ئەرک، لەسەر هەموو هێز و جوڵانەوەی کوردیی و گەلی کورد دەکات بە ئەرک. پێویستە کورد چارەنووسی خۆی بەهیچ پارتێکەوە نەبەستێتەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئەگەر رونتربڵێم پارتی نەیەوێت بەشداربێت ئایا ئامادەن ئەو کۆنگرە ببەسترێت؟**

سەرحەد وارتۆ: واتە چارەنووسی کورد لە هەر پارتێک مەزنترە، چارەنووسی کورد لە هەموو هێزەکان مەزنترە، پێوستە هەموو هێزەکان و گەل فشار دروست بکەین، هەر کەسێک بێت بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی و هەرکەس ببێت بە پارچەیەکی سیاسەتی نەتەوەی، نەبێتە پارچەیەکی سیاسەتی نێودەوڵەتیی، نەبێتە پارچەیەکی سیاسەتی داگیرکەری، ئەگەر یەک دوو هێزیش نەهاتن، پێویستە کورد خۆی مەحکومی ئەوان نەکات، گەلی ئێمە و ئەو هێز و جوڵانەوانەی ڕاستی بەرژەوەندی نەتەوەیی و دیموکراتیک دەپارێزن، یەکێتی خۆمان دروست بکەین، ئەگەر ئەم یەکێتیە دروست ببێت، ئەوا دنیا نەک سەدی پەنجا، بەڵکو سەدی نەود زیاتر گوێ لە کوردان بگرن، ئەوەی نەیاتە کۆنگرەی نەتەوەیی لەوەیە سەدی سێ یان چوار بێت، ئێمە دەخوازین ئەوەش بێت، ئەگەر نەش بێت پێوستە کەس خۆی مەحکومی حزبێک نەکات.

**ئازادیی کۆمەڵگە: وتت هێزی جیهانی دەخوازێت یەکێتی نەتەوەیی ببێت، کێن ئەو هێزانە؟**

سەرحەد وارتۆ: هێزی جیهانی، هێزی ئەورووپی، هێزی دەرەوە، هەتا ئەمریکا و هەتا رووسیا، زۆر جاران باسی لێ وە دەکەن پێویستە یەکێتی کورد هەبێت، چونکە ئەگەر پرسی کورد چارەسەر نەبێت، ئەوا کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نابێت؛ پرسی ڕۆژهەڵاتی ناوین چارەسەر نەبێت ئەوا هێزی جیهانی هەردەم لەنێو ئاڵۆزی و گەنگەشەدا دەبن، بۆیە لەچارەسەرکردنی پرسی کورد دا، بەڵکو لە بواری تاکتیکیدا سودێکی دەبێت بۆ هێزی نێودەوڵەتی، بەڵام لە بواری ستراتیژی کە سەرەنج دەدەیت زەرەر دەکەن، چونکە پرسی کورد پرسی یەکەمی خۆرهەڵاتی ناوینە، واتە پرسی کورد سەدا سەد گەورەترە لە پرسی عەرەب – ئیسرائیل، لە بنەمادا لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، دەرکەوتنی هێزی توندڕەو، دواکەوتووی، دروست بوونی دیکتاتۆرییەت، ئەوانە گشتیی پەیوەندی بەپرسی کوردەوە هەیە، ئەگەر پرسی کورد چارەسەر ببێت، واتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوینێکی دیموکراتی دروست دەبێت. ئەگەر زەمینێکی دیموکراتی دروست نەبێت هیچ هێزێکی داگیرکەر هەبوونی کوردان پەسەند ناکات، هەر بۆیە دیموکراتیبوون دروست ببێت، پرسی کورد چارەسەر دەبێت، پرسی کورد چارەسەر ببێت دیموکراتی دروست دەبێت؛ کاتێکیش دیموکراتی نەبوو چی دروست دەبێت، ئەوا مەزهەبگەرایی و نەتەوەپەرستی دروست دەبێت، ئەو کاتە دەتوانن لە دژی کورد لەسەر پێ بووستن. لە تورکیدا ئاکەپە رژێمێکی مەزهەبگەرا و سەلەفی و نەژاد پەرست لەگەڵ مەهەبە دروست دەکات و لەگەڵ کوردان شەڕ دەکات. لەو رژێمەدا سەلەفی و داعش لە تورکیادا پێشدەکەوێت. ئەم کۆنەپەرستییە بۆ هەموو جیهان زەرەری هەیە، کێ دژی ئەم کۆنەپەرستییە وەستایەو شەڕی کرد، کورد بوو، یەکەم جار هێزی ئێمە بوو دژی ئەم کۆنەپەرستییەی داعش شەڕی کرد.

# فەرید ئەسەسەرد: پەکخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بەشێکی پەیوەندی بە پارتییەوە هەیە

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

**لایەنە سیاسییەکان رایدەگەیەنن: بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەبێت بۆ بەرژەوەندی باڵای هاونیشتمانی کوردستان بێت، نەک بەرژەوەندی حیزب و نە شوێنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای هیچ وڵاتێکی بیانی، بەڵکو دەبێت کۆنگرەیەک ببەسترێت پێکهاتەکانی کوردستان کریستیانی و تورکمان تیایدا بەشداربن. جەختیشدەکەنەوە: کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت ببێت بە دەزگایەکی دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنەکان.**

**ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، ئەگەر کورد لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیدا، نەتوانێت خۆی کۆبکاتەوە، ئەوا ناشتوانێت بەشداری کۆنگرەی نەتەوە جیا جیاکان ببێت.**



د. شوان قەڵادزەیی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە، ئاماژەی بەوەکرد «بەناوی خوای بەخشندەو و میهرەبان، کۆنگرەی نەتەوەیی چەندین قۆناخی باشی بڕیبوو، لیژنەی باڵای بۆ پێکهێندرابوو، چەندین لیژنە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دروستکران، ئێمە وەک بزووتنەوەی ئیسلامی ئەندامان لەو لیژنانەدا هەبوو، پێمانوایە گرنگە، کە کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە مەرجەعێکی سیاسی بۆ هەر چوارپارچەی کوردستان، بۆ ئەوەی هەر کێشەیەک هاتەپێشەوە ئەم کۆنگرەیە چارەسەری بکات. ئەم کۆنگرەیەش دەبێت بە رۆحێکی خۆماڵیانەی کوردستانیانەوە، لێی بڕوانین. هیچ کەسیش رۆحیەتی حیزبایەتی خۆی بەسەردا نەسەپێنێت، خۆمان خوێندنەوە بۆ یەکتر بکەین؛ پێمانوایە ئێمە دەبێت کێشەکانی خۆمان بەدەستی خۆمان چارەسەر بکەین، ئەویش لە رێگەی ئەم کۆنگرەیەوە دەبێت.

بەبێ کۆنگرەی نەتەوەییەیش، کێشە هەیە، ململانێی سیاسی بێتام هەیە لە باشوری کوردستان، بەدڵنیاییەوە لە رۆژئاوا و شوێنەکانی تریش هەیە و هەماهەنگی وەکو پێویست نییە. لەبەرئەوە بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی، ئێمە هەر لەسەرەتاوە بە پێویستمان زانیوە و پشتیوانیشی لێدەکەین، بەڵام بەو مەرجەی خوێندنەوە بۆ هەموو لایەک بکرێت و تیایدا بەشداربن.

د. شوان قەڵادزەیی، رەخنەی ئەوە دەگرێت کە نابێت هەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە کوردستاندا ببەسترێت، بەڵکو دەبێت کۆنگرەی یەک ببەسترێت، هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوییەکانی کوردستان تیایدا بەشداری بکەن، جەختیکردەوە: دەبێت کۆنگرەیەک ببەسترێت، کە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان تیایدا بەشداربن، کریستیانی و تورکمان و هەموو ئەوانەی لە کوردستان بوونیان هەیە، رۆڵیان تێیدا هەبێت، تەنانەت ئەو حیزبە کریستیان

و تورکمانانەش کە واژۆیان کردووە و پشتیوانیان دەربڕیوە، با تیایدا هەبن.

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، دەبێت هەمووومان کۆکبین لەسەر پێکهێنانی «ئەگەر هەمووومان کۆکبین، لەسەر بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڕۆحێکی کوردانەی ڕاستەقینە لێی بڕوانین و مەبەستمان بەرژەوەندی باڵای هاونیشتمانی کوردستان بێت، نەک بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و هەر حیزبێک چەند پشکی تیادا هەبێت، نەشبێتە شوێنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندای هیچ وڵاتێکی بیانی. ئەگەر بەو ڕۆحیەتەوە بێت، کۆنگرە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئێمەش ناچار نەبین، هەمیشە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان پەنا بۆ ئەو دیوسنورەکان و وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی جیهان بەرین. ئینجا بارودۆخەکەش، بەهەستیاری تێدەپەڕێت. ئێستا، ڕێکەوتنی سایکس- پیکۆ کە کۆتایی هاتووە، کورد نەهێڵێت جارێکی تر ڕێکەوتنێکی لەو شێوەیە دووبارە ببێتەوە.

ناوبراو، هێمای بۆ ئەوەشکرد، کە «لەناو چەکەدا ململانێی ئەمریکا، ڕووسیا و وڵاتانی ئەورپا هەیە و نەهێڵین کورد جارێکی تر کورد بگەڕێتەوە بۆ دواوە، کە بەداخەوە ئێستا خۆمان هۆکارێکین بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە، هەماهەنگیمان نییە، بەڵکو زۆرجار هەماهەنگی وڵاتانی ناوچەکە دەکەین، لەپێناو دژایەتی یەکتردا!

وتیشی: کۆنگرەی نەتەوەیی کورد، دەبێتە بەشێکی سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەکانی کورد. خۆ ئەگینا کێشە کۆتایی پێنایات، دەتوانین کێشە گەورەکان تیایدا چارەسەر بکەیەن، دەتوانین، بەلانی کەم کێشەکان تیایدا بچووک بکەینەوە و بەرەوچارەسەریان بەرین، نەهێڵین ململانێکان زیاتربێت، بەهۆی ئەم کۆنگرەیەوە ڕێگە بگرین لە ناحەزانی کورد لە هەر شوێنێکن. کۆنگرە دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت، کە لە بری زمانی گولە و زمانی ئاشتیی بە کاربهێندرێت و خوێنی یەک نەڕێژین.



فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بە ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، تا

## لە ناکۆکی لایەنە سیاسییەکاندا، کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت ببێت بە دەزگایەکی دیپلۆماسی کارا

ئەندازەیەکی زۆر هیچ هەڕەشەیەک لەسەر هەرێمی کوردستان نەماوە، بەتایبەتی پاش دەسپێکردنی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، کە بەرەو کۆتایی دەچێت و لەهەمانکاتدا بەرەو قۆناخی تێکشکانی یەکجارەکی داعش دەچین، لەبەرئەوە من پێموانییە لەم بارەیەوە هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت.

وتیشی: باس لە هەندێک تەرتیباتی سیاسیی دەکرێت، سەبارەت بە ناوچەکە، بەدڵنیاییەوە کورد خۆیشی بەشدار دەبێت لەو تەرتیباتە، بەڵام ڕەنگە ئەو ئەنجامانەی پاش داعش دێنە ئاراوە، بەو جۆرە نەبێت کە کورد چاوەڕێی دەکات؟ ئومێدێکی زۆر هەیە، کە کوردی سوریاش کۆمەڵێک دەسکەوتی گرنگ بەدەستبهێنێت، من پێموانییە لە رووی شکڵییەوە کۆنگرە بەتەنیا هیچ شتێکی پێ بکرێت؛ بۆ نمونە ئەگەر هەڕەشە لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت یان هەڕەشە لەسەر کوردی سوریا هەبێت، وەک ئەوەی لەمەوپێش هەبووە، ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیش ببەسترایە ئەوا کۆنگرە چی پێدەکرا؟ ئەم مەسەلانە پەیوەندی بە بڕیاری کۆنگرەوە نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین کارێکی وابکەین کۆنگرەی نەتەوەیی ببێتە مەرجەعێک بۆ هەموو پرسە نەتەوەییەکان، ئەمە بەدڵنیاییەوە کارێکی باش دەبێت. ئەو کاتە بۆ نموونە دەتوانین بڵێین: کۆنگرەی نەتەوەیی نوێنەرایەتیی هەموو گەلی کوردستان دەکات لەهەموو شوێنێک. بەدڵنیاییەوە، ئەمەش، کارێکی ئاسان نییە و قورسە!

فەرید ئەسەسەرد، جەختی لەوەکردوە: لە ناکۆکی لایەنە سیاسییەکاندا، کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت ببێت بە دەزگایەکی دیپلۆماسی کارا، بۆ پەیوەندی کردن بەلایەنە ناکۆکەکان و کارکردن و هەوڵدان

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە. لە رووی دیپلۆماسییەوە کۆنگرە دەتوانێت ئەمە ئەرکە جێبەجێ بکات، ئەویش لەو روانگەیەوە، کۆنگرە بەرژەوەندی تایبەتی لە پشتگیری و دژایەتیی هیچ لایەنێکدا نەبێت؛ لە هەمانکاتیشدا هەموو لایەنەکان رێزی لێدەگرن و دەتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێک کێشە هەیە بە کۆنگرەی نەتەوەییش چارەسەر ناکرێت. بۆ نمونە: ئەو کێشەیەی پەیوەندی بەقەیرانی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، من پێموانییە ئەگەر پێنج لایەنە سەرەکییەکە تائێستا خۆیان نەیان توانی بێت چارەسەری بکەن، رەنگە کۆنگرەی نەتەوەییش نەتوانێت چارەسەری بکات، بەڵام رەنگە لەسەر ئاستێکی نزمتر دەرفەتێک هەبێت، کۆنگرە بتوانێت هەندێک شتی لەم بابەتە بکات.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، کە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان نییە، وتیشی: ئەو دەسکەوتانەی کوردی عێراق بەدەستی هێناوە، من پێموانییە هیچ هەڕەشەی لەسەربێت، بەڵام ئێمە ئومێدی ئەوەمان هەیە لە عێراق دەسکەوتی ترمان، دەسبکەوێت. بە تایبەتی ئەوەندی پەیوەندی بە ناوچەکانی ماددەی ١٤٠-ەوە هەیە، ئەوەی کە کوردی سوریا لەم هەلومەرجەی ئێستادا بەدەستیان هێناوە، دەتواندرێت لەم قۆناخەدا پێیبوترێت دەسکەوت، بەڵام هێشتا چوارچێوەیەکی یاسایی دیاری کراوی نییە، لەبەرئەوە رەنگە ئەو دەسکەوتە کەم ببێتەوە و رەنگە بتواندرێت چوارچێوەیەکی یاسایی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە و بچەسپێندرێت. بەدڵنیاییەوە کوردی ئێران و کوردی تورکیا، هیچ دەسکەوتێکیان بەدەس نەهێناوە کە پێویست بە پاراستن بکات، ئەوان ئێستاش لە قۆناخی خەباتدان، کە باس لە دەسکەوت دەکەن، زۆرتر کوردی عێراق و سوریا دەگرێتەوە.

فەرید ئەسەسەرد، پێشیوایە لەم هەلومەرجەدا ئاستەمە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، رەخنەشی لە پارتی گرت کە بەشێک بووە لەوەی کۆنگرەی نەتەوەیی نەبەسترێت، وتی: من پێموایە

### کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت، ببێت بە زەمینەیەک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد

لەم هەلو مەرجەی ئێستادا رەنگە ئاستەم بێت، کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، چونکە بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە هەیە. ئێمە وەکو یەکێتیی کێشەیەکمان نییە و لەگەڵ ئەوەین ئەم کۆنگرەیە ببەسترێت، بەڵام ئەو هۆیانەی لە ساڵانی رابردوو بوونە هۆی پەکخستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، هەمان ئەو هۆیانە ئێستا ماون؛ بەشێکی پەیوەندی بە پارتیی دیمۆکراتیی کوردستان-ەوەهەیە. پارتیی ئەو لایەنەیە، هەم لەگەڵ چوار لایەنە سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان کێشەی هەیە، هەم لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکەی کوردی تورکیا کە پەکەکە یە، کێشەی هەیە، هەم لەگەڵ لایەنە سەرەکییەکەی کوردی سوریا کە پەیەدەیە؛ من پێوایە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە سیاسەتیی پارتییەوە هەیە. دەبێت کارێکی وابکرێت، ئەگەر ئەم کۆنگرەیە بەسترا، سەرکردایەتیی کۆنگرە بێلایەن بێت و سەر بەهیچ حیزبێکی سیاسیی نەبێت، بەڵام بەستنەوەی بە سەرکردەیەکی دیاری کراو و یاخود بەلایەنێکی دیاری کراو، ئەوا کارێکی وادەکات کۆنگرە زۆرتر لە خزمەت ئەو سەرکردەیە یان ئەو لایەنە سیاسییەدا بێت. تائێستا ئەمە یەکێکە لەو گرێیانەی کە هاتووەتە بەردەمی، چونکە هەندێک لایەن هەیە دەیەوێت سەرکردەکەی خۆی یان حیزبەکەی خۆی، ببێتە لایەنی زاڵ بەسەر کۆنگرە دا، ئەمەش بێگومان کێشەی زۆر دروست دەکات. ئەگەر کۆنگرەی نەتەوەیی کورد وەک نەتەوە یەککگرتووەکان بێت، هیچ سەرکردەیەکی سەر بە وڵاتێکی دیاری کراو، نەبووەتە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتووەکان. هەمیشەش بەشێوەیەکی خولەکی هەر چوار ساڵ یان هەر پێنج ساڵ جارێک، ئەو سەرکردایەتییە دەگۆڕدرێت. ئەگەر لای خۆیشمان، بتوانین سیستەمێکی ئەوا بۆ کۆنگرەی نەتەوەیی بچەسپێنین، دەتوانین کۆنگرە کە ببەستین و سەرکەوتووبێت، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشتر رێک نەکەوین، بە دڵنیاییەوە، ئەگەر کۆنگرەکەش ببەسترێت ناگەین بەهیچ.



غەریب حەسۆ، نوێنەری پارتی یەکێتیی دیموکراتیی (پ ی د)لە باشوری کوردستان، بە ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند: کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێت، ببێت بە زەمینەیەک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد، کاتێک کە دەسکەوتی گەلی کورد هەبوو، ئەوا پێویستە ئەم دەسکەوتانە بپارێزرێت و گەلی کورد خۆی یەکبخات، ئەو هەنگاوانەی هاوێژراون و دوژمن دەیەوێت بیگەڕێنێتەوە و ئەو دەسکەوتانەش خراپ بکات، ئەوکاتە پێویستە گەلی ئێمە لە دەوری دەسکەوتەکان ئیرادەی خۆی یەکبخات، ئەمڕۆ لە باکور دەسکەوت هەیە و لە ڕۆژئاوا دەسکەوت هەیە و بۆ ئەوەی زەمینێک دروست بێت و گەلی کورد لە ژێر چەترێکدا کۆبێتەوە کۆنگرەی نەتەوەیی و نیشتمانی ببەستێت. ئێستاش هێزە کوردییەکان لەسەر ئەم خاکە تێدەکۆشن و گیان دەدەن و لەگەڵ یەکن، جا پێشمەرگە بێت، یەپەگە و یەپەژە، گەریلا و یەژئا ستار دەبێت، هەرهێزێک بێت ئەوا ڕۆحمان یەکە.

نوێنەری پەیەدە، هێما بۆ ئەوەش دەکات، ئێستا هێزە کوردییەکان لە یەک سەنگەردا شەڕی دوژمن دەکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە کە ناکۆکییەکان وەلا بنێین، وتی: ئەمەی کە پێکەوە شەڕی یەک دووژمن دەکەین، واتە ئەوەیە کە زەمینەی کۆنگرەی نەتەوەیی دروست بووە، لە هەمانکاتدا ئەمە دەبێتە هۆکاری ئەوەی، کە ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان لایەنە کوردییەکان نەهێڵین، ئەگەر ناکۆکییەکان وەلانەنێین لە کۆنگرەدا، ئەوە مەترسییەکی گەورەیە. لە کۆنگرەی نیشتمانی و نەتەوەییدا بەرژەوەندی تەنگی حیزبایەتی نامێنێت، بەرژەوندی کەسایەتییەک نامێنێت، بەرژەوەندی بنەماڵە و خێزانێک نامێنێت، ئەوسا هەمووی دەکەوێتە خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی کوردستان و دەکەوێتە خزمەتی چڤاتی کوردستان، لەبەر ئەوەی یەک بڕیار دروست دەبێت، یەک هەڵوێست و یەک بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، دروست دەبێت و هاوسەرۆکایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دروست دەبێت.

ئاماژەی بەوەکرد»هەموو داگیرکارانی کوردستان ڕێکەوتن دەکەن، یەک دەگرن، بۆچی گەلی کورد ڕێکەوتن ناکات و کۆ نابێتەوە، چی کێشە یەکی ئێمە هەیە؟ با ڕێزی ئیرادەی گەلی کورد بگرین، تەنیا ڕێزی پارتێک مەگرن، ئەمە ناکەوێتە خزمەت گەلی کورد.»



تارا حسێن، جێگری هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) لەسەر لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد، بۆ هەستیاری قۆناخەکە کۆنگرەی نەتەوەیی بە پێویست و گرنگ دەبینێت. وتی:»بۆچی کۆنگرەی نەتەوەیی گرنگە، لەبەرئەوەی جاری یەکەمە، گەلی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستان، هەم خاوەنی هێزی سیاسییە، هەم خاوەنی هێزی پاراستنی خۆیەتی. لەو چوارچێوەیدا، لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد

**بێگومان ئەگەر ناکۆکی نەبێت، ڕەنگە هاتنە لای یەکتر ئاسان بێت و پێویستی بەو هەموو هەوڵو کۆششە نەبێت**

بووەتە خاوەنی هێزی پاراستنی خۆی، هەتا کورد هەنگاوێک بەرەو سەربەخۆیی و سەرکەوتنی زیاتر بڕوات، ئەوا چاوی دوژمنان و داگیرکەران زیاتر لەسەریەتی. ئەمڕۆش گەلی کورد چ لە ڕۆژئاوای کوردستان و چ لە باشوری کوردستان و چ لە باکووری کوردستان، خاوەنی کۆمەڵێک دەسکەوتی گرنگە، ئەو دەسکەوتانەش پێویستە بپارێزرێن، هەتا بۆ ئەوەی وەک دەرفەتە مێژووییەکانی تر لە دەسمان نەچن. چونکە قۆناخێکە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، بەبێ کورد چارەسەری پرسەکان مەحاڵن! بۆیە ئەگەر کورد لەم کاتەدا هەست بە گرنگی قۆناخەکە نەکات و یەکێتیی ماڵی کورد ئاوا نەکات و نەتوانێت لە چوارچێوەی بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا دەسکەوتەکانی بپارێزێت، ئەوا پێموایە هەلێکە جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، ڕەنگە دەسکەوتەکانمان پەرت

و بڵاوبن و نەتوانین بیینەوە بەخاوەنی دەسکەوتی مەزن.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەگەر

**بەهۆی بەرژەوەندی کەسییەوە ئاستەنگی بۆ بەستنی کۆنگرەیی نەتەوەیی کورد دروستکراوە**

سەربەخۆیمان بوێت یان خۆسەری دیموکراتیی یان دەوڵەتی نەتەوەییمان بوێت، لە هەر بەشێکی کوردستاندا، ئەوا دەبێت یەکێتییەکی نەتەوەییمان هەبێت، جەختیکردەوە: دەبێت یەکێتییەکی نێوان گەل هەبێت، لەهەر چوار لای کوردستان، بەو شێوەیە پشتیوانی بەشەکانی کوردستان بەدەسبێنێت. کاتێک دەبینین لایەنەکانی دەسەڵات لە باشوری کوردستان، دروشمی دەوڵەتی نەتەوەیی-شیان هەڵگرتێبێت، ئەوا بەبێ بوونی پشتیوانی هێزە کوردییەکان ناتوانن دەوڵەتی کوردیی رابگەیەنن؛ پێویستە ئەو لایەنانە لە گرنگی و پشتیوانی گەلی خۆیان و هێزە سیاسییەکانی کورد تێبگەن، نەک چاوەڕوانی دەوڵەتانی داگیرکەرو دراوسێ بن، دەوڵەتیان بۆ رابگەیەنن، چونکە ئەوەی گەرەنتی پاراستنی دەسکەوتەکان دەکات گەلی خۆتە.

تارا حسێن، وتیشی: بێگومان ئەگەر ناکۆکی نەبێت، رەنگە هاتنە لای یەکتر ئاسان بێت و پێوستی بەو هەموو هەوڵو کۆششە نەبێت. لە رابردوودا چەندین جار هەوڵدراوە بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، بەڵام بەفیتی داگیرکەران و دەستێوەردانی دەوڵەتانی داگیرکەر، ئەم هەلانە لەبار براون. بەگوێرەی دەسکەوتەکانی گەلی کورد، ناکۆکییەکان بچوکن و دەتواندرێت وەلا بنرێن، هەر بۆیە پێویستە ئەو هێزانە بێنە لای یەک و ناکۆکییە لاوەکییەکانیان وەلانێن، بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی کۆنگرەی نەتەوەییدا، کۆمەڵێک هێڵی سوور دابنێن و کۆمەڵێک پرەنسیپی هاوبەش و مەبدەئی هاوبەش دابنێن. هەندێک وادەزانن کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە هەموان بن بە حیزبێک، نا، بەڵکو کۆنگرەی

**وادەزانن کۆنگرەی نەتەوەیی ببنە حیزبێك**

نەتەوەیی، واتایی ئەوەیە، کورد ببێتە خاوەن مەرجەعێک و لە چێوارچێوەی ئەو مەرجەعێتەدا کۆمەڵێک هێڵی گشتیی سنووردار بکات، بۆ نموونە: هێڵی پەیوەندییەکانی لە چوارچێوەی دونیای دەرەوەدا. کۆنگرەی نەتەوەیی، تەنیا کۆنفرانس یان کۆنگرەیەک نییە، پێویستە دوەری بێت و بەردەوام بێت.

جێگری هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی، ئەوەشی خستەروو: ئەگەر کورد لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیدا، نەتوانێت خۆی کۆبکاتەوە، ئەوا ناشتوانێت، بەشداری کۆنگرەی نەتەوە جیا جیاکان ببێت.



د.یوسف محەمەد سادق، سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە میانەی پێشوازیکردن لە شاندێکی هونەرمەندانی هەر چوار لای کوردستان، رایگەیاند: مایەی خۆشحاڵییە، هونەرمەندانی کوردستان، ئێستا پێکەوە لە خەمی پرسە گرنگەکانی کوردستاندان.

د.یوسف محەمەد، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە بەهۆی بەرژەوەندی کەسییەوە ئاستەنگی بۆ بەستنی کۆنگرەیی نەتەوەیی کورد دروستکراوە، جەختیکردەوە: پێچەوانەی هەوڵی لایەنەکان، چەندین ساڵە لەمپەر دروست دەکرێت بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی، ئەوەش هەوڵی کەسانێکە، کە بەرژەوەندی شەخسییان رێگرە لە تەبایی و پێکەوەیی نەتەوەیی.

سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی خستەڕوو: پێشمەرگە و شەڕڤان و هونەرمەندان، بە خوێن و هونەرەکەیان ئەو سنورەیان شکاند، کە داگیرکەران کێشابوویان، بەڵام هەوڵێک هەیە، جارێکی تر ئەو سنورانە دروست بکرێنەوە.

*بۆ ئەم راپۆرتە چەندین جار، پەیوەندی بە بەرپرسانی پارتییەوە کرا، بەڵام بەردەست نەبوون.

# یەکێتی نەتەوەیی و کۆنگرەی نەتەوەیی



ئازادیی کۆمەڵگە
ڕێبوار ڕەشید/ هاوسەرۆکی کەنەکە

هۆکار فرەن کە بوون بە هۆی پارچەبوون و پاشان داگیرکردنی کورد و کوردستان . بەڵام دەتوانین پێ دابگرین کە سیستەمی فیوداڵیی، ئاغایەتیی و دەرەبەگایەتیی و عەشیرەتیی کە لە کوردستان لە دواکەوتووترین شێوەکانییدا هەبوون، هۆکاری یەکەمن. ئەم سیستەمە کە لە بەر هەر هۆیەک بێت لە شوێنێک لە مێژوودا وای هەڵبژاردووە کە پشت لە خۆی و روو لە دوژمن بێت، کوردستانی دووچاری قەیرانێکی نیشتیمانپەروەریی/ وڵاتپارێزیی کردووە کە لە مێژوودا وێنەی نییە.

هەڵبژاردەی سرووشتیی دەبا لە شوێنێکی مێژوودا لە کوردستان ئەوە بایە کە دەسەڵاتدارانی کورد، کە بەتایبەتیی بریتیبوون لە ئاغا و دەرەبەگ و سەرۆک عەشیرەت، بە خوێندنەوەیەکی ئەزموونی گەلان و مێژوو، لانی کەم لە بەر خاتری دانی کەمترین زەرەر، روویان لە یەکتر بکردایە و پشت لە داگیرکەر. بەو شێوەیە پاش ماوەیەک بناخەیەک لە متمانەیان بە یەکتر دروست بکرایە کە دەسەڵاتێکی ناوەندیی لە ناو کورددا دروست بووایە وا کە لە مەیدانی نیشتیمانپەروەرییدا بەرامبەر بە سیستەمی داگیرکەریی بووەستێت و ببێت بە تەرەفی ئەو داگیرکارییە. ئەو هەنگاوە لە زۆر رووەوە دەیتوانی مێژووی کورد و کوردستان بگۆڕێت.

بە داخەوە، کارێکی وا نەکرا و بەو شێوەیە دەسەڵاتی داگیرکەر لە کوردستان زۆر لەوە بەهێزتر و خۆسەپێنەرتر مایەوە کە عادەت لە سیستەمی کۆلۆنیکراو گەلی جیهاندا دەبینرێت.

> **لە ناو خولگە سەرەکیەکەشدا پشت بە چینی هەژاران و جووتیاران، بە جەوانانی خەڵکی ئاسایی و بە ژنان و بە کۆی خەڵکەکە نەبەستراوە،**

توێژینەوەی هەموو ئەو بزووتنەوانەی لە بەشی جیاوازی کوردستان بەرپابوون نیشانی دەدەن کە کەمترخەمیەک لە دڵسۆزیی و گیان لەسەردەستیی خودی خەڵکی کورددا نەبووە. خەڵکی ئاسایی کورد هەمیشە، دیارە بە حوکمی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە لە سەریان، خوازیاری جۆرێک لە خەبات و تێکۆشان بوون. گرفتە سەرەکیەکانی ئەو بزووتنەوانە لە ناو رابەرایەتیی و دەسەڵاتداراندا بووە.

دەسەڵات و قەڵەمڕەویی رابەران یان دەسەڵاتدارانی ئەو بزووتنەوانە هەمیشە لە ناو مەداری خولگەیەکی زۆر خۆماڵییدا، نەک سەرانسەریی کوردستانیی، پەخش بووە. وەفادارانی سەرەکیی ئەو بزووتنەوانە لە ناو ئەو خولگە خۆماڵییەدا بوون. لە دەرەوەی ئەو خولگە خۆماڵییە وەفادارییەکە هەم لە رووی چەندایەتییەوە کەمی کردووە و هەم لە رووی چۆنیەتییەوە. ئەم هاوکێشەیە بە هاسانیی دەبینرێت کە بە پێی دووریی لە مەداری خولگە خۆماڵییەکە وەفاداریی کەمتر و کەمتر بووە، تا دوورتر لاوازتر. تا وای لێهاتووە کە خەڵک لە هەبوونی ئەو بزووتنەوەیە تەواو بێ ئاگا بوون، یان بێ دەربەست ماون یان بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداوە کە بە شێوەیەک بێت بە باس.

لە ناو خولگە سەرەکیەکەشدا پشت بە چینی هەژاران و جووتیاران، بە جەوانانی خەڵکی ئاسایی و بە ژنان و بە کۆی خەڵکەکە نەبەستراوە، بەڵکو دەست راگەیشتن بە وەفاداریی ئەوان لە ڕێگای ئاغا، دەرەبەگ یان سەرۆک

عەشیرەتێکەوە بووە کە ئەویش بە دڵنیاییەوە وەفادارییەکی قووڵ و جیددی و گیانی بەگیانی نەبووە، بەڵکو لە چوارچێوەی ترس و زۆر و ناچاریدا بووە. خەڵکی گشتیی ناو دەسەڵاتێکی بچووک ناچاربوون کە مل بەو دەسەڵاتە بدەن و بە پێی ئەو هەڵسوکەوت بکەن.

ئەگەر خەڵک بە گشتیی، لە ناو خولگەی سەرەکیی دەسەڵات و تا ڕادەیەکیش لە دەرەوەیدا، وەفادارییەکیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە هەبووبێت زیاتر خۆشەویستیەک بووە بۆ خودی رابەری بزووتنەوەکە، یان وەفادارییەکی تا ڕادەیەک ئایینی/ مەزهەبیی/ ناوچەیی. خزموخزمایەتیی و ...هتد. یاخود بریتیی بووە لە هەستێکی نیشتیمانپەروەریی سەرەتایی بەرامبەر بە داگیرکەرێک کە فرە نەیار و نەناسراو و نەخوازراو بووە.

لایەنێکی خراپی وابەستەیی ناوچەبوون ئەوەیە کە هەندێک جار مەزهەبی پێڕەوکراوی ئەو ناوچەیە وای هەڵبژاردووە کە گوێ بە بەشێکی دیکەی کوردستان نەدا تەنها لەبەرئەوەی مەزهەبێکی دیکەیان پێڕەو کردووە. چەندین جار ڕووی داوە کە تەنانەت دژایەتیی یەکتریشیان کردووە و لە یەکتریان کوشتووە یان لایەنی بەهێزتر کۆمەڵکوژیی دژ بە لایەنێکی دیکە کردووە. هەروەها ئەوەیش ڕووی داوە کە بە هۆی هاوبەشیی مەزهەبەوە زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر کۆک و هاوپەیمان بوون وەکوو لەوەی ڕوو بە ناوەوە و لەگەڵ یەکتر بکەونە هاوپەیمانیی و هاوسەنگەرییەوە.

بەو شێوەیە دەبینین کە هەموو بزووتنەوەکانی ناو کوردستان لە بنەڕەتدا بە مانای کوردستانییبوون سەرانسەریی نەبوون، بەڵکو تەنها ناوچەیی و ناوچۆکەیی بوون. هەرئەوەیش نەبووە کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی خۆیان ناوچەی تایبەت بە خۆیان بپارێزن، بەڵکو دژایەتیی یەکتریشیان کردووە وا کە دەسەڵاتی داگیرکەر هەمیشە کەڵکی تایبەتیی لەو ناتەبایی و لاوازیی و لێکترازان و پەرتەوازەییە وەرگرتووە.

ئەم تێگەیشتن و هزرە لە ناوچەی خود جۆرێک لە ڕەتی ناوچەگەریی لە کوردستان دروست کردووە کە زێدی نیشتیمان مانایەکی نەماوە یان هێندە لاواز بووە کە بێ مانا ماوەتەوە. لە شیعری کلاسیکی کوردی و هەندێک بەیت و بالۆرەی فۆلکلۆرییدا ئەو گازەندە و هاوار و فیغانە دەبیستینەوە کە ڕۆشنبیرانی سەردەم، ئەوانەی لە چەمکی کوردستانیبوونەکە حاڵیبوون، دژ بەو جۆرە لە هزری ناوچەگەریی دەریان بڕیوە، بەڵام بە داخەوە بێهوودە.

> **مرۆڤ تا ناهۆشیار تر بێت زیاتر ئالوودەی ناوچەگەریی دەبێت**

ئەم هزری ناوچەگەرییە سەرئەنجامی فرە خراپی لە سەر ڕێکخستن هەبووە. ساختارێک بۆ ڕێکخستن تەنیا لە چوارچێوەی سنووری ئاغاواتیی و عەشیرەتیی و مەزهەبگەرییدا هەبووە و ئەویش بە پلەی یەکەم تەنها ناوەندی دەسەڵاتی گرتووەتەوە. خەڵک بە گشتیی بەشێک لەو ساختارە نەبوون.

کاریگەریی خراپی دیکە بەئەژمارن. هزری ناوچەگەریی، بۆ نموونە، متمانە لە ناو خەڵکدا ناهێڵێت، وەفادارییەکان لە ئاستی نیشتیمانیی/ وڵات ەوە دەبات بۆ خوارێ بۆ پێکهاتەی زۆر بچووک، هەندێک جار بۆ ئەو ئاستەی کە مرۆڤێک بەرامبەر بە پارەیەکی مانگانە چەک دژ بە خەڵکی خۆی هەڵ دەگرێت و دەبێت بە بەشێکی زۆر کاریگەر لە چاو و لە گوێ و لە دەست و لاقی داگیرکەر. نموونە زۆرن کە کەسان هەبوون لە داخان و لە خەفەتان و لە رک دژ ″بە ئەوی دیکە″ بووە بە بەشێک لە ماشێنی داگیرکەریی.

هزری ناوچەگەریی پریمیتیف (سەرەتایی) هەروەها ئاستی هۆشیاریی دەهێنێتە خوارێ بۆ سەر ئاستێک کە مرۆڤ لە بەردەم لووتی خۆی زیاتر نابینێت. ژیانی ″ئەوی دیکە″، ژیان و خۆشیی و شادیی و ئایندەی ″هاونیشتیمانییەک″ هیچ مانایەکی نابێت. ئەسڵەن چەمکی ″هاونیشتیمانیی″ مانایەکی نابێت.

مرۆڤ تا ناهۆشیار تر بێت زیاتر ئالوودەی ناوچەگەریی دەبێت، بە شێوەیەکی وا کە پاش ماوەیەک هەر خانەوادەی خۆی و ئەگەر زۆری بۆ بێت تەنیا خودی خۆی دەبینێت. کاتێک مرۆڤ لەو ناهۆشیارییەدا بژی ئامادەی فرۆشتنی هەموو جۆرە بەهایەکی ″ئەوانەی دیکەیە″ تا دەگاتە نزیکترین لە کەسی خۆی. لەو پێوەندییەدا ڕەووشتێکی گشتیی، ویژدانێک، دینێک یان خودایەک نامێنێت. ئەوەی دەبێت و بایەخی پێ دەدرێت پارەیەک یان دەستکەوتێکی کەسییە. ناهۆشیاریی سیاسیی ڕەنگە گەورەترین دەردی کوشندە بێت بۆ مرۆڤ چون ئاستی تێگەیشتنی لە دەوروبەر دەباتە

ئاستی دڕندەیەک (نەک ئاژەڵ!).

لە ئوروپا لە هەناوی سەدەی ناوەڕاستەوە کە بریتی بوو لە دەسەڵاتی ڕەهای پادشایەتی و مەزهەب و ئاغاواتی سەردەمی ڕێنێنسانس (ڕۆشنگەری) لە دایک بوو. سەردەمی ڕۆشنگەری تەکانێکی گەورەی بە تاکەکەس و کۆمەڵگەدا وەئاگابێن و داوای مافی خۆیان بکەن. ئیدی تاکەکەس دەیتوانی هەڵبژێرێت کە بە هەموو وەڵامێک ڕازی نەبێت و پرسیاری زیاتر بکات. بزووتنەوەی ڕۆشنگەری تێگەیشتنی تاکەکەسی بەرفراوان کرد. تێگەیشتن لە دەسەڵات، لەڕەهایی یان لە چوارچێوەداریی دەسەڵات، پێوەندییەکانی نێوان تاک و خودا، دووریی نێوان کڵێسا و تاکەکەس و پێوەندییەکان، مافەکانی تاکەکەس، خزمەتگوزاریی گشتی و ...هتد. لەو چوارچێوەیەدا، هەروەها تێگەیشتنی نوێ لە پانتایی و سنووری نیشتیمان دروست بوو. لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە دەستکەوتی هزر و تێگەیشتن لە خود و لە چواردەور زیاتر و زیاتر دەبێت. پرسەکانی سەبارەت بە تاکەکەس، ژنان، هاووڵاتیبوون، هاونیشتیمانییەتی، خزمەتگوزاریی گشتی، مافی مرۆڤ و ...هتد باشتر و باشتر وەڵام دەدرێنەوە.

لە سۆنگەی ئەم جیهانبینییەوەیە تێ دەگەین کە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستان بەتایبەتی لە چل ساڵی رابردووەوە بە دوای وەڵامی جیددیدا دەگەڕێت. پرسەکانی وەکوو "یەکێتی نەتەوەیی"، "کۆنگرەی نەتەوەیی"، "سیستەمی کۆلۆنیالیزم"، "چەمکی نیشتیمانپەروەریی/ وڵاتپارێزیی"، "پێشکەوتووخوازیی/ سیکولاریزم، پلورالیزم و دیموکراسی" و ...هتد چییە و چۆن لێیان تێ بگەین و چۆن لە پراکتیکدا بیانخەینە ژیانەوە، لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی کورددا لە ئارادان.

سەرەڕای قوربانیدانی بێوێنە و شەڕی شۆڕشگێڕیی شایەنی باسە هێشتا هەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی کوردستان بەو

> **ئەوی پێویستە بکرێت ئەوەیە کە هاوتەریب کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان هەبێت**

شێوەیە لە کار و خەباتی دژ بە سیستەمی کۆلۆنیالیستییدا نین کە پێویستە. هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە هێشتا ماشێنی هۆشیارکردنەوەی سیاسیی خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان ئەو هێزەی نییە کە بتوانێت لە هەموو شوێنێک بێت. هێشتا هزری ناوچەگەریی، ئاغاپەرستیی و عەشیرەتچیەتیی بە شێوەی جیاواز و ئاستی جیاواز هەیە و زەرەر لە خەباتی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان دەدات. هێشتا دەسەڵاتی داگیرکەر سوود لەو دواکەوتوویە هزرییە دەبینێت و دژ بە خەباتە ئازادیخوازییەکە بەکاری دەبات.

بەگشتیی پێداگرتنێکی چەوت نییە ئەگەر بڵێین کە یەکێتی نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کوردستان دروست بووە و بەرەوپێشەوە دەچێت. شەونەخونیی کرماشان و سنە و ئیلام و مهاباد و بۆکان و ورمێ و باقی ڕۆژهەڵات بۆ کۆبانی و بۆ ڕۆژئاوا و هاوکاریکردنیان، یاخود بە هەمان شێوە بۆ باشووری کوردستان کاتێک کە لە دەست دەسەڵاتی ئێراقی رزگار بوو، یان پێکهاتنی هێزێکی پاراستنی گەل لە تێکەڵاویەکی بەرچاوی کچان و کوڕانی کورد لە چواربەشی کوردستان، هاوکارییکردنی ئێزیدیی و عەلەویەکان و ناوبردنی کەکایی و یارسان و شەبەک و زەردەشتیی و ...هتد لە چوارچێوەی سیاسیی و ئازادیخوازیدا، پێوەندییەکی توندوتۆڵ و زۆر بەژیانی ناو دیاسپۆرای کوردیی لە دەرەوەی کوردستان و سەدان نموونەی دیکە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە یەکێتییەکی نەتەوەیی لە ناو خەڵکی کوردستان و پێکهاتە جیاوازەکانییدا دروست بووە و بەرەو بەهێزبوون و پتەوبوون دەچێت. لەو بارەوە هەروەها کاردانەوەی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمیش دەبینین، وەکوو سنووربەزاندنەکانی تورکیا و ئێران بۆ ناو بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ئەوی پێویستە بکرێت ئەوەیە کە هاوتەریب کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان هەبێت کە زۆرینەی حیزب و پارت و ڕێکخراوە و تاکەکەسەکانی کوردستانی تێدا کۆببێتەوە. لە ئێستادا ئەوە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" ١٨ ساڵە کار و خەبات بۆ ئەو دەسکەوتە دەکات. ژمارەیەکی بەرچاو لە حیزب و پارت و ڕێکخراوە و تاکەکەسان هەر ئێستا بە دروستییەوە لە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" دا جێ دەگرن. بەو شێوەیە توانراوە سیستەمی ناوچەگەریی و ئەقڵیەتیی ناوچەگەریی، ئاغایەتیی و مەزهەبسالاریی و عەشیرەتگەریی زیاتر بشکێنرێت. وەکوو ئەوەیش گرنگ کە خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان بە ڕاستیی ئازادیخوازانە بێت، هۆشیارانە بەرخورد و رەفتار بکات، لە رووی تاکتیکیی و ستراتیژییەوە روون و ڕەوان بێت، بواری دیپلۆماسیی پێش بخات،

ناوەڕۆکی خەباتە ئازادیخوازییەکە پێشکەوتووخواز و مرۆڤپەروەر بکات وا کە مافی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان و پێکهاتە جیاوازە ئایینیی و مەزهەبییەکان و ئەوانی دیکە دەستەبەر بن و لەگەڵدا بن، نەک لە دەرەوە بن یان لە دەرەوە بهێڵرێنەوە.

هەروەها بە ناسینی ئازادیی و بەرابەریی بۆ ژنان، ڕێزگرتن لە ژینگە و لە بوونەوەرەکان ئەوا ناوەڕۆکی پێشکەوتووخوازیی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازییەمان زیاتر دەوڵەمەن بکەین و تەنانەت بیکەین بە نموونەیەکی بەرچاو لە بەردەم مرۆڤایەتیی پێشکەوتووخوازدا.

هۆشیارکردنەوەی تاکەکەس، هۆشیارکردنەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و بەرفراوانکردنی چەمکی "نیشتیمان/ وڵات" و بەهێزکردنی چەمکی "هاونیشتیمانیبوون" و پاراستنی جۆرەکانی ناسنامەی کۆمەڵایەتیی و ئەتنیکیی و مەزهەبیی و ئایینیی و ...هتد بە مەبەستی بەهێزکردنی کۆنسێنسوسێکی دیسەنترالیزە، واتە هاوڕەزامەندیی/ هاوڕێککەوتنێکی ناناوەندگیر وا کە هەمووان بتوانن ڕۆڵی خۆیان لە ژیانێکی ئازاددا ببین، ئەرکێکی هەنووکەیی سەرشانمانە کە دەبێت بەو پەڕی وەفاداریی و جیددیەتیی سیاسییەوە بە ئەنجامی بگەیەنین.

شایانی باسە و دەبێت بگوترێت کە هێشتا "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" نەیتوانیووە ببێت بە گۆڕەپانی زۆرینەی حیزب و پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان، بەتایبەتیی ئەوانەی لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازیی کوردستاندا ناو و مێژوو و ئەزموونکیان هەیە. ئەوانەی تا ئێستا نەهاتوون تەنیا خۆیان دەتوانن وەڵامی دروست بە پرسیاری "بۆ نەهاتن" بدەنەوە. ڕەنگە هەندێک هۆ دروست بن و هەندێکیش لە خەیاڵ و خۆدوورگیرییدا دروستکراو بن. هۆیەکان هەرچیەک بن دەبێت بتوانرێت باس بکرێن و کۆنکرێت ئاماژەیان پێ بکردرێت و بە دوای چارەسەرکردنیاندا پەیگیریی بکرێت.

ئەوی دەتوانرێت بگوترێت ئەوەیە کە بەشدارییکردن لە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" دا هیچ کات ناتوانێت زەرەرمەند بێت، بەڵکو کۆمەک بە بەهێزکردنی هزری دیموکراسیی دەکات و دیالۆگێکی سیاسیی پێشتر دەخات و بەو شێوەیەش ڕەهەندەکانی لێکتێگەیشتن دەخاتە بەر باس و سەر مێزی گفتوگۆ و ژێر ڕۆشناییەکی بەرفراوانتر. بەشداریی لە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" دا چەقی تێڕامان و دیدگای سیاسیی بەرفراوانتر و تیژتر و ئایندەبینتر دەکات. هاوشانی هەموو ئەمانە دەبێت بە مایەی شکاندن و لەناوبردنی ئەو بیری ناوچەگەریی و ئاغایەتیی و عەشیرەت پەروەرییەی کە لە مێژە بووە بە داردەستیی سەرەکیی دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم لە کوردستان.

**ئێستا کوردستان لە ناوجەرگەی شەڕێکی گەورەوگرانی کۆنەپەرستییدایە. تەنیا هیوایەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین هەبێت خەباتی ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازی خەڵکی کوردستانە**

لەو ڕووانگەوە جێی خۆیەتی ئەوانەی تا ئێستا نەهاتوون، بێن و بەشدار بن. لەو بەشدارییەدا هیچ لایەنێک ناتوانێت هیچ جۆرە زەرەرێک بکات. پەیڕەو و پرۆگرامیی نزیکەی هەر هەموو حیزب و پارت و ڕێکخراوەیەکی ناو بەشەکانی کوردستان باس لە پێداویستیی نەهێشتنی ئەو نەخۆشیانە دەکەن کە تا ئێستا زەرەریان لە خەباتی ئازادیخوازیی کوردستان بە قازانجی داگیرکەران داوە. "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" باشترین و کاریگەرترین مەیدانە بۆ ئەو هەڵمەت و تێکۆشانە.

هەر ئێستا کوردستان لە ناوجەرگەی شەڕێکی گەورەوگرانی کۆنەپەرستییدایە. تەنیا هیوایەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین هەبێت خەباتی ئازادیخواز و پێشکەوتووخوازی خەڵکی کوردستانە. جێی خۆیەتی و دەبێت هەموو تاکەکەس و لایەنێک بە پشك و توانای خۆی بەشداریی تێدا بکات.

لەو بارەوە پێویستە هەموومان بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی فرەلایەنتر و گشتگیرتر و چالاکتری "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" تیبکۆشین.

# ئیمڕالی گوانتانامۆی ڕۆژهەڵاتی ناوینە



ئازادیی کۆمەڵگە
سەردار ستار

لەمێژووی گەلی کوردستان بۆتە نەریتێک کاتێک شۆڕش و سەرهەڵدانەکان گەیشتوونەتە ئاستی سەرکەوتن، لەلایەن زلهێزەکان ڕووبەڕووی لەناوبردن و توانەوە دەبنەوە، لە سەرەتای سەدەی بیست لەلایەن زلهێزەکانی جیهان چەندین جار ئەمە دووبارە بۆتەوە، نمونەکانی شێخ محمود و شێخ سەعید، دواتریش سەید ڕەزا و سمکۆی شکاک، لەدوای شەڕی جیهانی دووەم بەهەمانشێوە لەبەرامبەر کۆماری کوردستان لەمهاباد، دواتریش لەبەرامبەر جوڵانەوەی بارزانییەکان، سەرەڕای گۆڕانکاری لە هەلومەرجی جیهان، بەڵام سەبارەت بەکورد هیچ شتێک نەگۆڕدراوە، ئەوەشمان لە جوڵانەوەی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ باشتربینی، بێگومان بە کۆتایی هێنان و پاکتاوی جەستەیی ڕێبەر و سەرکردەکانیش، بزووتنەوەکەیان تراژیدییانە کۆتایی هێنراوە.

پەیوەندی و سیاسەتی زلهێزەکانی جیهان لەبەرامبەر هێزە سیاسیە کوردییەکان و گەلانی بندەست بەگشتی لەسەربنەمای بەکارهێنان و خستنە خزمەتی خۆیان بووە، نمونەی سۆڤیەت و کۆماری کوردستان هێشتاش جێیەکی بیرنەکراوی لە یادەوەری نەوەکانی دواتردا هەیە و هێشتاش زیندووە. بەهەمانشێوە هەلوێستی ئەمەریکا و وڵاتانی ناوچە لە ڕێکەوتننامەی جەزائیردا. ڕۆژنامەوانێک لە شای ئێران دەپرسێ چەندت پێویستە بۆ ئەوەی بیر لە دەستبەردان لە کوردەکان بکەیتەوە وتی « چەند خولەکێک» ئەمە نەبوونی کورد نە لە تاکتیک و نە لە ستراتیژی هێزەکانی ناوچەکە و جیهان دا نیشان دەدات ئەگەر کورد خۆیان خاوەن ستراتیژی نەبن. بەواتایەکی تر هەڵوێستی زلهێزەکان لەبەرامبەر گەلی کورد چ کاتێک

**ئەو پیلانگێڕە لەئاستێک دابوو، بەگوێرەی بەڵگەکان زیاتر لە ٣٢ دەوڵەت لەو پیلانە بەشداریان کردوە**

بەرژەوەندیان وبستوبەتی پشتگیرین کردووە کاتێک هاوسەنگیش گۆڕاوە، بێگومان پشتیان کردۆتە بزووتنەوەو شۆڕشەکانی کوردستان.

دواین پیلانگێڕی و گەلە کۆمە لەبەرامبەر شۆڕشی کوردستان بێگومان لەبەرامبەر ڕێبەری شۆڕشی کوردستان بەڕێز ع.ئۆجالان بووە لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩. لەگەڵ ئەوەی پیلان و هەوڵی تریش پێش ئەو بەروارە لەبەرامبەر بزووتنەوەی پەکەکە هەبوویێت، بەڵام لە ١٥ی شوبات بە دیل گرتنی بەڕێز ئۆجالان ئەنجامگیر بوو. زلهێزەکانی جیهان و دەوڵەتە داگیرکەرەکانیش چاوەڕێ بوون کە دوای دیلگرتنی ڕێبەری شۆڕش، ئیدی شۆڕش کۆتایی دێت، بۆ ئەمەش ڕۆژ و مانگیان ئەژمارد.

قەبارەی ئەو پیلانگێڕە لەئاستێک دابوو، بەگوێرەی بەڵگەکان زیاتر لە ٣٢ دەوڵەت لەو پیلانە بەشداریان کردوە، هەمانکات تەواوی دەزگا سیخوڕی و هەواڵگیرییەکانی زلهێزەکان، لەگەڵ دەزگای سیخوڕی ناتۆ بە نهێنی بەناوی «گلادیۆ». دەست لەپشت دانی ئەو زلهێزانە وایان کردبوو کە تورکیا هاربێ و لە ٩/١٠/ ١٩٩٨ بڕیار بدا و هێرش بکاتە سەر سنورەکانی دەوڵەتی سوریاو هەڕەشەی شەڕ لەشام بکات. ڕاستە دەوڵەتی تورک پێش ئەو ڕێکەوتە چەندین هەوڵی تری دابوو، بەڵام هەموو هەوڵەکانی مایە پووچ دەرکەوتبوون لەبەرامبەر سەرکردایەتی شۆڕش.

پێناسەی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لەلایەن

گەلی کوردەوە بە رۆژی رەش ئاستی تاریکی ئەو رۆژە بۆ کورد نیشان دەدات، ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕانی کوردستان بە دیلکەوتنی رێبەر ئاپۆ وەک زەبرێکی قوڵتر لە بزووتنەوەکانی پێشوویان دەبینی، هەموو هیواکانی خۆیان لەو شۆڕشەدا بینی و بۆ چەند رۆژێکیش بێت هەستی شکستێکی تر لە لایەک و تورەییەکی کۆنترۆڵ نەکراو لە لایەکی تر سەرتاپای کوردستان و دەرەوەی وڵاتی داگرت. هەرکەس لەگەڵ خۆی ئەم پرسیارەی دەکرد، رووبەڕووی هەمان چارەنووسی رابردووی دەبینەوە؟

وەك چۆن لەسەرەتا ساڵانی حەفتاوە بزووتنەوە شۆڕشگێڕە تازەکە، بەجیاواز و نوێبوونەوە هاتبووە مەیدان، هەمانکات رەوتێکی تازەش بوو لە خەباتی نەتەوەیی و دیموکراتیدا، ئەمەش وای کردبوو کە هیوایەکی زیاتر بداتە کۆمەڵگەی کوردستان، بێگومان تەواوی ئەو مرۆڤانەی لەو تێکۆشانە شوێنیان گرت جیاوازبوون، واتا شۆڕشێکی نوێ بە نەوەیەکی نوێ و بەکادیری نوێ. خاڵی هەرە سەرەکیش ئەویش پشت بەخۆ بەستن، لەسەر پێی خۆ وەستان، بەخۆ پاراستن. ئەمە بنەمای سەرەکی ئەو بزووتنەوە نوێگەر و سەربەخۆ و ئازادیخوازەبوو کە زلهێزەکان نەیاندەتوانی دەستەمۆی بکەن، هەمانکات بیخەنە خزمەت بەرژەوەندیەکانیان، راستە ئەمە باری شۆڕشی گرانتر کردبوو، بەڵام وای کردبوو کە رەگ و ریشەکەی داکوتێت، ئیدی لەکوردستان دار بەڕوپەک ئەڕوێنرا، هەر رۆژ رەگەکانی زیاتر رۆدەچووە ناخی وڵات.

• ئیمڕالی شوێنێکی نامۆ بە گەلی کورد:

دەوڵەتی تورك دوای یەکلابوونەوەی شەڕی لەگەڵ یۆنانەکان لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی رابردوو، دوورگەی ئیمڕالی لە دەریای مەڕمەڕە کەوتە سەر کۆماری تورکیا، لەدوای ساڵانی پەنجا وەك زیندان بەکارهات، سەرەتا بۆ عەدنان مەندەرێسی سەرۆك وەزیرانی ئەوکات و دواتریش بۆ هونەرمەندی ناوداری کورد یەلماز گونەی، ئەوە سەلمێنراوە کە ئەوەی بچێتە ئیمڕالی ناگەڕێتەوە، واتا ئیمڕالی زیندانی مەرگی هێواش و لەسەرخۆیە بۆ ئەو کەسەی لەوێ بەند دەکرێت. کاتێك رێبەر ئاپۆ دەسگیرکرا یەکسەر هێنایان و بردیانە ئیمڕالی، بەوپێیە دەبێ بزانین کە ئیمڕالی پێشوەختە ئامادەکرابوو.

**کاتێك ساڵی ١٩٩٩ دێنینەوە بیرمان، ئەو دەسکەوت و تێکۆشانەی لە ئیمڕالی ئەنجامدراون لە خەیاڵ دەچن**

بێگومان مانەوە لە دوورگەیەکی ناو دەریا بۆ ئەو مرۆڤەی هەموو ژیانی لە وشکانی بەسەر بردبێ سەختە، چ جای بۆ رێبەری شۆڕش. هەمووومان ئەوە ئەزانین کاتێك ماندیلا بەند کرا لە باشوری ئەفریقا لە هەرەتی لاویەتی دابوو، بۆیە کاتێك لە زیندان دەرکەوت تازە کامڵ دەبوو، بەڵام پێچەوانە رێبەر ئاپۆ لە تەمەنی کامڵی دیل گیرا، بۆیە بارودۆخی زیندان بۆ ئەو سەختترە.

ئیمڕالی بۆ مردن و پووچ کردن و بێ کاریگەرکرن و لەناوبردن بونیادنراوە، هەروەها تاکو بتوانرێت گۆشەگیری بەردەوام و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگە. ئەوەش دەزانین تاکو بتوانن لە رێگەی شەڕی دەروونیەوە بتوانن کاربکەنە سەر بڕیار و شێوازی بیرکردنەوەو بێ توانا کردن. لەوانەیە نەتوانین هەموو ئەو بەرخودانی و هێز و توانایەیی لە ١٨ ساڵی مانەوەی رێبەر ئاپۆ لە زیندانی ئیمڕالی نیشانبدەین، یان بە زەحمەت گوزارەی لێبکەین، بەڵام پێویستە چەند ئاماژەیەك بەو هێز و ئیرادە شۆڕشگێڕیە بکەین، ئەگەرنا لە رۆحی شۆڕش لەماوەی ئەو ١٨ ساڵە تێناگەین.

١- رێگا کردنەوە لەبەردەم دەستپێشخەریەکی سیاسی و دیموکراتی، ئەویش بە گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی شۆڕش، لە ستراتیژیەتی شەڕ بۆ ستراتیژیەتی ئاشتی، لە دابڕان بۆ پێکەوە ژیان، لە دوژمنایەتی بۆ برایەتی، لەهێرش بۆ خۆپاراستن.

٢- پێداچوونەوە بە هزر، فەلسەفە، ئایدیۆلۆژیا، سەر لەنوێ داڕشتنەوە، دیاری کردنی هێڵی تێکۆشان، دەستنیشان کردنەوەی دینامیزمەکانی شۆڕش ئەوانیش ژنان و گەنجان.

٣- دەرگا کردنەوە لەبەردەم سیاسەتی دیموکراتی، دانوستاندن، کردنی زیندان بە ناوەندێك بۆ گوڕدان بە شۆڕش.

کاتێك ساڵی ١٩٩٩ دێنینەوە بیرمان، ئەو دەسکەوت و تێکۆشانەی لە ئیمڕالی ئەنجامدراون لە خەیاڵ دەچن، چونکە لەژێر دەستەی و لە کونجی زیندانی تاکەکەسی و لەناو دەریا، کارێکە لەمەحاڵ ئەچێ، بۆ مرۆڤێکی ئاسایی بێگومان مەحاڵە، ئەوەی رێبەر ئاپۆ نیشانیدا لە ١٨ ساڵی زیندان ئیرادەی لە رادە بەدەری مرۆڤێکە نەك تەنها توانی بەرخودان بکا و بەچۆک دا نەیەت بەرامبەر دوژمن،

هەمانکات داگیرکەرێکی وەك دەوڵەتی تورکیشی هێنا سەر مێزی گفتوگۆ. مەحاڵی کردە واقع.

• پرۆسەی ئاشتی و ڕۆڵی ئیمرالی:

ئەگەر شەڕی چەکداری لە باکوری کوردستان لەبەرامبەر دەوڵەتی داگیرکەری تورك وەك کارێکی شێتانە بەناو دەکرا، بەهەمانشێوە، هیچ کەسێکیش باوەڕی نەدەکرد پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتیانە بگاتە ئەو ئاستەی کە شاندی دانوستاندنی شۆڕش و داگیرکەر لە ئیمرالی لەسەر مێزێک کۆببنەوە و باسی چارەسەری پرسی کورد و بەرەوپێش بردنی دیموکراتی بکەن لە تورکیا. ئەگەر پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا لە نەورۆزی ١٩٩٣ بەئاگربەستی یەکلایەنە لە لوبنان دەستی پێکرد لەسەردەمی تورکوت ئۆزال، ئەوا لە نەورۆزی ٢٠١٣ لە ئامەد لەناو دوو ملیۆن کوردستانیدا گەیشتە ترۆپک، لەبنەڕتدا شۆڕشی ئاشتی سەرکەوت. ئەوەی پرسیاری ئەوە بکات ئاگربەست و دانوستاندن و قۆناخی ئاشتی چی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەوا وەك دواین نمونە بۆ بەڵگەیەکی بەرچاو دەبێ بزانێ چۆن هەدەپە ٨٠ کورسی پەرلەمانی هێنا، دەبێ لە بەرخودانی و هێزی تێکۆشانی ئیمرالی تێبگات.

• بێچارەی ئەردۆغان و هەوڵەکانی بۆ جاڕدانی شەڕ و دیکتاتۆریەت بوون:


درێژترین ماوەی ئاگربەست و دانوستان و دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتەکەی ئەردۆغان بووە، لە ٢٠٠٢ تاکو ٢٠١٥، ئەگەر لەو نێوانە جار جارێك هەندێك شەڕ و تێکهەڵچوونیش ڕوویدابێ، بەڵام ئەنجام بە ئاگربەست کۆتایی هاتووە. لەهەر یەك لەو ئاگربەست و دانوسانانە شۆڕش دەسکەوتی گرنگی دەست کەوتوە، زیاتر لە ١٠٠ شارەوانی، سەرکەوتن و چوونەوە بۆ پەرلەمان لە ٢٠٠٧و سەرەتا بەدەستهێنانی ٢٢ پەرلەمانتار پاشان ٣٦ و دواتریش ٨٠ کورسی پەرلەمان و بوونە هێزی سێیەم لەپەرلەمان دا، سازدانی دوو پارتی یەکیان بۆ تەواوی تورکیا، یەکیان تەنها بۆ باکوری کوردستان و پێگەیاندنی کادیر، بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی و دامەزراندنی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی وەك پەرلەمانی باکوری کوردستان و سەدان دامودەزگای مەدەنی و خزمەتگوزار و نیشتمانی، سازدانی بەهەزاران کۆڕ و کۆنفرانس و ناوەندی وێژەیی و هونەری و ئەکادیمی.

> **لەمانگی نیسانی ٢٠١٥وە تا ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠١٦ هیچ دیدارو چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز ئۆجالان نەکراوە**


ئەردۆغان و فاشیزمی تورکی ڕەش نەیانتوانی بەرگەی ئەو هەموو سەرکەوتن و دەسکەوتانەی شۆڕش بگرن بەڕێگای ئاشتی، بۆ ئەمەش سەرەتا لە ڕێگای بەهێزکردن و فینانسکردنی داعش و هێزە شۆڤینزمەکان بەناوی جیاجیاوە و لەژێر پەردەی ئاینی ئیسلام و مەزهەبی سوونە هێرشی کردە سەر دەستکەوتەکانی گەل. ئەنجامی سەرکەوتنەکانی بەرەی شۆڕش دەریخست کە ڕژێمەکەی ئەردۆغان و هێزە چەتەکانی داعش شکست دێنن، بۆ ئەمەش ئەردۆغان یەکەمین کاردانەوەی لەبەرامبەر دانوسان و پرۆسەی ئاشتی بوو لەئیمراڵی، ئەمەش بەکاردانەوەی پەسندنەکردنی گەڵاڵەنامەی دۆڵمە باخچە بوو، تێکدان و بڵاوەپێکردنی شاندی دانوسانی دەوڵەت، فەرمانی هەڵایسانەوەی شەڕ. هەرچەندە بەرەی شۆڕش چاوپۆشی کرد لە کۆمەڵکوژی کاتی هەڵبژاردنەکانی ئامەد، دواتر پیرسوس و هەموو ئەوانەی تری بەدوای دا هاتن، بەڵام بەرەی دوژمن گوڕی بە شەڕدا. سەرئەنجام ٢٤ی تەموزی ٢٠١٥ خولێکی نوێی شەڕ بەدەستپێشخەری ئەردۆغان دەستی پێکردەوە.

لەمانگی نیسانی ٢٠١٥وە تا ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠١٦ هیچ دیدارو چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز ئۆجالان نەکراوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو پێنج کەسەی گوازرابوونەوە بۆ ئیمرالی دوو کەسیان دوور خرانەوە، ئەو گۆڤار و پەرتوك و پێداویستیە ڕۆژانەیانەش هەموویان ڕاگیران یان زۆر کەمکرایەوە. ئەردۆغان بە فەرمی گوتی» پرۆسەیەك بەناوی ئاشتی نیە، دانوسان و گفتوگۆ نیە، هیچ گەڵاڵەنامەیەك نیە». ئەردۆغان بەنیاز بوو لەپرۆسەی ئاشتیدا ڕێبەر ئاپۆ تەسلیم بگرێ و بگاتە ئاستێك بڵێ با گەریلا چەك دابنێ، کاتێك ئەنجامی نەگرت ئەوکات دەبێ بزانرێت یەکەمین هێرش بۆ سەر بەرەی شۆڕش لەلایەن ئەردۆغانەوە کرایە سەر ڕێبەر ئاپۆ، واتا ئەردۆغان دەیویست ئەوەی لە پرۆسەی ئاشتی دۆڕاندویەتی لەشەڕدا بەدەستی بخاتەوە. بۆیە ئەوانەی شۆڕش بە دەستپێکردنەوەی شەڕ بەناو دەکەن لەبنەڕتدا دوژمنایەتیەکی سەرسەختی ڕێبەر ئاپۆ دەکەن، هەمانکات دوژمنایەتی ئەردۆغانیش لەبەرامبەر گەلی کوردستان پەردەپۆش دەکەن.

لەئێستا کە بەرەو ١٨مین ساڵی دیلێتی ڕێبەر ئاپۆ دەچین، بێگومان ئیمرالی




نەخشەی دورگەی ئیمرالی




وێنەی گرتوخانەی گوانتانامۆ

گوانتانامۆی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، ئەگەر گوانتانامۆ بۆ ئیسلامە توندڕەوەکانی دوای ساڵی ٢٠٠١ دروست بوو، ئەوا ئیمرالی زووتر دروستکرا، ئەگەر لە گوانتانامۆ سەدان گیراو هەبوون، ئەوا لەئیمرالی ماوەی ١٤ ساڵ هیچ کەسێکی لێ نەبوو جگە لە ١٥٠٠ سەرباز لە هێزی تایبەت و پاسەوانەکان و کارمەندانی زیندان، ئەوانیش هەموویان بەشێکن لەکادیرانی شەڕی سایکۆلۆژی بۆ لە هێزخستنی ڕێبەر ئاپۆ.

ئەردۆغان بە ڕێکەوتنی لەگەڵ دەوڵەت باخچەلی واتا ڕێکەوتنی ئەکەپە و مەهەپە، هەروەها گۆڕینی دەستور بۆ سەرۆکایەتی و تاك حیزبی و جاڕدانی شەڕ و پێداگری لەسەر دیکتاتۆریەت، هەمانکات ئەو گۆشگیری و سیستەمی ئەشکەنجەیەی لەسەر ئیمرالی بەڕێوەی دەبات، نیشانەی ئەوەیە کە ئەردۆغان لەدەرەوەی شەڕ و ماڵوێرانی و کوشتن و بڕین هیچ ڕێگایەکی تری نەهێشتۆتەوە.

لەدیداری ڕێبەر ئاپۆ لە ١١ی ئەیلولی ساڵی پار گوتی؛ ئێوە تێکۆشانی خۆتان بەڕێوەبەرن و خەمی منتان نەبێ، چونکە من سەد ساڵی تریش لێرەبم کەس ناتوانێ بمخاتە ژێر کاریگەرییەوە. ئەم وتەیە پڕمانا و هێزی بەرخودانە، چونکە ڕێبەر ئاپۆ چەندین جار ئەوەی گوتوە؛ من ئازادم، ئێوە تێکۆشان بۆ ئازادی خۆتان بکەن نەك بۆ من، لەبنەڕتدا ئەو قسەیە زۆر ڕاستە، چونکە ڕۆح و مێشك و هزری ئازادی ناتوانرێ زیندانی بکرێ، ئەوا ئێمەین لەدەرەوەین، بەڵام لە ڕاستیدا هزر و ڕۆح و مێشکمان زیندانی کراوەو ناتوانین بۆ ئازادی خۆمان و گەلەکەمان ببینە ئەو هێزەی گۆڕانکاری و پێشکەوتن بئافرێنین و ئیرادەو هێزی تێکۆشانبین.

نەک تەنیا وەفادارییەک بۆ ئەو دۆخە دەگمەن و بێ وێنەیەی ئافرێنەریی ڕێبەر ئاپۆ بەڵکو وەک کەسانێک کە هەڵگری هەمان بیر و باوەڕین گرنگە کە ئازادی هزر و ڕۆح و هەبوونمان بە ئازادی ئەوەوە ببینین و بیکەینە پێوانەی ئازادی و شۆڕش و تێکۆشان، ئەمەش وادەکات داگیرکەری ئەردۆغان و داعش و هێزە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوەکانی ناوخۆش سەرنەگوم بچن و گوانتانامۆی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش ئیمرالی ببێتە مۆزەخانەیەك کە سەرکەوتنی شۆڕشی ئازادی و دیموکراتی تێدا ئەنجامدراوە.

# شەنگال زەلامێ نەخوش و دەستهەلاتا سولتانێ تورانیزمی قەبیل ناکەن...!



ئازادیی کۆمەڵگە
اكرم خالد عبدالكريم(سەيد اكرم)/دهوك

شەنگال «شەنگال، سنجار، شوینەوارێ جوان، وارگەهێ جوانێ، روگەهێ جوانیا...» ئەڤەیە ناڤێ وی جهی، ئەو سنجاقا(٧٢) حەفتێ و دووئەنفال(قرکرن) دیتن، نەخاسم ل سەردەستێ سولتانێن تورانی و شاهێن ئیرانی و نەژاد تورك پەرست و خەلیفەیێن بسلمان، دوماهیك كوم كوژیا ڤی مللەتی(کوردێن ئێزدایی) دیتی ل سەردەستێن خیلافەتا داعشی(دەولەتا ئیسلامیا عێراق و شامی) ل ٢٠١٤/٨/٣ز، کودبیتن فەرمانا(٧٣)، ل سەر سەرێ گەلێ مەیێ ئێزدی و نەخسم ل شەنگالێ...قەزایا شەنگال دکەڤیتن رۆژئاڤایێ باژێرێ میسل، ل باکورێ ناحیا قەیرەوان، هندەك برگێن فلمێ ناڤدارێ ناڤدەولەتی( طارد الارواح) ل ڤی باژێری هاتینە وێنە کرن، هندەك شارەزا و دێروگڤان، دێروکا ڤی باژێری دگەل دێروکا سەفینا نوح پەیامبەری گرێددەن، دبێژن ل دەمێ سەفینا(پاپورا) نوحی، هاتیە سەرڤی چییای، دەنگەك هات و گووت ((ئەڤە سن جەبەل جار، یانی ددانێن چیایێ سنجار(شنگار) شنگال)، دبێژن سولتان سنجرین مەلك شاهی، کورێ خو کرە سولتانێ شنگارێ، دێروکا ڤی باژێری ڤەدگەرهیتن بو بەریا(٣٠٠٠ پ . ز)، سولتانێ خوراسانی د دێروکا وێ دا دبێژە، باژارەکێ کەڤنار و دێروکیە، سنجار، زنج:- یانی بانیا رەش، سنجا جوان، شەنگە = جوانی....دەولەتا ئەمەویا ئیسلامی(١٢- دوازدە هزار سوارێن ئیسلامی هنارتنە سەر ڤی باژێری و داگیر کر، ئەڤ باژێرە ما لبن دەستهەلاتا وان تاکو شەرێ زابێ مەزن(شەرێ ئێکلایی کرنا ناڤبەرا دەستهەلاتا ئەمەوی و عەباسیان)، بسەروکاتیا مەلك مەروانێ دووێ، دەستهەلاتا وان(ئەمەویان) شکەست و دووماهیك بدەستهەلاتا ئەمەویان ئیناندی...ل سالا ٧٥٠ز).

گرنگترین باژێرێن سەربڤێ سەنجەڤێ(قەزایێ) ئەڤەنە(( سنونێ، تلبەنات، تل قەصب، دەهولا، وەردیە، بورەك، خانە سورا، دوکورێ، خرابیازار، زوراڤا، کەهبل، تل عەزیز، شەهیبا شێخ عوزێر، کروزك، تل عوزێر...)) هەردیسانێ گەلەك گوند ژی دکەڤن سەر ناڤەندا شەنگالێن وەکی((گوندێ کوچوو، حاتیمیە، رمبوسا، کرشك، حەردان، گرشەنگ، دەهولا، گوندێ تابوسا.....)).

یا زانایە داعش ل رۆژا ٢٠١٤/٨/٣ز، هێرشەکا هوڤانە کرە سەرباژێرێ شەنگال و دەوروبەرێن وێ، ل دەمەکێ زور کێمدا داگیر کر و کوشتن و کوشتارگەهێن مەزن ل ڤی باژێری و دەوروبەرێن وی دانە هاژوتن، ب دەهان هزرا کەچ وکورێن ئێزدییان گرتن وکرنە سەبایە و ل مەزادخانەیا بئەرزانی، کرین و فروشتن پێ دهاتن کرن، ئەڤە دبیتن مەزنترین و بێ هەتکبەرترینا کریارێن نەمروڤاتی، هەمبەری بهایێن مروڤاتیێ و نەخاسم هەمبەری مروڤێ ئێزدایی، ل ڤی سەردەمی دا هاتینە پەیادەکرن، ئەڤ رەوشا نەمروڤاتی ل سەرگەلێ مەیێ ئێزدی بەردەوام بویە تاکو رۆژا( ١٣ ئابێ ٢٠١٥ز) جارەکا دی هێزەکا پێشمەرگەی، گەریلایێن پەکەکە، شەرڤانێن ئێزدی و بپشتەڤانیا هێزێن ناڤدەولەتی، بسەروکاتیا ئەمریکا، جارەکا دی شەنگال هاتیە رزگارکرن.

ل ڤێرە زور یا گرنگە بێتنە گوتن، ل سالا٢٠٠٣ز لپاش رزگاریا عێراقێ، ژ رژێما بەعسیا سەدامی، پارتی دیموکراتی کوردستان، تاکە هێزبویە دەستهەلاتا شەنگال و دەوروبەرێن میسل(یێن دەرڤەی ئیدارەیا هەرێمێ) لبن دەستهەلاتا خودا مەلساندین و برێڤە دبرن، وەکی لێدوانێن وان یێن فەرمی(٢٥٠٠٠)بیست و پێنج هزرا پێشمەرگە، دگەل هێزێن پولیس و ئاسایشێ...پرانیا هێزێن هاتینە تەرخان کرنن دکرن(٥٠٠٠٠)پێنجی هزار چەکدار، هندەك سەرچاوە و سەرەکانیێن جودا جودا، هێزێن چەکدارێن هاتینە تەرخان کرن بو شەنگالێ، مەزن دکەن ژ(٧٥٠٠٠ بو

١٠٠٠٠٠) حەفتێ و پێنج هزار بو سەد هزار چەكداری، یانی ب هزارن چەكدار هاتبونە تەرخان كرن، بو پاراستنا شەنگالێ...ل ڤێرە پسیار ئەوە گەلا ئەرێ چاوان دبیتن ل دەملدەست و ژ نشكەكێ(٣٠٠)سێ سەد چەكدارێن داعشی، بكارن ل دەمەكێ زوی و ژ نشكەكێ، سەدان هزار چەكداری بشكێنن و(٤٥٠٠٠٠)چارسەد و پێنجی هەزار هاوولاتیان تار و مار و دەربەدەر بكەن، دەڤەرەكا هوسان مەزن و ل ڤی دەمێ كێم دا ئەنفال بكەن و كوشتارگەهان بسەرێ خەلكێ واندا بینن...!!

- كومكوژی، دەڤوك و رامان....!!

كومكوژی یانی سیاسەتا رێكخستی یا دەولەتێ و پێرابونا وێ بكومكوژی و هەتكبەریێن بكوم و تاكێن كوما بئەرمانجا ژناڤبرنێ هاتیە وەرگرت و ببەرنامە رێژی قركرن دناڤدا هاتیە دوماندن، یانی كومكوژی و هەتكبەریێن دەرحەقێ كومێن نەتەوەیی، دینی و رەگەزی، دژی كومێ یان پشكەكا كوما مروڤان ل سەربنیاتێ رەگەزی و دینی و ئەتەنی یان سیاسی...دهێتن پولێن كرن وەكی (گونەهباریەكا ناڤدەولەتی)،

**دێروكا مروڤاتیێ یا تژییە ژ قركرن و كومكوژی و هەتكبەرییێن دێرووكی**

نەتەوێن ئێكگرتی دهەڤپەیمانیەكێ دا ل سەر بهەڤهاتن ل سالا١٩٤٨ز و ل سالا١٩٥١ز هاتیە دوارێ بجهكرنێ دا، (٢٠)بیست دەولەتان دەنگ ل سەردایە، پاشی(١٣٣)دەولەت ل سەر رازیبوینە و دەنگ داێ، وەكی ئێكەتیا سوڤیەتیا بەرێ ل سالا١٩٥٤ز و ویلایەتێن ئێكگرتییێن ئەمریكی ل سالا١٩٨٨ز، ئەو دەولەتێن عەرەبی یێن خودایە دگەل(سعودیە، مصر، عێراق، ئوردن، كوێت، تونس، مەغریب، سوریا، لیبیا...)، دیسان(٥٠)پێنجی دەولەتا دەنگ نەدایێ وەكی، قەتەر، ئیمارات، عومان، موریتانیا، تشاد... دڤێ هەڤپەیمانیێ دا ل دویڤ مادێ(٢)دووێ، كومكوژی ئێكە ژڤان گونەهباریێن ل خارێ دێ بكورتی دەینە دیار كرن، كومەرەم ژێ قركرنەكا نەتەوەیی، دینی، رەگەزی، سیاسیی....چ بكوم بیتن یان بمەرەما قركرنا تاكێن ڤان كومان بیتن، یانی داسەپاندنا ئێكێ ژڤان رەوشتان:

١- كومكوژی یا ئەندامێن كومەكێ.
٢ - گەهاندنا ئێشاندنا بڤەیی بو جەستە یان دەرونێ كومەكێ. ٣- تەپساندنا كومەكێ بو بن بارو ورەوشەكا گرانا بارێ ژیانێ.
٤- داسەپاندنا نەبونا زاروكا(نەزوكی) دناڤا كومەكا مروڤاندا. ٥- ڤەگوهاستنا زاروكان بزوری ژ نەژادەكی یا ن ژ كوما وان بو نەژادەكێ یان كومەكا دی.

دێروكا مروڤاتیێ یا تژییە ژ قركرن و كومكوژی و هەتكبەریێن دێرووكی، لێ ئەو كومكوژیێن هاتینە تومارکرن و ڤەبرین بتنێ ژ چاخێ(نوزدێ و بیستێ) و بسەردا بخوڤە دگرن و هاتینە تومارکرن، ئەڤ تومارە ژی وەكی تومارەكا رەوشی(وەصفی) نەهاتینە تومارکرن و هژمارتن، بەلكی وەكی تومارەكا یاسایی(دادوەری)هاتینە توماكرن و هەژمارتن، ژبەرهندێ ئەڤ كومكوژی و هەتكبەریێن مروڤاتی، وەكی گونەهباریەكا مەدەنی(سڤیل) ناهێنە هەژمارتن، بەلكی وەكی كریارەكا كومكوژی و هەتكبەریەكا بكوما هەرفتەیی هەمبەری مروڤاتیێ هاتیە پەیادە و هەژماركرن، چ دەرهەڤێ كومێ یان دەرهەڤێ تاكێن كومێ بیتن.

دادگەهێن ناڤدەولەتی دەرحەڤێ كومكوژیێن روەندیان دەرحەڤێ بوسنیان دا، دئێكەمین بجهكرنا خودا، پەیمانێن ناڤنەتەوەیی ل سالا١٩٩٨ز دادگەهێن ناڤدەولەتی گونەهبارێن روەندی بهەتاهەتایی حوكمداینە، ژ وانان سەروكێ حوكمەتا روەندی(جان كیمباندا)، ئەو ژی پشتی وی بخۆ دانپێدانا خو و ل

**ناڤدارترین كومكوژی ئەون یێن نازییێن ئەلمانی داینە برێڤەبرن**

سەر زمانێ خو دایە راگەهاندن، ل سەر وان گونەهباریێن وی دژی گەلێ توتسی، كومكوژی دان پێدان دایە ئاشكاكرن.

- چالاكیێن كومكوژیێ....!!

ناڤدارترین كومكوژی ئەون یێن نازیێن ئەلمانی داینە برێڤەبرن، ئەو ژی وان زێدەی(١١)یازدە ملیون كومكوژیێن مروڤاتی ئەنجام داینە، پشكا هەری زورا وان ئەڤ كومكوژییە دژی یەهودی، سلاڤی، شیویعی، متلیون، سەقەتا(پەك كەڤتیان)، بەرهنگاریان، سیاسیان، قەرەچا، گەلەك خەلكێ دی داینە بەر كوم كوژیان....نمونێن كومكوژیێن چاخێ بیستی و بسەردا، دڤان خالێن خارێ دا بكورتی دێ دەینە هەژمارتن:

١- كومكوژیێن ل سەرئەرمەنیان هاتینە پەیادە كرن.
٢- كومكوژیێن سیڤو. ٣-كومكوژیێن سێمێلێ. ٤- هولوكوستێن(سوتنێن) ل سەرجوهیان(یەهودی یان). ٥- كومكوژیێن سربرینیستا. ٦- كولبا هولو

و دومور. ٧- کومکوژییا صەبرا و شاتیلا. ٨- کومکوژییا حەما. ٩- کومکوژیێن روەندی. ١٠- چالاکیێن نفشی ل سەر بوسنیا. ١١- ژێکچونێن دارفوری. ١٢- کوشتارگەهو هەتکبەریێن ئێزدیان ل سەردەستێ داعش. ١٣- کومکوژیێن بسلمانێن رونجیار ل ئاراکان ل بورما. ١٤- کومکوژیێن ئەمریکیێن ئەصلی(هنود حمر). ١٥- کومکوژیێن هێروشیما و ناکازاکی. ١٦- چالاکیێن ئەنفالێن رەشێن(حزبا بەعس) ل سەرکوردان. ١٧- کوشتارگەها کیمیا بارانا هەلبەچە.

**گەلێ ئێزدی مافێ چارەنوسێ خۆ هەیە، بو کەسێ دی نینە ل جهێ وان ب چارەنوسێ وان باخڤیتن**

(( پەرتوکا نوسەر و توێژەر(خەلدون سالم الیاس) ل سەردێروکا گەلێ(ئێزدی)، ئەمریکا و الاباده الثقافیة( Http:ll www. ahjzeeranet l knowledgegate l books l ٢٠٠٩ /١/٩ )).

• گەلێ ئێزدی مافێ چارەنوسێ خۆ هەیە، بو کەسێ دی نینە ل جهێ وان ب چارەنوسێ وان باخڤیتن و گەفا لێ بکەتن.....!!

گەلێ ئێزدی گەلەکێ رەسەن و خودان دین و نەتەوێ خوبخوی یە، گەلەکێ باوەردار و تاکپەرستە، ژبلی وێ ژی گەلەکێ پاك رەسەنە و ئێزدایی و باوەردارە، دانپێدانێ بوێ ژی دکەن ئێزدای(خودای) حەفت مەلەك، وەکی هاریکار و جهگرێن وی هەنە، بونا راپەراندن و هاریکاری یا بجهکرنا فەرمانێن خودائی، دیانەتا ئێزدایی رێبەرێن خویێن روحی و خوبرێڤەبەری ژی هەنە، شێخ حەسەن، شێخ ئادی، شێخ شەمەسەدین....وەك پەیامبەر و ئیلهام بەخشێن دیانەتا ئێزدائینە، پەرتوکێن وانێن پیروز(( مەصحەفا رەش و جەلوا...))، سەروکانیا دینانەت و ئایات و حەدیسێن وان یێن دینی دناڤا خودا دپارێزن و رێبەرێن وان یێن دینە ژی دبنە سەروکانیا ئیلهام و رێنمایێن دیانەتا وان...دەقێن وان یێن دینی و شەریعەتی دناقەفەسا سبنك و دناڤا هزرو بیرێن زانایێن وان یێن ئولی و جڤاکی دا هاتینە پاراستن و دهێنە هونین دبیرەوەری و رێورەسم و رێڤەچونێن دینی و نەخاسم دناڤا جەژن و سەرسالێن وان دا.

ئەڤ گەلە ژبەرکەڤناری و رەسەنیا وان هەیە، کەڤتینە بەرهەوێن قرکرن وژناڤبرنێ و نەخاسم دهەو و ڤەکرنێن ئیسلامی دا، دەڤەرێن کوردستان و میزوبوتامیا بگرە ژ حەلەبێ تاکو میسل و کەرکوك، چەمچەمال و تاکو کێلەشین و هەکاری و شەرنخێ، تاکو دگەهیتن ویلایەتا ئامەد و ماردین و ئورفایێ....درەسەنێ خودا ژکوکا دیانەتا ئێزداییەنە، ئەڤ دەڤەر، دەڤەرەکا زور گرنگ و ستراتیژیك بویە، نەبتنێ دوارێ لەشکەری و جیوسیاسی دا، بەلکی بئابور و شوناسەیێ خویێ مروڤی زور زەنگین و تژی سەروەتا مادی و مروڤی بویە، ژ بلی وێ ژی ئەڤ دەڤەرە دبیتن جەرگێ دونیایێ و سێ قارەیێن مەزنێن(ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقیا) پێکڤە گرێددەتن...لەومانێ ل دەمێ هەوێن لەشکەرێ ئیسلامێ ژبیابانا هشك و جەهالەتێ، بسەر دەڤەرێ دا هاتین، ئەڤ دەڤەرە وەکی ئەرمانجەکا ستراتیژیك و هەمەلایەن وەرگرت و هەژمارت و کرە بەراهیکا ئەرمانجێن خوە، ژبەرهندێ بەردەوام هەوێن قرکرن و ژێبرنا نفشی دانە هاژوتن و ئەنفال کرنا ڤێ دەڤەرێ وەکی پلانەکا دوومدرێژ و ستراتیژیك لبەرخودانا، دبەرئەنجامی دا(٧٢)حەفتێ و دوو ئەنفال(هەوێن قرکرنێ) ل سەردەڤەرێ دانە هاژوتن و قرکرنا گەلێ ئێزدایی بسەرکی ترین ئەرمانج وەرگرت، راستە ل سالا٢٠٠٣ز و بسەردا، دەڤەرێن وان کەڤتن بن دەستهەلاتا وێ دەستهەلاتێ، یا دگوتنێ(حوکمەتا هەرێما کوردستان)، لێ ژڤێ سالێ تاکو سالا٢٠١٤ز، ڤێ دەستهەلاتێ دحامداریا خودا ل سەرڤێ دەهرێ، کارەکا نەتەوایەتی و کورد رەسەنی و مرووڤ پەروەری نەکر، دەستەهلاتەکا گەندەل، دزوجەردەچی، مافیاوی بن دیوار و دەستهەلاتا شەخصەنە و بنەمالی و شەخصی کری، بنەماك و کوکا نەتەوبی بێکجارەکی بسەرکدا هەرفاندیە، کارەکێ وەسان نەهاتە کرن، خەلکێ ڤان دەڤەرا هەست بهبونا خوبکەتن، ل خوخودان دەربکەڤیتن، ئەو دەڤەرا داگیر کری بکولاتیا سالان، جارەکا دی و بئاوایەکێ دی مایە داگیر و وێران کری، بێ کەسی، بێ خودانی، خوبکێم زانین...گرنگترینێ رێورەسم و برێڤەچوونێن دەستهەلاتدارێن ڤێ دەهرێ بوینە، لە و مانێ ژ نشکەکێ، ل دەمێ داعش بسەر دەڤەرێ دا گرتی، هەوارەڤێ کەڤتە ناڤا دەستهەلاتا گەندەلا تالانچی و دەستدا رەڤی و دەڤەر بێ خودان ل پاش خودا هێلا....ئەوێن دەڤەر دایە دەستێ داعش و گەلێ ئێزدی دایە بەرقرکرن و تالان و وێراکارێ، شوینا بێنە دادگەهکرن و سزاکرن، هاتنە بەخشیش کرن و پلێن وان هاتنە بلند کرن....نهاژی کەسانێن شەنگال تەسلیم نەیارترین دوژمنێ مروڤاتیێ کری، هێشتا شەرم ژخوناکەن و بناڤێ گەلێ شەنگال ولێ ناڤێ دوژمنێن کورد کوردستانێ، لێدوانان ددەن و بریارێن بێ وژدان دەرحەڤێ شەنگال و خەلکێ شەنگالێ ددەن، لەومانێ دبێژم نەیاسایێن مرووڤاتیێ، نەشەریعەتێ ئەردوئاسمانی، ڤێ رێکێ و ڤان

بریارا بو هیچ کەسەکی حەلال ناکەن، ژبلی خەلکێ شەنگالێ، هیچ کەسەکی و هیچ دەستهەلاتەکێ مافێ بریاردانی نینە ل سەر شنگاری و ل سەر ئاخا شنگارێ... ئەوێن بناڤ سەرکردە و دەستهەلاتدارێن کورد جاش قوروجی، بچ رەنگی شەرعیەتا خونەمایە و نەیاسا و نەجەماوەرێ خەلکێ کوردستانێ رێك نەدایی و هیچ شەرعیەتەکا یاسایی و سیاسی ژی نەمایە...بویە هەر بریارەك ولێدوانەکا ژلایێ وان ڤە بێتن دانێ، دچیتن خانەیا بێ یاسایی و زورداریکەکا داگیرکاری...شەنگالی یان چاوان ئاخ و ئولا خویا تایبەتی بخوڤە هەیە، هەربوی رەنگی خەلك و جەماوەرێ خوژی هەیە، بتنێ ئەو دکارن بریار و دەستهەلاتداری و سنورێن پەیوەندی و دامەزراوێن خوێن ئیداری و دبلوماسی و خوبرێڤەبری دانن و بریارێ ل سەروەرگرن.

پسیارا هەری گرنگ و سەیروسەمەر و تژی تێرامان ئەوە، ئەرێ گەلا ئەڤێ هێزا غازیا داعشی بسەدان چەکدارێ دەستهەلاتا هەرێمێ خو ل بەر نەگرت، وەکی ئاتافەکێ بسەرداهات، یا بسەری هاتی مەهەمیا دیت.... ل دەمەکی و بتنێ کەچکەکا گەریلا وبناڤێ(کەچا نەتەوەیی) بتنێ وبچەکێ خوێ کلاشینکوف، شیا بەرسینگێ ڤێ هێزێ، بتنێ بگریتن، شەرەکی عەگیدانە بکەتن و هێزا داعش سەرگەردان بکەتن... بو دەمێ ئێك سەعەت بتنێ، وەکی گەریلایەکا شێرەژن شەرەکێ مەزن کر، پشتی هینگێ(٥) پێنج هەڤالێن وێ یێن کەچك گەهشتینی و هەروان دوشکەکا ژ کار کەڤتیا پارتی دروست کر، بو دەمێ شەش سەعاتان شەرەکێ مەزن کر، دەرفەت نەدا داعش ئێك گاڤێ بێتن بو پێش، براستی ئەڤ شەرڤانێن ژن، رەمزا شێرەژن و هێزا بێ بەڤلا گەلێ کورد و کوردستانی، دناڤا خودا بشانازی پاراست و بونە جەڤەنگێن مرووڤاتی و تێزا ناڤنەتەوەبوونا مرووڤاتیا بجەرگ و وێرەك، ئەڤ شێرە ژنە پێتفیە، وەکی رەمزێن دێروکی، دناڤا دێروکا گەلێ کورد و کوردستانیاندا رەنگ و دەنگێ خۆ وەربگرن، چونکی ڤان شێرە ژنا نەهەردێروك

> **پسیارا هەری سەرنجراکیشتر و تژی میحەنەتی ترێ ئەوە، ئەڤروکە کوردەك و کوردستانیەك و نەخاسم بناڤێ دەستهەلاتەکا کورد و کوردستانی، گازیەکێ بکەتن و داخازیا چول کرنا شەنگالی بکەتن**

دا ئاڤاکرن و مروڤایەتی پارست، بەلکی هەمبەری قرکرن و ئەنفالێن رەشەکوژێێن نەمروڤایەتی سەکنین و مروڤاتی برومەت پاراست، ئومێدێن گەلەکی ساخکری و شینیێن گەلەکێ شین دیتی، کرنە شادی و سەر ژنوی ژیان دا ئاڤەدان کرن...لەومانێ شەرم و شورایەکا تژی فهێتیە بو کورد و کوردستانیان، نەخاسم بو ئەوێن خو بسەرکردە و دەست رویشتی دزانن، ڤان راستیان ڤەشێرن و شەرمەزاریێن خوە، گونەهباریێن خوە بکەنە مێرچاکی و ڤان سەرفەرازیا دبن شەرمەزاریێن خودا پەردەپوش بکەن، بلا ئەو بزانن ژی دێروك خودنڤێسیتن وگەلەك بباشی و نەخاسم ل سەردەمەکێ هوسان، راستی بتەمامی قیت و ئەشکرا دهێنە نڤێسین و خودخوینن... چەواشەکاری و خرابکاریی ژێ، قەبرا خو دکولن و خو بشەرمەزاری بن ئاخ دکەن!!

پسیارا هەری سەرنجراکیشتر و تژی میحەنەتی ترێ ئەوە، ئەڤروکە کوردەك و کوردستانیەك و نەخاسم بناڤێ دەستهەلاتەکا کورد و کوردستانی، گازیەکێ بکەتن و داخازیا چول کرنا شەنگالی بکەتن، ڤان سومبول و مروڤ دوستان نەبینیتن، نەهامەتی و قەتلازیێن خوژ بیر بکەتن و گازیەکا بێ شەرم و بێ سەروچاڤ بکەتن و بێژیتن شەنگال ژ هێزێن پەکەکێ، ژ گەریلا و شەرڤانێن ئازادیێ بێتن چول کرن، ب پشتراستی، ل دەمەکێ هوسان ئەڤ گازیە نەهەر گازی یا شەرمێیە، بەلکی گازیا چەتەگەری و جاشقورجیێ یە، گازیا سەرانەیێن تەسلیم داگیر کرن و داگیر کاریێ یە، بو کوردەکی و بو کوردستانیەکی و تاکو بو مروڤەکی ژی، ئەڤە گازیەکا تژییە ژ شەرم و ژ فهێتی، بتنێ شەڤا بەرباك و نەعەتەکا دێروکییە....!!

لەومانێ دبێژم :- گازیەکا هوسان و نەخاسم لبن داگیرکاریەکا ئەردوگان تورانیزمی، ئەگەر رامانەك هەبیتن، ئەو رامان تەسلیم بوون و نەیارتیا گەل و وەلاتی و خەلکێ کوردستانێ یە، دئالیێ دی دا، ئەڤ گازیە ڤێ مافی ددەتن خەلکێ شەنگال و پارێزەرێن خەلکێ شەنگالێ برەنگەکێ گشتی....!!

١-خەلکێ شەنگالێ و نەخاسم جڤات و پێکهاتەیێ ڤێ باژێر، مافێ بەرەڤانی کرنا خوبخویی هەیە، ئەو دکارن هێزا پاراستنا خو، ئیدارەیەکا خۆ بخویی دروست بکەن و مل بمللێ خەلکێ پارێزگەها مبسل خو ئیدارەبکەن و هێزا پاراستنا خوبخویی دروست بکەن و هەمی هێزێن دی، یێن

دەرڤەی خو ڕەد بکەن و دەربکەن و ئەو بخوئیدارەکرن وپشتەڤانی کرنا خوبخویی، بخو هەلبژێرن و دروست بکەن و هەڤال بەندان ژی بخو دروست بکەن، ل گورەی حەزکرن و ل گورەی دیتنا خۆ پاراستنا خۆ بخویی، بخۆ دابین بکەن.

٢-مافێ وان هەیە هێلەکا پاراستنێ(بو هاتن و چونێ ژ ڕۆژئاڤا تاکو کەرکوکێ، لناڤ باژێرێ میسل دا، بخو دابین بکەن، هەم بو پاراستنا خۆ، هەم ژی بو پێکڤەگرێدانا ڕۆژئاڤا و ڕۆژهەلات، تاکو بارێ وان یێ ئابوری و ئەمنی و دیبلوماسی و پێکڤەگرێدانێن نیشتیمانی و نەتەوایەتی دگەلك دا دپاراستی بن....).

٣-خەلکێ شەنگالێ و ئیدارەیا وان، مافێ هندێ هەیە، پەیوەندییێن خو دهەمی وارەکی دا گرێبدەن، هەم دگەل ڕێڤەریا پارێزگەها نەینەوا و بەغدایێ و هەم ژی دگەل ئیدارەیێن کانتونێن ڕۆژئاڤا وکەرکوك و سلێمانی و هەلەبچە....ئەڤ پەیوەندیە دهەمی وارەکی دا، لەشکەری، ئابوری و بازرگانی، دیبلوماسی و ئیداری....کارەکێ گرنگ و پێتڤی و ژیاریە، هەم بو سنجەقا شەنگالێ و هەم ژی بۆ باشور و ڕوژئاڤا و کوردستانا ڕۆژهەلات ژی یا گرنگە..!!

٤-بەروڤاژی هەرڕێگرەك وئاستەنگیەکا بکەڤیتن بەر بجهکرنا ڤان خالا ، وەکی ئەرکەکێ یاسایی و نیشتیمانی و نەتەوایەتی، دینی، دڤێتن، ئەوئاستەنگ وڕێگریە بکەڤن بن ڕەخنە و گل و گازندەیێن هەمی خەلکێ کوردستانێ، وەکی ڕێگر و هێزێن نەیارتیێ بێنە ڕسوا و شەرمەزاری کرن، گرنگە ژی ل دەم و ڕەوشەکا هوسانێ، هەمی کورد و کوردستانی بیەك دەنگ و بیەك گازی، ببنە هاریکار و پشتەڤانێن خەلکێ شەنگالی و ئێکەتی و ئێك گرتنا کورد و کوردستانیان دپشتەڤانی و هاریکاری یا خەلکێ شەنگالێ دا دروست و بەرجەستە بکەن، هەمی گڤاشتن و مایتێکرنێن دەرەکی ولبن گڤاشتنا هێزێن دەرەکی، نەخاسم لبن گڤاشتنێن تورکیا بێنە پروتست و شەرمەزاری کرن، پێکڤە ژی ببێژن شەنگال کوردستانە و پاراستن و ڕێڤەبەریا وێ، ئەرکەکێ نیشتیمانی و نەتەوایەتی و مروڤاتیە، بو هەمی کوردستانیان و بێ هیچ جوداکاری و بێ ناڤبری....هەرهێزەکا کورد و کوردستانی، بناڤدەستکیا نەیارێن کورد و کوردستانی، نەخاسم ئەو هێزێن لەشکەرێ داگیر ئینانندینە باشور، باشور کریە کونجەکا ڤەکری بوجاش و جاسوسێن دەولەتێن بیانی، بچ ڕەنگەکی بو نینە بناڤێ کورد و کوردستانێ باخڤن و بریارن بدەن، ئیلا ل وی دەمی نەبیتن یێ ئەوبهزروبریکەکا کورد و کوردستانی، بهێنە هوش و لەشکەر و جاش قوروجاتیێ وجاسوسیەتا ناڤدەولەتی ژباشور دەربکەن وبئەقل ومەنتەقەکێ کورد وکوردستانی بریارو هزرێن خو بێخنە وارێ پرتیك و بجهکرنێ، ژئاخ و ئاهێن خەلکی، دەربرینێ بکەن و وەکی کورد و کوردستانی خودانیێ ل خەلك و ل وەلاتی بکەن، دەستبەرداری گەندەلی و دزین و تالانکاریێ بن، بروحەکا خزمەتکاری، بهزروبیرێن زەلال و دیموکراسیانە کار بکەن، ئامادەی وێ یەکێ ژی بن خەلك ببیتن ڕەهبەر و پێشەوایێ خۆ، دەستهەلات ژ خەلکی و بو خەلکی بکەڤیتن وارێ جهبجهکرنێ !!



وێنەی یەکینەکانی پاراستنی شەنگال YBŞ

# بەرخودانی کوبانێ لە ١٣٣ ڕۆژدا



ئازادیی کۆمەڵگە
دیاری خالید – توێژەری بواری مێژوو

خـۆڕاگـری شـەرڤـانـانی ڕۆژئـاڤـا و تێکشکاندنی هـێرش و پـەلامـارەکـانی سـەر کـوبـانێ و گـەمـارۆدانی لـەلایـەن داعـش و ڕێکخـراوە تیرۆریستیـەکانەوە لە ماوەی ١٣٣ ڕۆژدا، زۆرینـەی دەنگە حەقبێژو ویژدان زیندووەکانی هێنایەگۆ، سیاسیـەکانی جیهان بە لێدوانەکانیان پاڵپشتی شارۆچکەکەیان کردو هەستی گیانبازی و فیداکاری شەرڤانیان بە کردەیەکی کەم وێنەی مێژووی مرۆڤایەتی لەقەڵەمدا، شـرۆڤـەکاران و نـوسـەران گـرنگی سـەرکـەوتـنی شـارۆچـکـەکـەیـان ڕوونـدەکـردووە وەک تاکە ڕووداوی کەم وێـنـەی سـەدەی ٢١ هـەژمـاریـان کـرد، چالاکانیش بە خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی کۆمەک پشتگیریان لـە شـەرڤـانـان و دانیشتوانی کوبانێ کرد.

وەک ڕێـــزو وەفــــاداری لـەئـاسـت قوربانیدان و خۆڕاگری شارۆچکەکە، چەندین (منداڵ، دوکان، سۆپەرمارکێت، ڕێگا، پرد) لە ئاستی کوردستان گەورەو تـەنـانـەت هـەنـدێک وڵاتـی جیهـانیشدا نـاونـران کـوبـانێ.. دەپـرسـین لـە یـادی گەمارۆی شارۆچکەکەدا پێویستە چۆن بە نەمری ناوی بپارێزرێت و چی لە پێناودا بکرێت؟ ئەووانانەی کوبانێ بە کورد و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا چی بوون؟ گرنگی پێدانی شارۆچکەکە لەلایەن سەرکردە کوردەکانەوە لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا تـوانـراوە وەک کەرەستەیەکی گرنگی بەرەوپێشبردنی دۆزی نەتەوەیی کورد سودی لێببینن؟

> **گرنگە دوای شکۆمەندیەکانی کوبانێ، نەوەی داهاتوو لەنێو ئەو مێژوە پڕ خیانەت و لێکترازانەی کوردا، شارێک هەبێت خەباتێک هەبێت شانازی پێوەبکەن**

- **جاڕدانی کەوتنی کوبانێ:**

سەرەتای گـەمارۆدان و پەلامارەکانی کوبـانێ، لـە ١٥ی ئەیلولی سـاڵی ٢٠١٤ دەستی پێکرد، هێزشەکان لـەماوەی ٤٥ ڕۆژ بەبێ هاوکاری فڕۆکە جەنگیەکان و هێزی هاوپەیمانان بەجۆرێک بۆ زۆرینەی بـۆچـوونـەکـان لـەسـەرئـەوە کۆکبـون شـارۆچـکـەکـە بـەیـەکـجـاری دەکـەوێـت، تەنانەت بەرپرسە باڵاکانی تورکیا کەوتنی شـارەکـەیـان جـاڕدا، داعـش مـژدەی سەرکەوتنی یەکجارەکی بە هاوفکرەکانیان دەدا، بەڵام نەبەردی شەرڤانان تەواوی ئـەو پێشبینی و دەنگۆیـانـەی لـەسـەر چارەنوسی شارەکە پێچەوانەوە کردەوەو داستانێکی وایان تۆمارکرد کە بۆ ئەبەد لەپاڵ شارە خۆڕاگرەکانی (ستالینگراد و نەبەردی گەلی ڤێتنام و ئالامۆدا) ناوی بهێنرێت و لە ٢٦ کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٥ بەتەواوی سەرکەوتن.

گرنگە دوای شکۆمەندیەکانی کوبانێ، نەوەی داهاتوو لەنێو ئەو مێژوە پڕ خیانەت و لێکترازانەی کوردا، شارێک هەبێت خەباتێک هەبێت شانازی پێوەبکەن، جێی خۆیەتی لە هەر شوێنێک ناوی کورد هێنرا کوبانێ لەیاد نەکرێت. بۆیە بۆناساندنی کوبانێ و هاوشێوەکانی کورتەیەکیان لە بارەوە دەخەینەڕو و لێکچونەکانیان باس دەکەین.

- **شوێن و پێگەی کوبانێ:**

کـوبـانـێ؛ قـەزایـەکـی زۆریـنـەی کوردنشینی سەربە پارێزگای «حەلەب» ، بە دووری ١٥٠ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکە، هەروەها دەکەوێتە باکوری عەفرین، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئـاوایـەوە هـەر دوو شـارۆچکـەی جەرابلوس و گرێ سپی هەیە، ڕووباری فوراتی لێوە دەڕژێتە خاکی سوریا و لەسەر سنوری کوردستانی تورکیایە.

جیوگرافیای کوبانێ نزیکەی سێ (٣) هەزار کیلۆمەتر دووجایە، لە ( ٣٨٤ گوند ) و چوار ناحیە پێکهاتووە، بەپێی داتا نافەرمیەکان ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە زیاتر لە ( ٤٥٠ هەزار) کەسە.

• **مانای کوبانێ و مێژووی دروستبوونی:**

مێژووی دروستبوونی کوبانێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٢ ، کە لەبەر هەبوونی ژمارەیەکی زۆر کانی و سەرچاوەی ئاو ناونراوە (کانی). لەسەردەمی عوسمانیەکان بە (مورشید پنار)، ناونراوە، بەڵام وشەی کوبانێ و ناونانی شوێنەکە بۆ ساڵی ١٩١١ دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە وشەی کۆمپانیا داتاشراوە، بەوپێیەی لە ١٨٩٢ بۆ ١٩١٢ لەکاتی دروستکردنی هێڵی ئاسنی (بەغداد- بەرلین)، لەو شوێنەی ئێستای کوبانێ بۆ مانەوەی کرێکارەکانی کۆمپانیاکە وێسگەیەکی بچوکیان دروست کردوە، دواتر وشەی کۆمپانیان بە کوبانێ خوێندوەتەوە، بۆیە لەوکاتەوە بوەتە کوبانێ. بەڵام لەسەردەمی حافز ئەسەد، سەرۆکی پێشوی سوریا، لەکاتی پرۆسەی بەعەرەبکردنی سوریا ناوی شارۆچکەکە گۆڕاوە بۆ «عەین ولعەرەب».

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و بەتایبەت لەساڵی ١٩٢٠ کەوتە بەردەستی فەرەنسا تا ساڵی ١٩٤٦، دواتر دەسەڵاتی سوریا ناوچە کوردیەکانی کۆنترۆڵکرد .

پاش ماوەیەکی زۆر لە حوکمڕانی لەبەهاری ٢٠١٢ سوپای ئەسەد لە باکوری ڕۆژهەڵات بەناچاری کشایەوە، راستەوخۆ ئەو ناوچانە و کوبانێ لەلایەن پەیەدەوە کۆنترۆڵکران. پاش ماوەیەکی زۆر لە شەڕ و ململانێ رۆژی ٢٠١٤/١/٢٧ لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی یاسادانانی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی، کانتۆنی کۆبانێ ڕاگەیەندرا. دواتریش لە ١٧ی ئازاری ٢٠١٦ بووە بەشێک لە «سیستەمی فیدراڵی ڕۆژئاوا»، یاخود باکوری سوریا.

• **بۆچی پەلاماری کوبانێ درا؟**

پەلامار و هێرشەکانی سەرکوبانێ لەلایەن داعش و تورکیاوە چەندین ئامانجی لە پشتەوە بوو، بەکەوتنی، تەواوی کانتۆنەکانی خۆرئاوای کوردستان لەیەک دادەبڕا، لەهەمانکاتدا داگیرکردنی کوبانێ شکاندنی ئیرادەی کوردبوو لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا، بەشێوەیەکی گشتی ئامانجەکانی تورکیا و داعش لە هێرشەکانیان بۆ سەرکوبانێ لەم چەند خاڵەدا کورتدەبێتەوە:

> **یەکەم هێزی جیهانە کە ژنان فەرماندەیی هێزەکانیان دەکەن، لەمەشدا گەڕاونەتەوە بۆ فەلسەفەی (عەبدوڵڵا ئۆجالان)**

١- دژایەتی تورکیا بۆ کوبانێ و ڕۆژئاڤا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، سەرکەوتنی ئەو بەشەی کوردستان، دەبێتە هۆی ئەوەی کوردانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا زیاتر داوای مافەکانیان بکەن.

٢- تورکیا و داعش ترسیان لەوە هەبوو، کوبانێ ببێتە وێستگەی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و زیاتر گرنگی بە تورکیا نەدرێت. گرتنی کوبانێش بۆ هاتوچۆکردنی ئەو داعشە بیانیانەی لەئەوروپاوە دێنە خاکی سوریا گرنگ بوو.

٣- پێیان وابوو کوبانێ کێشە بۆ فراوانبوونی دەسەڵاتەکانی خەلافەت دروست دەکات. بەمەش سنوری دەسەڵاتەکانیان پەلناکێشێت بۆ سنورەکانی تورکیا بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە گەورەکانیان.

٤- کەوتنی کوبانێ کە یەکەمین چەخماخەی شۆڕشی لێدا لە ٢٠١٢/٧/١٩، کارئاسانی بۆ داعش دەکرد تاکو بەسەر ناوچە و کانتۆنەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستاندا سەرکەوێت.

٥- دەستگرتن بەسەر کوبانێ دەستگرتنە بەسەر دەروازە و ڕێڕەوی ئاوی روباری فورات و ڕێگا بۆ داعش دەکاتەوە.

• **گرنگی و تایبەمەندییەکانی سەرکەوتنی کوبانێ:**

یەکەم هێزی جیهانە کە ژنان فەرماندەیی هێزەکانیان دەکەن، لەمەشدا گەڕاونەتەوە بۆ فەلسەفەی (عەبدوڵڵا ئۆجالان)ی رابەری پارتی کرێکارانی کوردستان کە جەختی لەوە دەکردەوە، ژنان دەبێت باوەڕیان بەهێزی خۆیان هەبێت و خۆیان بەڕێوەبەرن. هەروەها نزیکەی لە ٣٥٪ی شەڕڤانان ژن بوون. بۆیە ئەم هێزەی ژنان یاخود (یەپەژە)، ئەو چاودێرە جیهانیانەی کە ئاگاداری کوبانێ و کوردبوون تووشی سەرسوڕمان کرد.

یەکەم جوڵانەوەی کوردییە کە هێزە نێودەوڵەتیەکان بەتایبەت زلهێزەکانی ئەمریکا و رووسیا پشتگیری بکەن و ڕێگە لە کەوتنی یەکجارەکی بکەن. یەکەم هێزی کوردیشە، بەو ڕێژە زۆرە خەڵکانی بیانی بە خۆبەخشانە شەڕیان تێدا کردبێت، یەکەمجارە لە پێناو سەرکەوتنی ئەم خەباتە، لە پێنج کیشوەری جیهان کە زیاتر بوو لە ٣٠ وڵات، لە رۆژی شەممە ٢٠١٤/١١/١ ڕێپێوانێکی بەرفراوان بەناوی (ڕۆژی جیهانی کۆبانێ) ئەنجامدرا.

یەکەم تێکۆشانی گەلی کوردە، کە زۆرینەی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی کورد پشتگیری کردبێت.

یەکەم بەرگریکردنی کوردە بە درێژای مێژوو کە لەناوخۆدا خیانەتی تێدا نەکرابێت و پشتی نەیارەکانیان نەگرتبێت.

یەکەم جوڵانەوەی کوردە لەمێژووی بزووتنەوەی نوێی کوردی کە بەرپرسان و خەڵکی ئاسایی وەک یەک بەرگریان کردبێت و سەنگەریان چۆڵ نەکردبێت.

یەکەم تێکشکانی داعش بوو کە تا ئەوکات بەردەوام لەسەرکەوتندابوو.

هەروەها وێنای شەرڤانانی لە گروپێکی پاڵپشتی تیرۆرەوە بۆ هێزێکی بەرگریکارو ئازادیخوازگۆڕی.

لەبەر ئەمانە و چەندین هۆکاری دیکە کوبانێ گرنگیەکی زۆری هەیە، هەروەها لەبەر چەندین هۆکاریش داعش و رێکخراوە تیرۆریەکان کاریان بۆ خستنی دەکرد.

- **لەنێوان قەڵای دمدم و کوبانێدا:**

داستانی دمدم، یەکێکە لەو سەروەریانەی خەڵکی ناو قەڵاکە و کوردەکانی ئەو دەڤەرە لە دژی دەسەڵاتی سەفەویەکان نواندیان، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک شکست بە قارەمانێتیەکەیان هێنرا، بەڵام پاش چەند سەدەیەک لە شارۆچکەیەکی دیکەی کوردی قارەمانێتیەکی گەورە ئەنجامدرا کە تائێستاش بە سەرکەوتویی ماوەتەوە، لێرەدا جیاوازی و لێکچوونی هەردوو داستانەکە دەخەینەڕوو:

دانیشتوانی ناو (قەڵای دمدم)، دژی دەسەڵاتی سەفەوی ئێران بەرگرییەکی بێونەیان نواند. بەهۆی جوامێری و رۆحی بەرگریانەوە داستانەکە رۆشتوەتە ناو فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردیەوە، هاوشێوەی کوبانێ دەیان شیعر و چیرۆک و لاوانەوەی لەبارەوە وتراوە.

قەڵای دمدم: لەتەنیشت گوندی (بلانج)، لە ناوچەی (تەرگەوەڕ)ی باشوری پارێزگای (ورمێ) لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دووری ١٨ کیلۆمەتر دروست کراوە، داستانی دمدم، بەپێی زۆرینەی سەرچاوە مێژوویەکان، لە نێوان ساڵانی ١٦٠٩ بۆ ١٦١٠ ڕوویداوە.

لەو ماوەیەدا چەکدارە کوردەکانی ناو قەڵاکە دژی دەسەڵاتی سەفەوی جەنگاون و بەردەوام تۆپباران کراون و گەمارۆدراون. لەشکری شا (عەباس)ی سەفەوی نزیکەی ٢٥ هەزارکەس بووە، لەبەرانبەردا سوپاکەی (خانای لەپزێڕین) نزیکەی ١٠٠٠ کەس دەبوو .

لەبارەی گەمارۆ و هێرشی سەر قەڵاکە، بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک لەسەرچاوەکان پێیان وایە، گەمارۆکە نزیکەی چوار مانگی خایاندوە، بەڵام مێژونووسی کورد (موحەمەد ئەمین زەکی) دەڵێت بەرگری خەڵکی ناو قەڵاکە شەش

**لەنێوان کوبانێ و (دمدم) دا جیاوازە ئەوەیە کە لە کوبانێ لایەنی خیانەتکار بوونی نەبوو**

مانگی خایاند، هەندێکی دیکەش دەڵێن دوو ساڵی خایاندوە واتە لە ساڵی ١٦٠٩ بۆ ١٦١٠، لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکان دەردەکەوێت دمدمیەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دژی ستەمی سەفەویەکان بەرگریان کردوە، بەڵام بەهۆی خیانەتی هەندێک لە خەڵکی قەڵاکە و یەکێک لە کەسایەتیەکان بەناوی (مەحمود ئالیکانی) کەپەیوەندی لەگەڵ عەجەم هەبوو، ئاوی قەڵاکە لە سەرچاوەکەیەوە دەبڕن و سەفەویەکان سەردەکەون. لەدوای گرتنی قەڵاکە شەڕکەر و خەڵکی ئاساییان کوشتوە و دواتریش لە ناوچە کوردیەکان رەشبگیری دەستی پێکردوە.

بۆیە ئەگەر کوبانێش بکەوتایە، دوور نەبوو دمدمێکی دیکە دروست نەبوایەتەوە، بەڵام ئەوەی لەنێوان کوبانێ و (دمدم)دا جیاوازە ئەوەیە کە لە کوبانێ لایەنی خیانەتکار بوونی نەبوو تاکو شارۆچکەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی داعش، وەک ئەوەی لە دمدم خیانەتی نەتەوەیی کرا.

بەڵام ئەوەی لەیەک دەچن ئەوەیە، دوو خۆڕاگری کوردین، دمدم، مەیدانی ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانی بوو، لەهەمانکاتدا ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ بوو. وەک چۆن کوبانێ و سوریاش مەیدانی ململانێی رووسیا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترە و ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژین.

خانای لەپزێڕین کەسی یەکەمی دمدم، وەک سەرکردەکانی رۆژئاڤا، لەناو خەڵکەکەیدابو و شەڕی کردوە و خۆی وەک ئەوان بەشداری کایەکانی ژیانی دەکرد و میرنشینەکەی جێگەی ئومێدی کوردەکانی تر بوو. هاوکات ژنانی کورد رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە چالاکییەکانی نێو قەڵاکەدا، چ لە کاتی شەڕ و بەرگری و پاراستندا بووبێت یاخود پێش هەڵگیرسانی شەڕبێت. تا گرتنی قەڵاکە جەنگاوەرە کوردەکان بەرگریان کردوە، دواتر نەیان ویستوە خۆیان بدەن بەدەستەوە و لەشاخ خۆیان فڕێداوەتە خوارە و هەندێکی تریشیان لە قەڵاکەدا خۆیان تەقاندۆتەوە. ئەمەش هەمان رێگای تەسلیم نەبوونی شەرڤانان بوو بە دوژمن.

ئەوەی لە ئێستادا هەیە ئەوەیە، کوبانێ و داستانەکەی تارادەیەکی باش لە ئاستی جیهاندا ناسراوە، بەڵام دمدم و داستانەکانی دیکەی کورد هێشتا هەموو میللەتی کورد ئاشنایەتیان لەگەڵی نیە، چ

جای ئەوەی لەئاستی جیهانیدا ناسرابن.

• **کوبانێ و ستالینگراد:**

هەرچەندە سەردەمی گەمارۆدانی کوبانێ و ستالینگراد جیاوازبوە و ژمارەی دانیشتوانی هەردووکیان دوورە لەیەکەوە، بەڵام پەیامەکانیان لەیەکترەوە نزیکە و هەردوولا بەرگریان کردوە دژی دەسەڵاتێکی داگیرکەر و نامۆ بە وڵات. بەمەش خەڵکی سۆز و هەستی بۆ ئەو هێز و کەس و لایەنانە دەردەبڕێت کە خۆڕاگرن و لەپێناو مافی خۆیان بەرگری دەکەن کە لە کوبانێ و ستالینگراد خۆی دەبینێتەوە.

شاری ستالینگراد، یەکێکە لە شارەکانی ناوچەی باشوریی ڕۆژئاوای رووسیا، لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم قارەمانیەکی بێ وێنەیان دژی هێزی نازی و هاوپەیمانەکانی نواند، کە لەبەرواری ١٧ تەموزی ١٩٤٢ بۆ ٢ شوباتی ١٩٤٣ شەڕەکەیان بەردەوام بووە و ماوەی پێنج (٥) مانگ و هەفتەیەک و ٣ ڕۆژ شارەکە گەمارۆ دەدرێت. ئەو دەوڵەتانەی دژی رووسیا هێرشیان کردە سەر شارەکە ئەمانەبوون (ئەڵمانیا، هەنگاریا، ئیتالیا، ڕۆمانیا و کرواتیا). بە پێی داتایەک ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لە ساڵی ١٩٤٢ دا نزیکەی ١٠٧ هەزار کەس بووە . نزیکەی ٩٠ هەزارلە شەڕەکە رزگاریان بووە و نزیکی ٢٠٠ هەزارکەسیش لە ناوچوون کە ٣٠٠٠ هەزاریان ڕۆمانی بوون. هەرچەندە باس لەوەدەکرێت ٨٥٠ هەزار کوژراوی هاوپەیمانان هەبووبێت کە زیاتر لە نیوەی ئەڵمانی بوون، بەڵام راپۆرتەکانی یەکێتی سۆڤیەت ئەوە دەخەنە روو کە یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزارکەس لە هێزی هاوپەیمانان کوژراوە، بەڵام ئەم ژمارەیە تەنیا خەمڵاندنە.

هەرچی کوژراوانی هێزی سۆڤیەتیشە، بە یەک ملیۆن و ١٢٩ هەزار و ٦١٩ کەس مەزەندە دەکرێت، بە جۆرێک ٤٧١ هەزار و ٧٠٠ کەس کوژراون یان ونبوون. لەو ژمارەیە، ٤٠ هەزارکەس هاوڵاتی مەدەنی بوون. بەمەش خوێناوی ترین شەڕی مەیدانیە بە دێژایی مێژوو، کە تیایدا بۆ یەکەمجار سوپای نازی شکا، هەروەک چۆن بۆیەکەمجاریش داعش لە کوبانێ شکا.

> **ئامانجی دووەم لە رۆژئاواوە گەیشتن بوو بە ناوچەی پیشەسازی، بەڵام لەدوای ماوەیەکی زۆر لە شەڕو ململانێ، ئەڵمانەکان شکان.**

مەبەست لە پلانی هێرشەکە بۆ چڕکردنەوەی هێرشەکانی سەرباشور بوو، هێزی ئەڵمانیا لە دوو ئاراستەوە بەرەو ستالینگراد ڕۆیشتن، کە ئامانج لێی گەیشتن بو بە ناوچە پیشەسازیەکانی باشور. ئامانجی یەکەم بۆباشوری رۆژهەڵات بوو، بەنێو چیاکانی قەوقازیا بۆ گەیشتن بە کێڵگە دەوڵەمەندیە نەوتیەکان.

ئامانجی دووەم لە رۆژئاواوە گەیشتن بوو بە ناوچەی پیشەسازی، بەڵام لەدوای ماوەیەکی زۆرلە شەڕو ململانێ، ئەڵمانەکان شکان.

لەبارەی سەختی شەڕەکە و ناڕەحات بوونیان، شایەتحاڵێکی دانیشتوی ستالینگراد بەناوی (بۆریس ریژانۆڤسکی) دەڵێت:» لە دوانیوەڕۆی ٢٣ ئابی ١٩٤٢، بۆمبارانی شارەکە بە خەستی دەستی پێکرد. دوای دوو ڕۆژ، ناوەندی شارەکەیان وێرانکرد و بۆ کەمپی ئاوارەکان هەڵهاتین، پاش چەند رۆژێکی دیکە هەموو خانووەکانمان وێران بوون.

• **چۆن پەلاماری شارەکە دەستی پێکرد؟**

لە ٣ ی ئەیلولی ١٩٤٢ پەلاماری دڵی ستالینگراد دەستی پێکرد. لەو ماوەدا، هێزی ئەڵمانەکان لە پێشڕەوی بەردەوام بوو بە دروستکردنی پرد و رێگەی نوێ، کە چی هیتللەر هێرشەکانی وەستاند. بەڵام لە ١٩ تشرینی یەکەم، سۆڤیەت دوو ئۆپەراسیۆنی هێرشی هەڵگەڕاوەی دەستپێکرد. یەکێکیان بە ناوی»ئۆپەراسیۆنی ئۆرانۆس» لە باکوری ستالنگراد، ئۆپەراسیۆنی دووەم بەناوی ئۆرانۆسی دووەم لە باشووری شارەکە.

لە ٢٢ تشرینی دووەم سوپای سوور دەستیان کرد بە دەورەدانی سوپای ئەڵمانەکان، لە کۆتایی کانونی یەکەم ئەڵمانەکان دەستیان کرد بە پاشەکشێ. لە٢٥ کانونی دووەمیشدا، سوپای سوور، لەشکری ئەڵمانەکانی گەمارۆ و بە شێوەی رەسمی پۆوڵۆس، لە ٣١ ی مانگی یەک هێزەکانی ئەڵمانیا لە باشوری شار تەسلیم بوون. لە دووی شوباتیشدا هێزەکانیان لە باکور تەسلیم بوون.

سەربازێکی ئەڵمانی بەناوی (ویلهێڵم هافمان)، لە یادەوەریەکانی لە برسێتی ئەو رۆژە تاڵانەی رووسیا نوسەویەتی: «لە ٢٦ مانگی ١٢ هەموو ئەسپەکانمان خوارد، تەنانات پشیلەمان دەخوارد، گۆشتی پشیلە بۆ ئێمە بەلەزەت بوو. لەشکرەکە وەک ئەژدیها پەلاماری هەموو شتێکیان دەدا بە دوای هەموو شتێکدا دەگەڕاین بۆ ئەوەی بیخۆین. کەس هێزی ئەوەی تیانەبوو راکات یان خۆی بشارێتەوە.

سەربازیکی دیکە بە ناوی « هێڵمت قوانتز»ه لە کۆتایەکانی شەڕەکە و لە رۆژی ٢٤ مانگی یەک، نامەیەک بۆ براکەی

دەنوسێت و باس لەو ڕۆژە سەختانەیان دەکات و بەم شێوە دەنوسێت : « برای ئازیزم، بمبورە لەوەی دەست و خەتم ناخۆشە. دەستم بەستویەتی و گۆناکات. ئێمە لێرە دەربازمان نابێت، ناتوانین لەم کۆسپ و تەنگەژانە دەرچین لەبەرزوقمی رووسیا.

لەبارەی ڕووداوەکانی کوبانێ لەماوەی شەڕەکە، نیاز حامد چاودێری سیاسی سەردانی کوبانێ دەکات و لەزاری چەند شەرڤانێکەوە چیرۆکەکان بەم شێوە باس دەکات: یەکێ لە قەناس بەدەستەکان کە رۆڵی کاریگەری هەبووە وفەرماندەیەکی بەتوانای بەرخۆدانی کۆبانێیە بەناوی « موسا» و پاشترلە ڕاوەدوونانی داعشدا شەهید بوو، دەڵێت؛

«لەناوکۆبانیدا ، نەک شەڕی کۆڵان بە کۆڵانمان دەکرد بەڵکو شەڕی ماڵ بەماڵ و ژوور بۆ ژووریش هەبوو. لە ناو خانویەکدا چەند داعشێک خەریکی کونکردنی دیوارێکی نێوان هەردوو ژوورەکە بوون، بێ ئاگابوون ئێمە بۆیان لەبۆسەداین، هەرکە کونی دیوارەکەیان تەواوکرد، لە کونەکەوە دامانە بەردەستریژی گولە، لەوێدا هەموویان بەسزا گەیشتن»

موسا چیرۆکێکی دیکەی ڕووبەڕوونەوەکانیان لەگەڵ تیرۆستانی داعشدا بەم شێوە دەگێڕێتەوە «لەگەرمەی هێرشەکانی داعش، ماوەیەکی درێژ لە شوێنی خۆماندابووین، ئەو گرووپەی من سەرپەرشتیم دەکرد، دەبوو خواردن و تەقەمەنی و پێداویستیان بۆ دابین بکەین، جاری وا هەبوو ١٠ ڕۆژیان دووهەفتە تەنها نان و هەنجیرمان دەخوارد، هێنانی ئەو خواردنەش بۆخۆی داستانێک بوو.

زاگرۆس نازناوی قەناس بەدەستێکی دیکەی شەڕی کوبانێیە، ئەو خەڵکی ۆژهەڵاتی کوردستانە و هەڵگری ڕەگەزنامەی بەریتانییە، لە دانیشتنێکدا چیرۆکی خۆیی و موسای هاوڕێی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

«ڕۆژێک ناچاربووین نانی دەستی دوژمن بخۆین، ئەویش دوای ئازادکردنی گوندێکی کۆبانێ بوو کە داعش ژمارەیەکی زۆریان لێکوژرا، من و هەڤاڵ موسای شەهید برسێتی تینی بۆ هێنابووین ، لەو کاتەدا چووینە ماڵێک کە داعشەکان کردبوویانە بارەگا، کە ڕۆشتینە ئەوێ سەیرمانکرد خواردنی گەرم هەیە، سەیری

**چۆن دروشمی شەرڤانان، بەرخودان تا مردن بوو، دروشمی رووسەکانیش ئەوەبوو**

یەکترمانکرد، موسا پییوتم: بابیخۆین، کەمێک بەدوودڵییەوە سەیرم کرد، وتم: باشە با بیخۆین، بۆ ماوەیەکی درێژبوو گۆشتم نەخواردبوو ، لەوێدا گۆشتم خوارد»

وەک چۆن دروشمی شەرڤانان، بەرخودان تا مردن بوو، دروشمی رووسەکانیش ئەوەبوو، شارەکە دەپارێزین یان لە پێناوی دەمرین. هەروەها ستالین بە سەربازەکانی دەوت دەبێت تا دوا دڵۆپی خوێن شەڕبکەن. بۆیە بەهۆی بەرگری و خۆڕاگری رووسەکانەوە هیتلەربانگەشەی ئەوەی دەکرد، ئەگەرستالینگراد بگرێت ئەوا سەرجەم دانیشتوانەکای بە ژن و منداڵ و گەنجەوە دەکوژێت، چونکە زۆر ماندویان کردوە. بەهەمان شێوە داعشیەکان و هاوکارەکانیان بە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ ئەم قسانەیان دژ بە شەرڤانان و دانیشتوانی کوبانێ دەکرد.

هاوکات لەسەرەتای شەڕەکەدا، ئەڵمانەکان سەرکەوتوبوون تا چوونە شارەکە، بەڵام هیتللەرپلانی گۆڕی و خەڵکی شارەکە بە تەکتیکی وردەوە شەڕیان دەکرد، ئەم دیمەنانەش لە کوبانێ دووبارە بوەوە.

- **داستانی کوبانێ و ڤێتنامییەکان:**

بەرگری ڤێتنامیەکان و پاراستنی وڵاتەکەیان لە دەسەڵاتی ئەمریکا و فەرەنسا، یەکێکی دیکەیە لەو داستانانەی کە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بە سەربڵندی و شکۆداری دەمێنێتەوە و خەڵکی بەحسرەتەوە گوێ بۆ چیرۆکەکانیان دەگرن.

لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا رۆشتبوە ناو چەند شارێکەوە و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی باکوری دەدا، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری جەنگاوەرەکانی ڤێتنام و جەربەزەییان، ئەمریکیەکان بە ناچاری پاشەکشێیان کرد.

جەنگی ڤێتنام، لە یەکی تشرینی دووەمی ١٩٥٥ بۆ ٣٠ نیسانی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، واتە ماوەی ٢٠ ساڵی خایاند، بەمەش درێژترین جەنگی سەدەی بیستەمە. جەنگەکە لەنێوان ڤێتنامی باکور و باشور رویدا، باکور لەلایەن یەکێتی سۆڤێت و چین و وڵاتانی کۆمۆنیست پشتیوانی دەکرا، باشوریش لەلایەن ئەمریکا و فەرەنسا و هاوپەیمانەکانیانەوە پشتیوانی دەکرا و هێزی ئەمریکی رۆشتبوونە نێو وڵاتەوە. باکوریەکان بۆیەکگرتنەوەی هەردوو بەشەکە دەجەنگان، باشور و ئەمریکاش ئامانجیان جیابوونەوەی یەکجارەکی و کۆتایی هاتنی ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان بوو.

سەرەتای جەنگەکە لەنێوان فەرەنسا و باکوری ڤێتنام دروست بوو، بەڵام فەرەنسیەکان سەرکەوتونەبوون، بۆیە ئەمریکا هاتە نێو جەنگەکە و

وڵاتی گەمارۆدا، بەڵام ئەمریکاش سەرکەوتونەبوو. لەساڵی ١٩٧٣ ڕێکەوتننامەی ئاشتی پاریس بەسترا، بەڵام باکور بەردەوام بوو لە سەر سیاسەتی یەکگرتنەوەی وڵات و کشانەوە و دەرچوونی ئەمریکا لە وڵات. دواتریش پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو ڤێتنامەکە ئاسایی بووەوە. جەنگەکە قوربانیەکی زۆری لێکەوتەوە، بەجۆرێک پێشبینی دەکرێت سێ (٣) ملیۆن و ١٠٠ هەزار سەرباز و هاوڵاتی ڤێتنامی

**خستنەڕووی خۆڕاگری چەندین شار و شارۆچکە و قەڵا دژی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکان، بۆ سەلماندنی حەقانیەتی بەرگری ڕەوای کوبانێ و سەرخستنی خەباتیانە**

کوژرابێت، لەو ژمارەیەش نزیکەی ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ هەزار خەڵکی وڵاتی کەمبودیا بوون کە کەوتبوونە ناو جەنگەکە، ٢٠ بۆ ٣٠ هەزارلە خەڵکی لاس، ٥٨ هەزار و ٢٢٠ سەرباز و فەرماندەی جەنگی ئەمریکا کوژران. هەروەها هەزارو شەش سەد و بیست و شەش کەسیش لەماوەی جەنگەکەدا ونبوون.

لەنێو بەرگری ڤێتنامیەکان، چەندین شار بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگریان لە خۆیان کرد وەک (سایگۆن، ئان لۆی) کە ماوەی ٦٦ ڕۆژ گەمارۆدرابوون. ئەوەی لەنێوان داستانی کوبانێ و ڤێتنامیەکان لێکچووە، پەیوەندی بە شکانی هێزی بەرانبەرەکانیانەوە هەیە، کە بەو جۆرە هێزی باشور و ئەمریکیەکان تێکنەشکابوون، هەروەها لە کوبانێش تا ئەوکات داعش نەشکابوو، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری شەرڤانان و خەڵکی کوبانێیەوە غروریان شکاو لە کانتۆنی کوبانێ و تەواوی خۆرئاوای کوردستاندا دەرکران و زیانێکی ئێجگار گەورەیان بەرکەوت، لەهەمانکاتدا داعش لە تەواوی ئەوناوچانەی لە عێراق و سوریا داگیری کردبوون تووشی شکستی گەورە بوو.

- **نەبەردی ئالامۆ:**

یەکێکی دیکە لەو نەبەردیانەی شۆڕشگێڕەکان دژی دەسەڵاتی داگیرکاری وڵاتانی دیکە نواندویانە، خۆڕاگری هاوڵاتیانی (ئالامۆ)ی وڵاتی ئەمریکایە، خەڵکی قەڵای ئالامۆ کە نزیکی شاری (سان ئەنتۆنیۆ) ئەمرۆیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەرگریان کرد.

شەڕی ئالامۆ، لە ٦ ئازاری ١٨٣٦ لە نێوان شۆڕشگێڕانی تەکساس و سوپای مەکسیکدا لە قەڵای ئالامۆی سەنتەری شارۆچکەی (سان ئەنتۆنیۆ دی بێخار) ڕوویدا.

لە ٢٣ ی شوبات، گەنراڵ (سانتا ئاناک) سوپایەکی گەورەی دروست کرد و گەمارۆی شارۆچکەکەیدا و بەرگریکاران ڕۆشتنە قەڵاکە، لە شەوی ٥ ئازار بەرگریکاران بەڵێنیاندا تا مردن بجەنگن، بۆیە بە درێژای ئەو شەوە شەڕکرا. لە شەوی ٦ مانگ مەکسیکیاکان بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەر قەڵاکە. لە گەڵ ئەوەی بەرگریکاران شەڕی بێ وێنەیان کرد و ژن و منداڵ هاوکاریان بوون، بەڵام دواتر مەکسیکەکان بەقورسی سەرکەوتن و زیاتر لە ٦٠٠ سەربازیان کوژران و نزیکەی ٢٠٠ کەسیش لە بەرگریکاران گیانیانلەدەستدا. بەڵام خۆڕاگری و بەرخۆدانی بەرگریکارانی قەڵاکە بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژوایکرد شەڕی ئالامۆ لە مێژوودا بە گرنگییەوە تۆمار بکرێت و وەک سمبولی نەمری و شەڕی سەربەخۆیی ناوببرێت.

ماوەی چەندین ساڵ خەڵکی ڕەسەنی شارۆچکەکە دژی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان لەو شوێنەدا جەنگاون، وەک چۆن خەڵکی کوبانێ و شەرڤانان ماوەی چەند ساڵێک دژی دەسەڵاتە داگیرکەر و ڕوخێنەرەکان دەجەنگن.

خستنەڕووی خۆڕاگری چەندین شار و شارۆچکە و قەڵا دژی دەسەڵاتدارە داگیرکەرەکان، بۆ سەلماندنی حەقانیەتی بەرگری ڕەوای کوبانێ و سەرخستنی خەباتیانە، وەک چۆن هەر یەک لە خەڵکی ئەو وڵاتانەی خاوەنی خەبات و تێکۆشانی هاوشێوەی کوبانێ-ن، ئائێستا شانازی بە خەباتیانەوە دەکەن. بۆیە پێویستە گەلی کورد و خەڵکی ئازادی خوازی ناوچەکە بەهەمان بیرکردنەوە شانازی بەخەباتی ڕەوای کوبانێیەوە بکەن و وەک سمبولی خەبات و قوربانیدانی کورد لە مێژوودا تۆماری بکەن. هەروەک چۆن رووسەکان بەشکۆمەندی باس لە ستالینگراد دەکەن و ناوەکەی دەپارێزن و دوژمنەکانیانی پێ دەترسێنن، لەم دواییانەشدا، پۆتنی سەرۆکی وڵات بەوە هەڕەشەی لە ئاردۆگانی سەرۆکی تورکیا دەکرد کە سوریای لێدەکاتە ستالینگراد، بەم جۆرەش گرنگە کوردەکان هەمیشە کوبانێ بیر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بخەنەوە.

گرنگە مێژووی کوبانێ، بخرێتە ناو بەرنامەی خوێندن و نەوەی داهاتوو لەسەروەری مێژووی وڵاتەکەیان ئاگادارین، تاکو پێیان بوترێت، لەناو ئەو هەموو خاڵە ڕەشەی مێژووی کورد، کە دەگمەنە لەناو جوڵانەوە و خەباتێکی هێزە کوردەکان بەدەگمەن لەناوخۆدا خیانەتیان لەیەک نەکردبێت و دژی یەک نەوەستابێتنەوە، بەڵام کوبانێ بەبێ خیانەت سەرکەوتنێکی گەورەی مێژوویی تۆمارکرد.

# پارادیمی ڕەخنە و ڕەخنەدان و دۆخی باشوری کوردستان



ئازادیی کۆمەڵگە
حەسەن جودی

بەشی سێیەم کۆتایی

«دەمێکە شاری پڕ شۆری مەحەببەت
مات و خامۆشە
بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا
نەکەم، چ بکەم؟!»
مەحوی

(٦)

مانیفێستۆی شۆڕش - پارادایمی شۆڕشگێڕی

مسۆگەر ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە باشور لە گێژاو دایە و بۆ تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە پێویستیی بە شۆڕشێکی زیهنی - ویژدانی - ئەخلاقی - کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. دۆخی باشور لەڕووی بابەتییەوە؛ دۆخی بەرپاکردنی شۆڕشێکی جەماوەرییە و لەدەرەوەی شۆڕشی جەماوەرییشدا هەر چارەسەرییەکی دیکە وەهمێکی دژە شۆڕشییە. ئیدی شۆڕش بۆتە پێداویستییەکی ژیانی لە باشور، بێ شۆڕش ژیان زۆر دژوارە و بێ شۆڕش ئیدی ژیان بە واتای خۆی بەردەوام نابێت. چونکە لە باشوردا دۆخێکی داگیرکارکاری و خیانەتکردن لەبەرامبەر بە گەل باڵادەستە و دیار نییە بەرەو چ هەڵدێرێکی مەترسیدار دەبردرێت. بۆیە بەبێ شۆڕشێکی ئازادیخوازی جەماوەری؛ داگیرکاری و خیانەتکاریش ڕاناماڵرێت.

هەروەها لە باشوردا کێشەی نان و ئازادی هەیە و بەیەکەوەش پەیوەستدارن، بۆیە لەبەرامبەر بەم دۆخی بێ نانی و بێ ئازادییەدا شۆڕش پێویستییەکی ناچارییە. ئیدی فاکتەری یەکەمی شۆڕش نان بێ یان ئازادی، ئەوا ئازادی لە نان و نانیش لە ئازادی دایە. باوەڕم وایە کە هەر شۆڕشێك بۆ نان و ئازادی نەبوو و مەیلی دەسەڵاتخوازی هەبوو ئەوا شۆڕش نییە و چەواشەیە. هەڵبەتە لەنێوان شۆڕش و شۆڕشی چەواشەدا؛ بەدیهێنانی ئازادی سەنگی مەحەکە. هەڵبەتە کوشندەترین وەهمیش ئەوەیە کە دژەشۆڕش (شۆڕشی ساختە، شۆڕشی چەواشە) بە شۆڕش ببینرێت.

گومان لەوەدا نەماوە کە ژیانی ئازاد و شکۆمەند لە باشوردا لە شۆڕشی ئازادیدا خۆی حەشار داوە. بۆ ئەم شۆڕشە؛ چەکی قورس، باڵەخانەی بەرز و پارەیەکی زۆری ناوێت، تەنیا ئیرادەی دەوێت، کە ئیرادە هەبوو، ئەوا هەموو پێداویستییەکانی بەرپاکردنی شۆڕش و سەرکەوتنی شۆڕش دەکرێ دابین بکرێت. ئیدی نابێت لە شۆڕش بەرپاکردن بترسین. ترس لە شۆڕش ترسە ئازادی، ترس لە ئازادی ترسە لە تێگەیشتن و بەرپرسیارێتی. هەڵبەتە ترس بۆخۆی لەئاست ئیرادەی شۆڕشگێڕیدا شێرەبەفرینەیە و هەر شۆڕشە ترس دەتوێنێتەوە. بەڵام شۆڕش خۆی چییە؟!

بێگومان زۆربەی دژبەرانی شۆڕش؛ یان لەواتای شۆڕش تێنەگەیشتوون، یان زەرەرمەندن لێی، بۆیە شۆڕش و دۆخی شۆڕشگێڕیی پەسند ناکەن و تەنانەت دژیشی ڕادەوەستن. بەڵام شۆڕش بۆخۆی ڕاستەوڕاست پەیوەستە بە ژیانەوە و خۆی ژیانە، هەڵبەتە ژیانێکی واتادار، کە لە ژیانی ئازاددا بەرجەستە دەبێت. چونکە لە سادەترین واتایشیدا؛ شۆڕش چالاکی گەڕاندنەوەی واتایە بۆ ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگە و کۆتاییهێنانە بەژیانی کولەمەرگی و دووبارە و بێڕۆح و بێواتا، دەستپێکردنی پرۆسەی تێکۆشانە بۆ ژیانێکی ئازاد، بیرکردنەوەی ئازاد و لێگەڕینی هەقیقەتە. بۆیە چەندە شۆڕش هەڵگری هەقیقەتی ژیانی ئازاد بێت، ئەوەندەش خۆی لەو وەهمانە بەدوور دەگرێت کە هەوڵدەدەن جێی ژیانی ڕاستەقینە پڕبکەنەوە. چەندە شۆڕش هزری گۆڕینی ژیانە، ئەوەندەش هونەری بونیادنانەوەی ژیانە. شۆڕش حەزێکی مەرگدۆستی و خوێناویکردنی دۆخی

هەبی نییە، بەڵکو دروشم و کرۆکی خۆی؛ بونیادنان و بەردەوامیدانە بە ژیانی ئازاد. واتا؛ گەڕاندنەوەی ڕۆحی ژیاندۆستی و عەشقی ژیانی ئازادە.

مسۆگەر شۆڕش دوو ستووندی بنچینەیی هەیە؛ یەکیان هزرە و ئەوەی تریان کردارە. لەڕووی هزرییەوە شۆڕش واتا؛ شکاندنی بەستەڵەکی دۆگماتیزم و بەلاوەنانی بێباکیی لومپەنیزم و خوڵقاندنی پارادایمی شۆڕشگێڕی و گەڕاندنەوەی سروشتی دیالیکتیکە بۆ ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگە. سروشتی دیالیکتیکیش واتا؛ یەکبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە و گۆڕان و پێشکەوتنی هەمیشەیی لەسەربنەمای ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراتی و ئاشتی و بەیەکەوە ژیان. هەڵبەتە بەرپابوونی شۆڕش ڕۆحی لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیانی هاوسەنگ دەخولقێنێت و پەیماننامەیەکی ئازادیخوازانەی خەڵك بۆ ژیانی ئازاد دەنووسێتەوە.

لەبەر ئەوەی شۆڕش؛ بەتووڕەیی ئاوڕ لەرابردوو دەداتەوە و پەسندی ناکات، لەئێستاش رادەمێنێ و دەیەوێت تێیپەڕێنێت، بەجۆشیشە بۆ ئایندەیەکی گەش، بۆیە دەبێ وەڵامی هزری و کرداری هەبێ بۆ پرسی چۆن ژیاوین، چۆن دەژین و چۆن بژین؟ لێرەوە لەگەڵ بەلاوەنانی بێهوایی، بێئیرادەیی، رەشبینی، بێهودەیی و قەدەرگەراییدا، باوەڕی، هیوا، ئیرادە و هێز و توانستی تێکۆشان بۆ تاك و کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە. بێگومان باوەڕی هیوا دەئافرێنێ، هیواش ئیرادە، ئیرادەش هێزی تێکۆشان. ئیدی شۆڕش لەهزرەوە دەست پێدەکات، لەچالاکیدا هەڵدەکشێ، لەواقیعیشدا سەردەکەوێت. یان بە واتایەکی دیکە؛ شۆڕش لەواقیعی گێژاودا چەکەرە دەبێ و لەهزردا دادەڕێژرێ و واقیعێکی تری جوداش دەخولقێنێ!.

لەڕووی کردارییەوە؛ شۆڕش بۆ تاك و کۆمەڵگە هەر تەنیا دروشمگەلێکی وەك:»بژی و بمرێ» نییە، بەڵکو پرۆسەی خۆخوڵقاندنەوە و خوڵقاندنی ژیانێکی شکۆدارە، گەڕاندنەوە یان گەیاندنەوەی تاك و کۆمەڵگەیە بە سروشتی خۆیان. بۆیە چەندە دژی ستەمی دەسەڵاتدارییە، دەبێ ئەوەندەش دژی ستەمی کۆمەڵگە لە تاکەکانی بێت. لێرەوەیە شۆڕش کارابوونەوەی ئیرادەی ئازاد و ڕێکخستەبوونەوەی کۆمەڵگە دێنێت و کەرامەتی ئینسانی تاك و جوانییەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگەڕێنێتەوە. شۆڕش بۆ تاکیش و بۆ کۆمەڵگەش بەواتای ئافراندنی باوەڕی، هیوا، ئیرادە، وزە و هێزی گەیشتن بە ژیانی ئازاد دێت.

> **لە مانیفێستکردنی شۆڕشدا ئەرکێکی زۆرمان خستە ئەستۆی شۆڕش بۆ ئەوەی بە ئامانجگەلێکی زۆر بگات**

شۆڕشگێڕێتی بۆخۆی بیر و گووتە و کردارە بەیەکەوە، ڕۆحێکی چالاك و ویژدانێکی زیندووە. کەسێتی شۆڕشگێڕ؛ بەباوەڕ و بڕیارە، بەهیوا و ئیرادەیە، بەهێز و چالاکە بۆ شۆڕش. مەزنترین شۆڕشی جیهانیش هەر لە شۆڕشی خودسازییەوە دەستپێدەکات. واتا لە بونیادنانەوەی سەرلەنوێی خود. وەك چۆن پیتێك، دوو، سێ دەبێتە وشە و وشەیەك دوو و سێش دەبێتە ڕستە، وەك چۆن بە داگیرساندنی مۆمێك، چرایەك، مەشخەڵێك شەوەزەنگ لەو شوێنە نامێنێت، ئەوا مەزنترین شۆڕشیش لە تاکێك، دووان و سێیانەوە دەستپێدەکات و کۆی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڵام ئەم شۆڕشە لەبەرپابوونیدا؛ پێویستی بە ڕۆحی ڕێنیسانسی، ئەقڵی ڕۆشنگەری و فەلسەفەی ئازادی هەیە لەو تاکەی کە خەریکی خۆبونیادنانەوەی شۆڕشگێڕانەی خودی خۆیەتی. پێویستی بە هزری شۆڕشگێڕی، کەسێتی شۆڕشگێڕ، ڕێکخستن و چالاکی شۆڕشگێڕی هەیە. واتا پێویستی بەمیکانیزمە بنچینەییەکانی «پەروەردە، ڕێکخستەبوون و چالاکی شۆڕشگێڕانە» هەیە.

(٧)

ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕی – پۆلینی شۆڕش

لە مانیفێستکردنی شۆڕشدا ئەرکێکی زۆرمان خستە ئەستۆی شۆڕش بۆ ئەوەی بە ئامانجگەلێکی زۆر بگات. ئەمە گرفت و ئیشکالییەتێکی مەزنە. چونکە لە وردبوونەوەمان بۆ ئەو ئەرك و ئامانجانە، گرفتی ئەوەی کامە ئەرك لەپێش ئەرکەکانی ترەوەیە؟ کامە ئامانج لەپێش ئامانجەکانی ترەوەیە؟ لەبەردەمماندا قوتدەبێتەوە. ئایا چ پێوانە و ڕێکارێك بۆ پۆلینکردنی ئەرك و ئامانجەکان بەبنەما وەربگرین، بێ ئەوەی بکەوینە نێو تەڵەزگە لۆژیکییەکانی دۆگماتیزمەوە، کە ڕەهاگەرایی لەجیاوازکردنی نێوان هەموو شتێکدا دەکات، هەروەها بێ ئەوەی خۆ لە لۆژیکی پارچە پارچەکردن و دابڕاندنە بێ بنەماکانی لومپەنیزمیش بۆ شتەکان نزیك بکەینەوە؟

دەکرێ لەمڕووەوە هانا وەبەر مەتۆدی پۆلینکاری بیرمەند «فرناند براودل»

ببەین لە پۆلینکارییەکەیدا بۆ زەمەنی پێکهاتن و گۆڕین و گەشەسەندنەکان. هەڵبەتە لێرەدا و لەم وتارەدا دەرفەتمان بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەتۆدەی «براودل» و بیر و بۆچوونی بۆ کۆی مێژوو و شارستانییەت نییە، بەڵام بە پووختی دەتوانین بڵێین کە؛ «براودل» زەمەنی مێژوویی لەرووی خایاندنەوە بۆ سێ ئاست پۆلین دەکات؛ زەمەنی درێژخایەن (زەمەنی جوگرافیایی)، زەمەنی ناوەڕاست (زەمەنی کۆمەڵایەتی)، زەمەنی کورت (زەمەنی سیاسی- یان زەمەنی تاکی). زەمەنی درێژخایەن(Le Temps Long)؛ زیاتر پێکهاتە بونیادییەکان دەگرێتەوە، وەك پێکهاتەی جوگرافیایی، پێکهاتەی زیهنی، پێکهاتەی کلتور(چاند)ی، گۆڕانکارییەکان لەم ماوە زەمەنییەدا زۆر خاون، ڕەنگێ سەدەیە یان چەندین سەدەی پێویست بێت تا گۆڕانکاری لە بونیادیاندا بکرێت. زەمەنی ناوین (Le Temps cyclique)؛ زیاتر بارودۆخەکان (ظروف) لەخۆوە دەگرێت و زەمەنێکی خولدارە (دوري)یە و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەخۆوە دەگرێت، ڕەنگێ لە دە ساڵ تا پەنجا ساڵ بخایەنێت تا گۆڕانکاری ئابووری بنچینەیی یان کۆمەڵایەتی ڕیشەیی ڕوودەدات. زەمەنی کورت (Le Temps Court)؛ کە زەمەنی ڕووداو و کەسەکانە و زیاتر ڕووداوە سیاسییەکان و کەسیەکان لەخۆوە دەگرێت و بۆ ڕوودانیشی پێویستی بە زەمەنێکی کورتی چەند ساڵێ هەیە.

ئەوەی بەم مەتۆدەی «براودل»ەوە سەبارەت بە دۆخی باشور دەتوانین شیکردنەوەی پێبکەین و ئەنجامی لێوەربگرین وەهایە: ئەو گێژاوەی باشوری کوردستان بە تایبەت و کۆی خۆرهەڵاتی ناوینی تێدا غەرق بووە لە سێ ئاستی جیاواز دان، بۆیە هەر هەوڵدانێك بۆ ڕزگاربوون لەم گێژاوە ئاست جیاوازانەدا پێویستی بە شۆڕشی ئاست جیاواز هەیە:

یەکەم: باشور کە لە گێژاوێکی زیهنی و کلتوری قووڵ دایە، هەر تەنیا بەرهەمی ئەو بیستوپێنج ساڵەی دوای ڕاپەڕین نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ سەدان و هەزاران ساڵی ڕابردوو تا ئەو گێژاوە زیهنیی و کولتوریانە دەقیان گرتووە و بوونەتە بەشێك لە ڕاستینەی واقیعی ڕابردوو و ئێستای باشور – و کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیش. هەڵبەتە لە سەدەی بیستەوە تا ئێستا ئەو گێژاوە ڕەهەند و مەودای دیکەی وەرگرتووە و خەستتر بۆتەوە و لەمیانەی بەریەکەوتنی لەگەڵ کلتور و زیهنییەتی دیکەی دەرەوەی ئەو جوگرافیایە، لەهەمانکاتدا جولە و کارابوونی هەندێ توخم و فاکتەری زیهنی و کلتوری ناو خودی پێکهاتە زیهنی و کلتورییەکەی باشور - بەتایبەتی ئەو بیستوپێنج ساڵە - وایکردووە گێژاوەکە خێراتر ڕۆبچێت و کاریگەرییەکانی زیاتر ببن. هەڵبەتە شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیای ئێستاش هەموو ئەو توخم و فاکتەر و بەریەکەوتن و جولە و کارابوون و کاریگەرییانەی بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر مەزن و کاریگەر کردووە. واتا ئەوەی لە هەزاران ساڵدا، یان بە سەدان ساڵ دەکرا کاریگەری هەبێت یان گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تێدا بێتەدی، ئەوا مرۆڤ لەچەند دەیەکدا دەیبینێت و دەرکی پێدەکات.

> **گرفتی دۆگماتیزم گرفتێکی زیهنی و کلتوری هەروا ئاسان نییە تا لێیەوە بەچاونوقانێك لێی ڕزگار ببین**

بۆیە کاتێك باس لە تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە زیهنی و کلتورییە دەکەین، دەبێ ئەو ڕاستیانەی سەرەوە لەبەرچاو بگرین و پێمان وانەبێت بە ماوەیەکی زۆر کەم و لە چەند ساڵێکدا دەتوانین ئەو گرفتە زیهنی و کلتوریانە تێپەڕێنین، ئەوەی دەتوانێت ئەو ماوەیە کورت و کورتتر بکاتەوە ڕەنگێ ئەو شۆڕشە زیهنی و کلتورییە بێت کە بۆتە پێویستییەکی ژیانیی لە باشور و کۆی خۆرهەڵاتی ناویندا. ڕەنگێ هەندێ گرفتی بونیادی زیهنی و کلتوری ئەوتۆ هەبن کەوا پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەنتر هەبێت.

بۆ نموونە؛ گرفتی دۆگماتیزم گرفتێکی زیهنی و کلتوری هەروا ئاسان نییە تا لێیەوە بەچاونوقانێك لێی ڕزگار ببین، ئەمە لەکاتێکدا کۆی بونیادی زیهنی و کلتوری لەم جوگرافیایەدا بونیادێکی دۆگماییە. پیرۆزی و تابۆ، ڕەهاگەرایی و قەدەرگەرایی، لاساییکردنەوە و ئەزبەرەیی....هتد هەموو خانە و شانەی ئەو زیهنییەت و کلتورەی باشور و خۆرهەڵاتی ناوینی داگیرکردووە و هەر وا بە سانایی قەڵا و قووڵە و سەنگەرە زیهنی و کلتورییەکانی خۆی چۆڵ ناکات. هەروەها گرفتی لومپەنیزم کە هەم گرفتێکی دێرینە و هەمیش سەدەیەك زیاترە وەك ڕەوت و تەوژمێکی زیهنی و کلتوری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ڕەشەبائاسا ڕووی لە باشور و خۆرهەڵاتی ناوین کردووە.

گرفتی دەسەڵاتخوازێتی (هیرارشیزم) و سیستەمی دەسەڵاتدارێتی هەر تەنیا گرفتێکی سیاسی ڕۆژانە و کورت مەودا نییە، بەڵکو لە بنچینەدا گرفتێکی بونیادی درێژخایەنە، بۆ پێنج تا حەوت هەزار

ساڵ دەگەڕێتەوە و چەندین قۆناخ و جۆر و شێوە و شێواز و چەمك و مەودای هەیە، بەڵام لە بنچینەدا یەك كرۆك و زیهنییەتی هەیە. بێگومان تێپەڕاندنی زیهنییەتی دەسەڵاتخوازێتی و سیستەمی دەسەڵاتدارێتیش هەروا ئاسان نییە، بەڵكو لەبەر ئەوەی هێز و توانستی خۆی لە هەردوو زیهنییەتی دۆگماتیزم و لومپەنیزمەوە دەگرێت، وەك بونیادێكی سێ ستوونی (دۆگماتیزم، لومپەنیزم، هیرارشیزم) پێكهاتەی زیهنییەتی باڵادەستیی پێكدەهێنن. گۆڕانكاری لەو بونیادە زیهنی و كلتورییە گۆڕانكارییەكی خاو دەبێت و پێویستی بە ماوەیەكی درێژ هەیە بۆ تێپەڕاندنیان.

ئیدی گەلێك گرفتی دیكەش هەن، كە خودی گێژاوەكەیان پێكهێناوە و لە پەتای درێژخایەن دەچن، هەروا بە سانایی ناتوانرێت تێپەڕێنرێن، مەگەر تەنیا بە رەوت و تەوژمی زیهنی و كلتوری پێچەوانەی گەردەلول ئاسا بتوانێت ئەو گرفتانە لە دۆخی گێژاو دروستكردن دەربهێنرێن و ببڕدرێن، یان بپووكێنرێنەوە، كە بەمە دەگووترێت؛ رەوت، یان تەوژمەكانی شۆڕشی زیهنی و كلتوری.

مسۆگەر لەپشت هەموو گێژاو و گرفتە ئابووری، كۆمەڵایەتی، سیاسییەكانیشدا پاشخانێكی زیهنی و كلتوری خۆی هەیە و رۆڵی بونیادییانەی پێكهاتەی زیهنی و كلتوری ناكرێ فەرامۆش بكرێت. هەروەها دەبێ كاریگەرییە پێچەوانەییەكەیشی ببینین و دەرك بەوە بكەین كە؛ فاكتەرە ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانیش لەدرێژماوەدا و لە قۆناخە جیاوازەكانیدا رۆڵگێرن لە شێوەگرتنی بونیادی زیهنی و كلتوریدا.

دووەم: هەر لە باشوردا – لە كۆی خۆرهەڵاتی ناوینیشدا هەروایە- گێژاوێكی ئابووری و كۆمەڵایەتی قووڵ و فراوان لەئارا دایە، هەڵبەتە ئەو گێژاوە پاشخانی زیهنی و كلتوریی خۆی هەیە، بەڵام لە هەر ماوەیەكی مامناوەندی خولداری (دوری) دا گرفتی ئابووری یان كۆمەڵایەتی یان هەردووكیان بەیەكەوە دەردەكەون و مۆركی خۆیان لەو قۆناخە مامناوەندییە دەدەن. بێگومان گرفت و قەیرانە ئابوورییەكانیش بونیادە زیهنی و كلتوری و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان كاریگرەی

**دۆگماتیزم دەسەڵاتخوازێتییە. دەسەڵاتخوازێتی لە رۆحی گشت بزووتنەوە سیاسییە - چەكدارییەكاندا هەیە**

خۆیان لە دروستبوونیدا هەیە. گرفت و قەیرانە كۆمەڵایەتییەكانیش بەهەمان شێوە بونیادی زیهنی و كلتوری و ئابووری و سیاسی خۆیان هەیە. ئێستا لە باشور و تەواوی خۆرهەڵاتی ناوینیدا گێژاوێكی ئابووری و كۆمەڵایەتی قووڵ و فراوان هەیە.

دەكرێ هاوكات لەگەڵ بونیادەكانی ئەو گێژاوە ئابووری و كۆمەڵایەتییەدا دوو هۆكار بخەینەڕوو: یەكەمیان؛ سەرچاوەی گێژاوە ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان لە خودی پاشخانی مێژوویی و شارستانی كوردستان و خۆرهەڵاتی ناوینەوە دێت. چونكە ئەو پاشخانە زەمەنێكی زۆر درێژی بەسەردا تێپەڕیوە و گۆڕانكاریی ریشەیی تێدا روونەداوە، بۆیە بەسەریەكدا كەڵەكە بووە و بۆتە گێژاوێكی قووڵ.

دووەمیان؛ ئەو دەستێوەردانە دەرەكییەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە كە نزیكەی دوو سەدەیەك دەبێت لەهەوڵی داگیركاری و پاوانكردنی دایە و هێشتا نەیتوانیوە تەواو بەسەریدا زاڵ ببێت و بیخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە. بەڵام لەم دوو سەدەیەدا، بەتایبەتی لەم سەدو بیست و پێنج ساڵەی رابردوودا خۆرهەڵاتی ناوین و كوردستانی كردۆتە گۆڕەپانێكی خوێناوی شەڕ و پێكدادانەكان، بەمەبەستی پاوانكردنی دۆزەخێكی بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و گەلانی كوردستان بەتایبەتی دروستكردووە، كە بە بارتەقای هەموو مێژووی ئەم جوگرافیایە خوێنی رشتووە و كاولكاریی كردووە و ژینۆسایدی كلتوری و جەستەیی كردووە.

لە دۆخی ئێستادا لە باشور و تەواوی خۆرهەڵاتی ناویندا؛ ململانێیەكی چینایەتی - كۆمەڵایەتی زۆر دژوار و خوێناویی هەیە. ململانێی نێوان چینە چەوسێنەرە دەسەڵاتدارەكان - كە سەدا یەكی كۆمەڵگە پێكدێنێت - و چینە چەوسێنراوەكان - كە سەدا نەودونۆی كۆمەڵگە پێك دێنێت، رەگەزی چەوسێنەری دەسەڵاتداری پیاوسالار و رەگەزی چەوساوەی ژن. لەكاتێكدا ئەم جوگرافیایە دەوڵەمەندترین جوگرافیای جیهانە، زۆرینەی خەڵكەكەی لە دۆخی هەژاری و ژێر هێڵی هەژاری و بێكاری و مۆدێلێكی نوێی كۆیلایەتیدا دەژیت.

هەڵبەتە ئەم دۆخە تەنیا بە بەرپاكردنی شۆڕشێكی كۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنرێت كە دادپەروەری و یەكسانی كۆمەڵایەتی و هاوسەنگی و ئازادی رەگەزی بە ئامانج بگرێت. مسۆگەر لەدەرەوەی رێگای بەرپاكردنی شۆڕشێكی جەماوەری، هیچ رێگایەكی دیكە توانستی ئەوەی نییە لەیەككاتدا هەم دژ بەسیستەمی

پاوانخوازی سەرمایەی جیهانی و هەمیش دژ بەچینی ستەمکار و وابەستە و باڵادەستی نێوی ئەم جوگرافیایە رابوەستێت.

سێیەم: لە باشوردا گێژاوێکی سیاسی قووڵ و فراوان هەیە، وێڕای پاشخانە زیهنی و کلتوری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گێژاوە سیاسییەکان، ئەوا بویەرە سیاسییەکان (رێککەوتن و

**هەروەها وەهمێکی گەورەیە واتێبگەین کە لەباشوردا؛ دەسەڵات فرە زۆنە**

هاوپەیمانێتییەکان، شەڕ و پێکدادانەکان، ململانێی نێوان ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتخواز – هێزە دەسەڵاتدارەکان، ململانێی کۆ هێزە دەسەڵاتخوازەکان – هێزە دیموکراتییەکان، سەرهەڵدانی رەوت و هێزی نوێی سیاسی، هەڵوێست و جوڵەی کارەکتەرە سیاسییەکان...هتد) رۆڵیان لە دروستکردنی دۆخی سیاسی هەیە.

ئێستا ئەو بویەرە سیاسییانە لە باشوردا گێژاوێکی دژوار و بارگاوی بە توندوتیژی لێکەوتۆتەوە. بێگومان دەستێوەردانە دەرەکییەکان، بەریەکەوتنی نەرێنیانەی بەرژەوەندییەکانی هێزە دەرەکییەکان (هەرێمی و جیهانییەکان) لە باشور و ئێراقیشدا رۆڵی سەرەکیان لە دروستبوونی ئەو گێژاوە سیاسییەدا هەیە. بەڵام دواجار ئەوانە نابنە فاکتەری ناوەکی و لەدۆخی فاکتەری دەرەکیدا دەمێننەوە. ئێستا دوو تەوەری ململانێ لەئارادایە؛ یەکەمیان؛ ململانێی نێوان هێزە دەسەڵاتخواز و پاوانخوازەکان لەنێوان خۆیاندا، دووەمیان؛ ململانێی نێوان کۆی هێزە دەسەڵاتخوازەکان لەگەڵ کۆی کۆمەڵگە (گەل)دا. یان وردتر پۆلینی بکەین؛ چینی باڵادەستی کوردستان( کە چینێکی کەمینەیە و ئەو چینە بە سروشتی خۆی چینێکی دەسەڵاتخواز، پیاوسالار، تاڵانکار، وابەستەبەدەرەوە، کۆنەپەرست، گەندەڵ، ستەمکار و توندوتیژخوازە) لەگەڵ چینی چەوساوەی کوردستان (کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنێت) لە ململانێ و ناکۆکی دایە. مسۆگەر بەبێ شۆڕشێکی سیاسی جەماوەری ئەو ململانێ و ناکۆکییە یەکلایی نابێتەوە. هەموو رێگاکانی دیکەی دەرەوەی شۆڕش دەچنەوە کۆشکی دەسەڵاتدارن و ئاو لە ئاشی دەسەڵاتداران دەکەن.

هەروەها وەهمێکی گەورەیە واتێبگەین کە لەباشوردا؛ دەسەڵات فرە زۆنە، بەڵکو لەبنچینەدا یەك زۆنە و ئەویش زۆنی دەسەڵاتە. دەسەڵاتێکی شاراوەی پەیوەست بە تۆڕێکی فراوانی سەرمایەی پاوانخوازی جیهانیی و هەرێمییەوە لە باشور باڵادەستە، کە ئەگەر تەنیا دەزووێکی ئەو تۆڕە بقرتێنی، یان هەڕەشەی قرتاندنی لێبکرێت، ئەوا کۆی تۆڕەکە دەچێتە دۆخی هەڵوەشاندنەوە.

لەمیانەی ئەو پۆلینکردنەوە دەتوانین زۆر بە پووختی چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە دۆخی باشوری کوردستان – کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیش – دەستنیشان بکەین:

١. گێژاوێکی سەرتاپایی لە ئاستی زیهنی، کلتوری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەسێتی زۆر بە دژواری لە ئارادا هەیە. ئەو گێژاوە چەندە سەرتاپاییش بێت، بەڵام لە ئاست و کایەی جیاواز و بەتایبەتمەندی جیاوازیشەوە هەیە.

٢. هەر گێژاوێك بۆ گێژاوەکانی دیکە هەم فاکتەرێکە و هەمیش دەرئەنجامێکی گێژاوەکانی دیکەیە و لەناویەکدان و بەبێ یەکدی ناتوانرێت شیبکرێنەوە، هەروەها ناشتوانرێت تێپەڕێندرێن.

٣. بەهۆکاری ئەوەی تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادی دروستبوونی هەر یەکێك لەو گێژاوانە جیاوازە، ئەوا لەبەر هەمان هۆکاریش دەبێت تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادی تێپەڕاندنی هەر یەکێك لەو گێژاوانەش جیاواز بێت. ئەمەش

**کەواتە بۆ تێپەڕاندنی گێژاوەکان، یان گێژاوی سەرتاپاگیری، پێویستمان بە سێ شۆڕشی ئاست جیاواز و ماوە جیاواز و لەناویەکدا هەیە**

واتا؛ کاتێك هەر گێژاوێك تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادەکەی جیاواز بێت ئەوا دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئەو هەوڵ و کۆششەی – یان وردتر بڵێین ئەو شۆڕشەی - بۆ تێپەڕاندنی هەر گێژاوێکیش بکرێت جیاوازیی خۆی دەبێت.

٤. کەواتە بۆ تێپەڕاندنی گێژاوەکان، یان گێژاوی سەرتاپاگیری، پێویستمان بە سێ شۆڕشی ئاست جیاواز و ماوە جیاواز و لەناویەکدا هەیە. شۆڕشێکی زیهنی و کلتوری، شۆڕشێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، شۆڕشێکی سیاسی.

٥. شۆڕشی زیهنی و کلتوری؛

پێویستی بە زەمەنێکی درێژخایەن هەیە و ئەو شۆڕشە گۆڕینێکی ریشەیی لە کایەی زیهنی و کلتوریدا بێنێتەدی.

٦. شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ پێویستی بە زەمەنێکی مامناوەندی هەیە و گۆڕینی ریشەیی لە کایەی کۆمەلایەتی و ئابووریدا بێنێتەدی.

٧. شۆڕشی سیاسی؛ پێویستی بە زەمەنێکی کورت هەیە و گۆڕینی ریشەیی لە کایەی سیاسی و کارگێڕی و ئاسایشییدا بێنێتەدی.

٨. هەر هەنگاوێك و پێشکەوتنێکی شۆڕشگێڕی لە یەکێك لەو کایە و بوارانەی هزر و ژیانی کۆمەڵگەدا کاریگەری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر کایەکانی دیکەوە هەیە. ئەو شۆڕشانە یەکتر تەواو دەکەن و بەبێ یەکتر ئەنجامدار نابن.

٩. هەر یەکێك لەو شۆڕشانە پێویستی بە هزری شۆڕشگێڕی، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی، کەسێتی شۆڕشگێڕی و چالاکی شۆڕشگێڕی هەیە.

١٠. لەبەر ئەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی دەرگاکانی لەبەردەم هەموو کرانەوە و گۆڕین و وەرچەرخانێکی بونیادیی و شۆڕشگێڕانە داخستووە و بۆتە سەنگەر و قەڵای قایمی کۆنەپەرستی، تاڵانی، ستەمکاری و تەواوی ئەقڵییەت و رەوت و تەوژمە کۆنەپەرست و تاڵانکار و ستەمکارییەکانی ناو کۆمەڵگە لەپەنا و سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا خۆیان حەشارداوە و هێز و توانستی بەردەوامی لێوەردەگرن، بۆیە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سیاسی بۆتە ئەرکێکی بەپەلەی ژیانیی و ناچاریی کۆمەڵگەی باشور.

مسۆگەر باشور ئێستا لەهەموو شتێك زیاتر پێویستی بە شۆڕشێکی سیاسی هەیە. بەواتای ئەوەی شۆڕشێك ئامانجی سیاسی هەبێت و راستەوخۆ لە دژی دەسەڵاتدارێتی بەڕێوەبچێت. بێگومان لێرەدا کە دەڵێین سیاسەت مەبەستمان سیاسەت بە هەردوو مەوداکەیەتی کە «هێزی سیاسەت و سیاسەتی هێز»ن.

مەبەستمان لە «هێزی سیاسەت» ئەو هێزەیە کە سیاسەت لێیەوە هەڵدەقوڵێت و کاریگەر و رۆڵگیری دەکات. مسۆگەر بەبێ ئەو هێزە سیاسەت ناتوانێت واتادار و کاریگەر بێت. هێزی سیاسەت واتا؛ ئەو هێزەیە کە بزووتنەوەیەك یان رێکخستنێکی سیاسی لە ستراتیژ و تاکتیکی سیاسیی خۆیەوە بەدەستی دێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە لە بەرنامە

> **گرفتە بنچینییەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە؛ تا شۆڕشێکی سیاسی روونەدات، دەروازە لەبەردەم شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و بەدوایشیدا شۆڕشێکی زیهنی و کلتوری ناکرێتەوە**

و هزر و ئایادیۆلۆژیایدا بەرجەستە دەبێت. بە واتایەکی هێزی سیاسەت واتا؛ هێزی هزری، هێزی رێکخستنی، هێزی جەماوەری، هێزی سەرمایە و راگەیاندن و چەندین پنتی دیکەی کە سیاسەت هێزی خۆی لێیان وەردەگرێت. ئەوەی گرنگە ئەو هێزەی سیاسەت تا چەند لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پاراو و تۆکمەیە، چەندە مەزنە، چەندە رەگی خۆی داکوتاوە و چەندە ئایندەی بردۆتەوە؟!

بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە؛ کەی و لەکوێ و چەند و چۆن و بۆچی ئەو هێزە بەکاردێنیت؟! ئایا لە کات و شوێن و دۆخی گونجاو و بەبڕی پێویست بەکارهاتووە و خراوەتە گەڕ یان نا؟ ئەگەر نیوەی سەرکەوتنی سیاسەت پابەند بێت بە هێزەکەیەوە، ئەوا نیوەکەی تریشی پەیوەستە بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو هێزە لە کات و شوێن و دۆخ و رادەی پێویستدا. ئا لێرەوەیە کە «سیاسەتی هێز» گرنگی خۆی دەردەکەوێتە پێش. سیاسەتی هێز واتا؛ چۆنێتی کارکردن و پەیڕەوکردنی ستراتیژ و تاکتیك، چۆنێتی و چەندێتی بەکاربردنی هێز لە کات و شوێنی پێویستدا. مسۆگەر چەندە هێزی سیاسەتت هەبێت، ئەگەر تێگەیشتنێکی قووڵ و فراوانت نەبێت بۆ «سیاسەتی هێز» ئەوا وەك ئەوە وایە ئاو لە بێژینگدا کۆبکەیتەوە. یەکێك لە خاڵە بناخەییەکانی گەیاندنی هزری شۆڕشگێڕی بە کرداری شۆڕشگێڕی، تێگەیشتنە لە «دیالیکتیکی هێزی سیاسەت و سیاسەتی هێز». ئەمە لە بنەڕەتدا دیالیکتیکی سیاسەتی شۆڕشگێڕییە، ستووندێکی سیاسەتی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕییە. واتا شۆڕشی سیاسی بەبێ ئەو دیالیکتیکەی سیاسەت ئەنجامدار نابێت. بێگومان تێگەیشتن لەمە گەلێك لە کایەکانی هونەری شۆڕش بەرپاکردنمان بۆ روونەبێتەوە. ئیدی شۆڕش لەم خاڵەوە دەستپێدەکات و لەم خاڵەشەوە ئاسۆی سەرکەوتنی شۆڕش بەدیدەکرێت.

گرفتە بنچینییەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە؛ تا شۆڕشێکی سیاسی روونەدات، دەروازە لەبەردەم شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و بەدوایشیدا شۆڕشێکی زیهنی و کلتوری ناکرێتەوە. لە ساڵانی دوای راپەڕیندا دەرفەت و پۆتانسێڵێکی باش لە

ئارادا هەبوو - کە دەکرێ ئەو پۆتانسێڵە بە هێڵ و بەرەی ئازادی و دیموکراتی گەل ناوزەدی بکەین - کە بتوانرایە لەمیانەی رابوونێکی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازی و دیموکرایخوازییەوە دژ بە هێزە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی باشور، تەنگ بەو دەسەڵاتە هەڵچنن و سنوورداری بکەن و نەهلێن وەها ئێسقان ئەستوور و ملهوڕ ببێت. بەڵام ئەو رابوونە شۆڕشگێڕییە روونەدا، هۆکاری بنچینەیی ئەمەش ئەوەبوو؛ لە لایەکەوە لەبەرامبەر بەو پۆتانسێڵە ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازییەدا هێزە دەسەڵاتخوازەکان – کە بە بەرەی کوردستانی ناسراو بوون- زنجیرەیەکی درێژ و بەردەوامی تیرۆری سیاسی و تەنانەت کۆمەڵکوژی گەورەی دژ بە نەیارەکانی بەڕێوەبرد، بە گەلێك شێواز و رێگاوە، رێگیریان لە پەرەسەندنی ئەو رابوونە شۆڕشگێڕییە کرد. هەرچییەکیان لەدەست هات لەبەرامبەر بە ئازادیخوازان بێباکانە کردیان. تەنانەت لەمیانەی خۆ وابەستەکردنیان بە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خیانەتی زۆر مەزنیان ئەنجام داوە، تەنیا بۆ ئەوەی لەدەسەڵاتدارێتیدا بمێننەوە. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە؛ دەبێ ئەو راستییەش ببینین کە هێڵ و بەرەی ئازادی و دیموکراتی گەل – بەوپەڕی کرچوکاڵی و بێبەرنامەیی و ناڕێکخستنی و لە بزربوونی هزر و رۆحی شۆڕشگێڕی و کەسێتی شۆڕشگێڕیدا؛ هەندێك هەوڵدان و کۆشش هەبوو، بەڵام لەبەرامبەر بە ئەژدیهابوونی دەسەڵاتدارێتی باشوردا زۆر کزۆڵە و بێچارە بوون. نەیانتوانی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی بخەنە بواری کردارییەوە. بێگومان تا هاتووە ئەو دەرفەت و زەمینە بابەتییە (الظروف الموضوعیة) بۆ رابوونێکی شۆڕشگێڕی زیاتر بووە، ئێستا لەهەموو کات زیاتر زەمینەی بابەتی بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی سیاسی لە باشوری کوردستاندا رەخساوە، بەڵام هەبوونی زەمینە و دەرفەت بۆ رابوونێکی شۆڕشگێڕی تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی رابوونێك روودات.

> **ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی واتا؛ یەکانگیربوون و ئاوێتەبوونی زەمینەی بابەتی و زەمینەی خودی**

بەڵکو هزر و رۆح و رێکخستن و چالاکی و کەسێتی شۆڕشگێڕیشی پێویستە. هەڵبەتە بەمانەش دەڵێن؛ دۆخی خودی (الظروف الذاتیة). ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی بنچینەیی چەکەرەبوون و گەورەبوونی ئەو گێژاوەیە کە ئەمڕۆ خەریکە هەموو بەهایەکی ئەم گەلە هەڵدەلووشێت.

لێرەوە تێدەگەین کە؛ ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی واتا؛ یەکانگیربوون و ئاوێتەبوونی زەمینەی بابەتی و زەمینەی خودی. لەمیانەی یەکبوونی زەمینەی بابەتی و زەمینەی خودیدا ئەوا دۆخی شۆڕشگێڕی دەخوڵقێت و دۆخی بەرپابوونی شۆڕش دەستپێدەکات.

(٨)

بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕی – یاخیبوونی مەدەنی

لەڕاستیدا؛ یەکێك لە گرفتە هەرە قووڵەکان وێکچواندنی زەبروزەنگە بە شۆڕش، وەك ئەوەی شۆڕش واتا زەبروزەنگ و زەبروزەنگیش واتا شۆڕش. ئەمە بۆخۆی بەلارێدابردنی چەمکی شۆڕشە. هەروەها پەیوەست بەم گرفتەوە وێکچواندنی زەبروزەنگە بە بەرگری رەوا (الدفاع المشروع) و بەرەنگاربوونەوەی رەوا (المقاومة المشروعة)یە. وەك ئەوەی زەبروزەنگ بەواتای بەرگری رەوا و بەرگری رەواش واتا زەبروزەنگ. لەبەشەکانی پێشوودا کەمێك لەسەر ئەو گرفتە هۆپێکم کرد. بەڵام کەمێکی تریش گرفتەکە شیبکەمەوە باشترە.

لەبنچینەدا؛ زەبروزەنگ (توندوتیژی) ئامراز و شێوازێکی پاوانخوازێتی چینی چەوسێنەری دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتگەراییە، شۆڕشیش ئامراز و شێوازێکی چین و ئەتنیك و گەل و نەتەوەی چەوساوەیە. واتا لە ماهییەت و جەوهەرەوە لەیەکدی جیاوازن. لە زەبروزەنگی چەوسێنەران و دەسەڵاتداراندا شەڕانگێزی هەیە، لە شۆڕشی چەوساوەکانیشدا بەرگری رەوا و بەرەنگاربوونەوەی رەوا هەیە.

زەبروزەنگ چییە؟ کردارە تۆقێنەر(تیرۆر)هکانی چینی چەوسێنەر و دەسەڵاتدارانە. لەم رووەوە هەرچییەك چینی چەوسێنەر و دەسەڵاتداران بیکەن تۆقاندن و تیرۆرە و هیچ پەیوەندییەکی بە ئاسایش و بەرگری نیشتمانی و شتی وەهاوە نییە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە بەمەبەستی چەوساندنەوە و تاڵانی و پاوانخوازی و قەڵەمڕەوی دەیکات و رێك پێچەوانەی بەرژەوەندی و خواستی گەل و کۆمەڵگەیە.

ئەی بەرگری و بەرەنەگاربوونەوەی رەوا چییە؟ لەبنچینەدا شۆڕش بۆخۆی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی رەوایە. هەر کاتێك هەڕەشە و مەترسی کۆیلەکردن و کوشتن و توانەوە و لەناوبردنی خۆت و

بەهاکانت لەسەر هەبێت، بەرگری لەخۆت دەکەیت و چەکیشی لەناودا بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەخۆت دەکەیت و بەرەنگاری ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەبیتەوە. واتا شۆڕش دوو ستووندی هەیە؛ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە. هەرچییەك لەم چوارچێوەیەدا بکرێت ڕەوایە و هیچ پەیوەندی بە تۆقاندن (ئیرهاب)هوە نییە. دەبێت لەوە تێبگەین کە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا نەك تەنیا هەر مافێکی ڕەوایە، بەڵکو ئەرکێکی ژیانیی مرۆڤبوون و کۆمەڵگەبوون و بەگەلبوون و نەتەوەبوونیشە. ئەگەر نەبێت بوونت نابێت.

هەڵبەتە پێویستە دەرك بەوەش بکەین کە؛ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە هەر تەنیا لەبەکارهێنانی چەکدا چڕ نابێتەوە. بەڵکو هەموو جۆرە ڕێکخستەبوون و خۆڕێکخستەکردنێك ئامراز و شێوازی شۆڕشگێڕیین. بێگومان خۆڕێکخستەکرن و ڕێکخستەبوونی چەکدارانەش بەشێکی سەرەکی ڕێکخستەبوونی شۆڕشگێڕانەیە و بنەمای بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیە. بێ ڕێکخستنبوونی چەکدارانە بەرگری و بەرەنگاربوونەوە بێکاریگەر و بێواتا و شکستخواردووە. پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە؛ واتا تەنیا بەبنەما وەرگرتنی ڕێکخستەبوونی چەکداریش بێ ئەنجامە. چونکە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و چینی باڵادەستی تاڵانکار بەهەموو شێوەیەك و لەهەموو ئاست و بوارەکاندا خۆی بەرێکخستن و بەدەزگایی کردووە و بێباکانە تاڵانی و قەڵەمڕەویی خۆی بەسەر گەل و کۆمەڵگەدا دەکات. دەبێ تۆش بەهەمان شێوە لەهەموو ئاست و بوارەکانی کۆمەڵگەدا خۆت بەرێکخستن بکەیت. ئەگەرنا لەکورتترین ماوەدا شکستت پێدێنت و لەناوت دەبات.

بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە؛ دوو خاڵی هەرە لاوازی ئەو دەسەڵاتە تاڵانکارەش هەیە، یەکەمیان؛ خاڵی بەکارهێنانی چەکە لەبەرامبەریدا،

> **شێوازی سەرپێچی مەدەنی چییە؟ بریتییە لە خۆپیشاندانی بێچەك و درێژخایەنی خەڵك لە دەرەوەی یاس**

دووەمیشیان خاڵی یاخیبوونی مەدەنییە لەبەرامبەریدا. چونکە ئەو دەسەڵاتە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی و ژیانی خۆی و دارودەستەکەی لەگەڵ یەکەم قەڵەمبازی چەکدارانە، یان یاخیبوونی مەدەنیانەدا بێچارە دەبێ لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیدا.

بۆیە لە شۆڕشی سیاسی باشوردا بەرگری ڕەوا و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا بنەمایەکی ژیانییە و نابێت بێ ئەو بنەمایە بیر لە شۆڕش بەرپاکردن بکرێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش خۆڕێکخستەکردنی چەکدارانەیشی تێدایە بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە لەدۆخی هێرشکاری دەسەڵاتدا. بەڵام پێویستە دەرك بەوە بکرێت کە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری تاکە بنەمای سەرەکی و یەکەمی شۆڕش نییە، واتا شۆڕش هەرتەنیا بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری نییە. بەڵکو یەکێك لە ئامراز و شێوازەکانی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانەیە.

لێرەوە بپرسین ئەی هاوشانی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری ڕەوا چ جۆر و شێوازێکی دیکەی شۆڕش هەیە کە کاریگەری خۆی هەبێت؟ دەکرێ باس لەیەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە بکەین کە ئەویش «سەرپێچی مەدەنی»یانە (یان: یاخیبوونی مەدەنی – نافەرمانی مەدەنی – جەنگی ناتوندوتیژی)یە. سەرپێچی مەدەنی یەکێك لە کاریگەرترین شێوازی شۆڕشگێڕانەیە بۆ پاشەکشەپێکردن و سنووردانان بۆ پاوانخوازی و تاڵانکارییەکانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی، تەنانەت دەکرێ بەم شێوازە و بە پشتیوانی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا تا ئاستی گۆڕینی تەواوی سیستەمی سیاسی و بونیادنانی سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتی هەنگاو بهاویشترێت.

**شێوازی سەرپێچی مەدەنی چییە؟** بریتییە لە خۆپیشاندانی بێچەك و درێژخایەنی خەڵك لە دەرەوەی یاسا ڕێگەپێدراوەکانی دەسەڵاتدارێتی. واتا سەرپێچی لە یاساکانی دەسەڵاتدارێتی دەکەیت، بەڵام بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی و چەك. یان وردتر بڵێین؛ خەڵك دەستپێشخەر نابێت لە بەکارهێنانی چەك و گرتنەبەری توندوتیژیدا. تەنانەت ناوێکی دیکەی ئەو شێوازە ناتوندوتیژیی(اللاعنف)ە، کە بۆ نموونە؛ گاندی لەبەرامبەر بە داگیرکاری ئینگلتەڕا لە هیندستاندا گرتیەبەر. لەبنچینەدا سەرپێچی مەدەنی شێوازێکی کاریگەرە لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدارێتی و گۆڕینی دەسەڵات، شێوازێکە لە بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان و بەدەستهێنانیان.

هەڵبەتە لەم وتارەدا دەرفەتی ئەوە

نییە باس لە شێواز و جۆر و میکانیزم و ئەزموونەکانی سەرپێچی مەدەنی بکەین، بەڵام دەتوانم نموونەیەکی زۆر پڕشنگدار لە مێژووی خودی باشوری کوردستاندا بهێنمەوە کە چۆن بە سەرکەوتووترین شێوە یاخیبوونێکی مەدەنیانەیان کردووە و لەئەنجامیشدا سەرکەوتوون و بەئامانجەکەشیان گەیشتوون:

لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، «بزووتنەوەی هەقە» وەك بزووتنەوەیەکی سۆفیگەری، کۆمەڵایەتی، سیاسی لە هەناوی تەریقەتی نەقشبەندییەوە لەلایەن شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە دادەمەزرێت و لە سلێمانی و کۆیە و کەرکوك و بیتوێن و پشدەر پەرەدەسەنێت. ئەو بزووتنەوەیە نەیارێکی سەرسەختی داگیرکاری ئینگلیزەکان بووە، ئینگلیزەکان ئەو بزووتنەوەیان بە مەترسییەکی گەورە زانیوە، چونکە خاوەن مەیلێکی دادپەروەری و یەکسانی و خۆسەری بووە، هەرچییەکیان کردووە شێخی ئەو بزووتنەوەیەیان بۆ دەستەمۆ نابێت، بۆیە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لە ساڵی ١٩٣٤ دەستگیر دەکەن و دەیبەنە کەرکوك. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٤یش مامەڕەزای برازای شێخ عەبدولکەریم کە لەهەمانکاتدا جێگرەوەی شێخ عەبدولکەریم دەبێت، دەستگیر دەکەن و دەیبنە کەرکوك. لەبەرامبەر بە هەردوو دەستگیرکردنەکەدا هەقەییەکان دووجار بە ژن و پیاو و منداڵەوە بەپێ بەرەو کەرکوك رۆیشتوون، پیاوەکان تەنیا فەردەی گوشیان لەبەرکردووە و هەریەکەو دارقوڵەیەکی پێبووە، بێگومان ئەو رێڕۆیشتنەیان بەپێ و مانەوەیان، جارێکیان لەبەردەم زینداندا و جارێکیشیان لە نزیك ئاوایی یاروەلی – یەکێك لەو جارانە چالاکییەکەیان سێ مانگ بەردەوام دەبێت - تا شێخەکانیان ئازاد دەکەن، بریتییە لە یاخیبوونی مەدەنی. وەك باس دەکرێ؛ لەهەردوو رێڕۆیشتنیاندا لە هەشت هەزار تا دە هەزار کەس بوونە و لەهەردوو جاریشدا تا شێخەکانی خۆیان ئازاد نەکردووە دەستبەرداری ئەو یاخیبوونە مەدەنییە شۆڕشگێڕییەی خۆیان نەبوونە.

**کەواتە بۆدەبێ ئێستا سوود لەم شێوازە شۆڕشگێڕییەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارێتی تاڵانکار و تاوانباری باشور وەرنەگرین؟!**

ئەم نموونەیە پێویستی بە شیکردنەوەی زۆر و هەمەلایەنە هەیە. چونکە هەموو تایبەتمەندی و کۆڵەگە و مەرجەکانی «یاخیبوونی مەدەنی» یان بە دەستەواژەیەکی دیکە «جەنگی ناتوندوتیژی»ی تێدا هەیە، هەم بەرگرییە و هەمیش بەرەنگاربوونەوەیە، یەکێکە لە سەرکەوتووترین یاخیبوونە مەدەنییەکانی سەدەی رابردوو. کەواتە بۆدەبێ ئێستا سوود لەم شێوازە شۆڕشگێڕییەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارێتی تاڵانکار و تاوانباری باشور وەرنەگرین؟! بۆ سوود لەو ئەزموونە خۆماڵییە سەرکەوتووەی ساڵانی سییەکان و چلەکانی هەقەکان وەرنەگرین؟! ئەی بۆ ناکرێ سوود لە ئەزموونی شکستخواردووی ١٧ی شوبات و بایکۆتە سەرنەکەوتووەکەی ئەم دواییەی مامۆستایان و فەرمانبەران وەربگرین؟! بۆ ناکرێ سوود لە چەندین ئەزموونی سەرکەوتوو و شکستخواردووی بزوتنەوەکانی دیکەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە، کە یاخیبوونی مەدەنی یەکێك لە شێوازەکانیەتی، لە کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین و دنیا وەربگرین؟! بۆ ناکرێ سوود لە ئەزموونی ئێستای باکور و رۆژئاوای کوردستان وەربگرین؟! بۆ ناکرێ خۆمان بۆخۆمان، بەبێ لاساییکردنەوە، ئەزموونێکی نوێ و مۆدێلێکی نوێی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە بخوڵقێنین؟! بەڵێ، دەتوانین سوود لەهەموو ئەو ئەزموون و مۆدێلانە وەربگرین، چ ئەوانەی سەرکەوتوو بوون و چ ئەوانەش کە سەرنەکەوتوو بوون. بەڵێ، دەتوانین خۆمان ئەزموون و مۆدێلێکی نوێی شۆڕشگێڕی بئافرێنین. لەڕاستیدا ئەو توانست و زەمینەیەش هەیە!!

بێگومان بۆ راستینەی دۆخی ئێستای باشوری کوردستان و هەروەها بەهۆی تایبەتمەندێتی تاڵانکاری، دواکەوتوویی، وابەستەیی بەدەرەوە، شەڕانگێزی و ستەمکاریی دەسەڵاتدارێتی باشور شێوازی یاخیبوونی مەدەنی یان بڵێین «جەنگی ناتوندوتیژی» بەتەنیا ناتوانێت گۆڕینی ریشەیی لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی بکات و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی بونیاد بنرێت. هەروەها دەسەڵاتدارێتی باشور بە زەبری چەك و داپڵۆسین و تۆقاندن و راگەیاندنی چەواشەکار و سەرمایەی تاڵانکارەوە خۆی لەسەرپێ

ڕاگرتووە، ئەگەرنا هیچ ڕەوایەتییەکی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و نەتەوەیی و نیشتمانییان نییە. بۆیە پێویست دەکات لێبڕاوانە شێوازەکەی دیکەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا لە دۆخی پێویستدا، هاوشانی شێوازی یاخیبوونی مەدەنی بگیردرێتەبەر و هەردوو شێوازەکە بەشێوەیەکی هاوسەنگ و هەماهەنگ و یەکتر تەواوکار بەیەکەوە پەیڕەو بکرێت. لە کوێ و لە چ قۆناخێکی ئەو شۆڕشەدا کامە شێواز زیاتر ڕۆڵی خۆی دەبینێت، ئەوا ئەو شێوازە ببردرێتە پێشەوە و زەق بکرێتەوە. بەڵام باوەڕم وایە هیچیان بێ ئەویتریان نابێت. مسۆگەر لەدۆخی ئێستادا لەدەرەوەی ئەو دوو شێوازە بۆ گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی و وەرچەرخانی دیموکراتیانەی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی باشور، هەموو شێوازەکانی دیکەی وەکو؛ لەڕێی هەڵبژاردنە ساختەکان، چالاکییە پاسیڤەکان، لێدوان و پاڕانەوە و شێوازە بێکاریگەرەکانی دیکە خۆخەڵەتاندنن و کات بەفیڕۆدانن.

(٩)

پۆلینکاری ڕەوتەکان - لە دەروازەی شۆڕشدا

مسۆگەر شۆڕش بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەرپا دەبێت، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییش بە کەسێتی شۆڕشگێڕ سەرهەڵدەدات، کەسێتی شۆڕشگێڕیش بە هزر و گووتە و کرداری شۆڕشگێڕییەوە دەبێتە شۆڕشگێڕ و پێشڕەوێتی شۆڕش دەکات. هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کاتێك وەڵامدەرەوەی دۆخە بابەتییەکە بێت و وەك فاکتەرێکی خودی (عامل ذاتي) ببێتە خاوەن هزر و پارادایم و ستراتیژ و تاکتیك و شێوازی شۆڕشگێڕانە، ئەوا توانستی لەئەستۆگرتنی پەیام و ئەرك و ئامانجەکانی شۆڕشی دەبێت. بەمەش دەبێتە بزووێنەری گەل و کۆمەڵگە و جێی متمانە و باوەڕی و هیوایان و وەك ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانەکاندا لە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەدا دەبێت.

> **ڕەوتی نەتەوەیی دیموکراتی: ئەم ڕەوتە بەشێکە لە بزووتنەوەی پەکەکە و هەوڵدەدات بە هزر و پارادایمی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان تێکۆشانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام**

بەڵام وەك ڕاستییەکی نەشاراوە؛ لە کۆمەڵگەی باشوردا - وەك هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە - فرە ڕەوت و فرە ئاراستەی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە. چ لە ڕووی بنەمای هزری و داخوازی و ئامانجەکانیان، چ لە ڕووی تایبەتمەندییەکان و چەندایەتی و چۆنایەتیاندا جیاوازییان تا ڕادەی ناکۆکی و دژبەری یەکتریش لە ئارادا هەیە. بەڵام زۆربەی ئەو ڕەوتانە نەیاری دەسەڵاتداریێتی باشورن، زیانمەندی سەرەکی دەستی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەن. ئەو ڕەوتانە بەگشتی بنەما و بۆچوون و پرۆژەی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ کۆمەڵگە لاوازە - ئەو پرۆژانەیان چەندە لەگەڵ واقیع و ڕاستینەی کۆمەڵگەش یەکانگیر دەبێتەوە، ئەمە مژارێکی دیکەیە - بەڵام گرفتی یەکتر ڕاست خوێندنەوە و یەکتر پەسندکردنیان هەیە، دەستبەرداری دووژمنی سەرەکی خۆیان بوونە و بەگژیەکتردا دەچن، تەنانەت دەسەڵاتداریێتی بەئەنقەست ئاگری فیتنەیی نێوان ئەو ڕەوتانە خۆش دەکات و دژ بەیەکتر بەکاریان دێنێت. بۆیە وزەیەکی زۆری خۆیان بەو گێرمە و دەمەقاڵەیەی نێوانیان بەبا دەدەن.

دەبێ جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەش بکەمەوە کە یەك ڕەوت لەم ڕەوتانە بەتەنیا ناتوانێت کۆی ئەرکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەری فراوان لە ئەستۆ بگرێت، بەڵکو باوەڕم وەهایە کە ئەو ڕەوتانە هەموویان بەیەکەوە، دەتوانن لەچوارچێوەی ستراتیژ و کارنامەیەکی شۆڕشگێڕیی هاوبەشدا، ببنە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەری سەرکەوتوو. کەواتە ئەو ڕەوتانە کامانەن کە هەم نەیاری دەسەڵاتداریێتی باشورن و هەمیش نەیاری یەکترن؟! تا چەند ئەو ڕەوتانە دەتوانن ببنە هەوێنی بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕی جەماوەری دژ بە دەسەڵاتداریێتی باشور - لەپاشەڕۆژیشدا ئەگەری هەیە دژ بە دەسەڵاتداریێتی ئێراقیش بێت - دەست بە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕی بکات و تا گەیشتن بە ئامانج و داخوازییەکانی گەل لە تێکۆشانی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازیدا بەردەوام بێت؟!

زۆر بە کورتی و بەپووختی هەوڵدەدەم قسە لەسەر ئەو ڕەوتانە بکەم کە پۆتانسێلی شۆڕشگێڕییان تێدایە - هەڵبەتە نەك تەواو شۆڕشگێڕ بن - و دەتوانن ببنە بەشێك لە بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتداریێتی باشور:

١. ڕەوتی نەتەوەیی دیموکراتی: ئەم ڕەوتە بەشێکە لە بزووتنەوەی پەکەکە و هەوڵدەدات بە هزر و پارادایمی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان تێکۆشانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام. ئەم ڕەوتە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە و تا دێت لە برەو و گەشەسەندن دایە. خاوەن فەلسەفە و پارادایم و هێز و جەماوەری تایبەت بەخۆیەتی، بە میکانیزمەکانی (پەروەردە، ڕێکخستن، چالاکی) کاردەکات. باوەڕمەندە بە گۆڕینی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیانەی دەسەڵات و بونیادنانی خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی دیموکراتی، لەبری دەسەڵاتدارێتی ستەمکار و ناوەندکاری ئێستای باشور. ئەم ڕەوتە خاڵی بەهێزی زۆرە بۆ بوون بە ڕەوتی هەرە کاریگەری شۆڕشی سیاسی باشور. بەڵام هێشتا کێشەی خۆناساندن و بەکرداریکردنی دروستی هزر و پارادایمی بۆ جەماوەر هەیە.

٢. ڕەوتی دەوڵەت – نەتەوە: ڕەوتێکە هێشتا لە ژێر کاریگەری ئەوەی پێیدەگووترێ «میللیگەرای سەرەتایی یان «ناسیۆنالیزم – کوردایەتی کلاسیك» دایە و پێی وایە دەسەڵاتدارێتی کوردی – کە مەبەستی دەوڵەتی کوردییە - چارەسەرە بۆ دۆخی ئێستای باشور، بێئاگا لەوەی ئەوە ئەو ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتچێتییەیە کە هەموو باشوری تاڵان کردووەو بەم و بەو دەیفرۆشێت. ئەوەی لە ڕەوتی دەسەڵاتخوازێتی جودای دەکاتەوە بیرکرنەوەی نەتەوەیی و کوردستانیانەیانە و هاوسۆزن لەگەڵ بەرخودان و مۆدێلی شۆڕشی باکور و ڕۆژئاوا. ئەگەر خۆ لە ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتایی ڕزگار بکەن دەتوانن ببنە ڕەوتێکی زۆر بەهێزی بزووتنەوەی دیموکراتی و ئازادیخوازی لە باشوردا.

> **سوونییگەرایی سەلەفی و ئیخوانییەکان لەو دەسەڵاتە سوودمەندن. بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشور لەڕێگەی چینی باڵادەستی ئەو ئەتنیك و نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەوە بەشێوەیەکی زۆر ستەمکارانە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان - بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنە ساختەکارییەکاندا – بەکاریان دەبەن.**

٣. ئەتنیك و باوەڕییە جوداکان: بێگومان لە باشوردا هاوکات لەگەڵ گەلی کوردی موسڵمانی سوونەی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست (کە بەهەڵە سۆرانی و بادینیشی پێدەڵێن) کە باڵادەستییەکی هەیە، چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا و تەریقەتی جودا لەیەکتر هەن (وەك کوردانی شیعە، شەبەك، ئێزیدی، کاکەیی - هەروەها ئەوانەش کە بە زاراوەی هەورامی و کەلهوڕی دەدوێن - تورکمان، دیانەکانی ئاشووری و سریانی و کلدان و ئەرمەنی). هەر هەموویان زیانمەندی دەستی ئەو دەسەڵاتەی باشورن. هەڵبەتە لەناو سوونەشدا تەنیا سوونییگەرایی سەلەفی و ئیخوانییەکان لەو دەسەڵاتە سوودمەندن. بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشور لەڕێگەی چینی باڵادەستی ئەو ئەتنیك و نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەوە بەشێوەیەکی زۆر ستەمکارانە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان - بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنە ساختەکارییەکاندا – بەکاریان دەبەن. بەڵام خەڵکە هەژار و چەوساوەکەیان باجی ئەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانێتییەی نێوان چینی باڵادەستی کورد و چینی باڵادەستی ئەو ئەتنیك و باوەڕییە جودایانە دەدەن. خاڵی بەهێزیان ئەوەیە کە خۆیان لە دەسەڵاتدارێتی بەدوور گرتووە، هەندێکیشیان پەراگەندەی هەندەران بوونە.

٤. چەپ و کۆمۆنیستەکان: ئەم ڕەوتە مێژوویەکی دێرین و شکۆداری بەرخودانییان هەیە لە باشوردا. بەڵام بەهۆی ئەقڵییەتی دۆگمایی ڕەوتەکە بەگشتی و بێکارەکتەری و دەسەڵاتخوازێتی سەرکردەکانیان بەتایبەتی، لەبەهێزترین ڕەوتی کوردستانەوە بوونەتە لاوازترین ڕەوت. لە ساڵانی دوای ڕاپەڕینەوە دەکرا بە وازهێنانیان لە دۆگماتیزم و شەقهەڵدان لە سەرکردە مشەخۆرەکانیان ببنە بەهێزترین بزووتنەوەی ئازادی و دیموکراتی لە باشوردا. بەڵام ئەو وەرچەرخانە دیموکراتییە پێویستەیان ئەنجام نەدا و بەبێ هیچ ڕەخنە و ڕەخنەدانێك مەیدانی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازییان وەك ڕێکخستن بەجێهێشت و لەسێبەری دەسەڵاتەوە بەتەحەفووزەوە بێباکانە لێی دەخۆن. کەسێتییە دژە دەسەڵاتدارەکانی نێو ئەم ڕەوتە دەتوانن بەسوود وەرگرتن لە میراسی مەزنی ڕەوتەکەیان خزمەتێکی بەرچاو بە ڕەوتی دیموکراتی و ئازادیخوازی بکەن. ئێستا ڕەوتێکی نوێی چەپ و کۆمۆنیستی لەبرەو دایە، ئەگەر وانە لە ئەزموونی نەوەد ساڵەی ئەم ڕەوتە وەربگرن و بەدوور لە ئەقڵییەتی دۆگمایی

و کارەکتەرە هەڵپەرست و لومپەنەکان، بە پارادایمێکی نوێی چەپڕەوی و کۆمۆنیستییەوە دەتوانن ببنە یەکێك لە بەهێزترین ئەو ڕەوتانەی لە شۆڕشی ئازادی و دیموکراتی باشوردا ڕۆڵگێر بن.

٥. ئیسلامییە دیموکراتیخوازەکان:

لەنێو ئیسلامییەکاندا دوو ڕەوت هەیە: یەکێکیان ڕەوتێکی دەسەڵاتخوازی وابەستەیە کە خۆی لە ئیخوانییەکان و سەلەفییەکاندا دەبینێتەوە و بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی باشور و دەوڵەتانی هەرێمەوە بەگەڕ خراون و لەبازنە و ئەجندای ئەو دەوڵەتانە و دەسەڵاتی باشوردا دەسوڕێنەوە، بێگومان بەهەندێ منگەمنگ و گللەیی و عیتابی عەبد بۆ عابدی خۆی بەردەوام موغازەلەی دەسەڵاتی کردووە و لەسایەیدا زل بووە. هەڵبەتە بە هەڵە پێیاندەگووترێت «ئیسلامی سیاسی»، لەبنچینەدا ئەوانە ئیسلامی دەسەڵاتخوازن، بەهەر دوو باڵە میانڕەو و توندڕەوەکەیەوە. چینی باڵادەستی نێو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری و تەریقەتەکانی دیکەش هەر لەو ئیسلامییە دەسەڵاتخوازانەن کە لەدەرەوەی ڕێکخستنە ئیسلامییەکان خزمەت بە دەسەڵاتی باشور دەکەن و دەسەڵاتی باشوریش لەخزمەتیان دایە. ئیسلامی ڕاستەقینە لای ئەوان ئیسلامی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی و سوڵتانەکانی عوسمانی و شایەکانی سەفەوییە. بەڵام ڕەوتی دووەمیان؛ ڕەوتێکی ئیسلامی دیموکراتییە و ئیسلام وەك باوەڕی و کلتور دەبینێت، نەك وەك ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداریێتی. ئەم ڕەوتە بریتییە لە ئاراستە تەسەوفییەکانی دەرەوەی «نەقشبەندی و قادریی ئێستایان»، بانگخوازە ئازادیخوازەکان، ڕووناکبیر و کەسێتی ئازادیخواز و زۆرینەی خەڵکە باوەڕمەندە سادەکەن کە ئینتیما و باوەڕی ئایینیان بەربەستە لەوەی لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە لومپەنەدا تەبا بن. بۆیە ناتەبا و نەیاری ئەم دەسەڵاتەن. بەڵام پەرشوبڵاو و بێ ڕێکخستنین. ئەگەر ئەم ڕەوتە دیموکراتیخوازە ئیسلامییە خۆی بگەیەنێتە ئاستی ڕێکخستەبوونێکی بەدوور لە ڕێکخستنە سەلەفی و ئیخوانییەکان ئەوا دەتوانن ببنە یەکێك لە کاریگەرترین ڕەوتی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازیی باشور و پێگەیەکی گرنگ لە داهاتووی سیاسەتی دیموکراتی باشوردا بەدەستبهێنن.

> **گرفتی ئەم ڕەوتە ئەوەیە دەرك بەوە ناکات کە لەم وڵاتە تەنیا دەسەڵاتداریێتی پاوانخواز خۆی بەدەزگا و سیستەم کردووە**

٦. لیبرالیستەیموکراتیخوازەکان:

لەنێو لیبراڵەکانیشدا دوو ڕەوت هەیە؛ ڕەوتێکیان لەناو دەسەڵات دایە و خەریکی تاڵانکاری و هەڵلوشینی سەرمایەی گشتی ئەم وڵاتەن و پێیان وایە دەبێ باشور ببێتە ناوەندێك نەك هەر بۆ تاڵانکردنی خودی باشور، بەڵکو ببێتە ناوەندێکیش بۆ تاڵانیی سەرجەم خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم ڕەوتە ڕەوتێکی وابەستە بەدەرەوەیە و کارەکتەرێکی لومپەنی هەیە و بێباکانە خەریکی قەڵمڕەوی و فراوانکردنی بازاڕی ئازادی تاڵانکارییە. ڕەوتێکی دیکەی لیبرالیستەکان هەیە کە بریتیین لە لیبراڵیستە دیموکراتیخوازەکان، ئەوانە پێیان وایە دەکرێ بە ئاوێتەکردنی لیبرالیزم و دیموکراتی گۆڕانکاری دیموکراتیانە بێتەدی و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی لیبراڵ بونیادبنرێت. گرفتی ئەم ڕەوتە ئەوەیە دەرك بەوە ناکات کە لەم وڵاتە تەنیا دەسەڵاتداریێتی پاوانخواز خۆی بەدەزگا و سیستەم کردووە، ئەگەرنا دیموکراتی نە بە دەزگا بووە نە بۆتە سیستەم. ئەوەی لە باشور پێی دەگووترێ پەرلەمان و حکومەت و دادوەری هەر هەمووی بەدەست چینێکی تاڵانکاری قۆرخکارەوەیە و دەسەڵاتێکی قووڵی شاراوەی ئەختەبووتییە و بەقەد یەك گەردیلە باوەڕی بە ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانی و ئاشتی نییە. کۆمەڵگەش هیچ میکانیزمێکی دەستووری، سیاسی، دەزگایی بۆ نەهڵێنراوەتەوە تا لەگەڵ دەسەڵاتدا لە دیالۆگ - ململانێدا بێت. دیموکراتی تەنیا لەوەدا بەرجەستەیە کە ڕاشکاوانە تاڵانی دەکەن و پرەنسیی «لێگەڕێ با بڕوا، لێگەڕێ بابیکات»ی لیبراڵەکان تەنیا لە تاڵانکاریدا بەرجەستە دەکەن، نەك لە بەدیهێنانی پانتاییەکی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانیدا. ئەگەر ئەم ڕەوتە لیبراڵیستە دیموکراتیخوازە خۆی لەوەهمە کوشندەکانی نیۆلیبرالزم و سیحری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ڕزگار بکات و بەڕۆحی ڕەخنەگرانەوە لە سیستەمی دەسەڵاتداریێتی سەرمایەداری بڕوانێت ئەوا دەتوانێت ببێتە یەکێك لە ڕەوتە چالاکەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشور و لەبونیادنانی سیستەمی سیاسی دیموکراتی باشوردا ڕۆڵگێر ببێت.

٧. ئەنارکیستەکان: ڕەوتێکی

ئازادیخوازن لە باشوردا زیاتر لە کوردانی هەندەراندا گەشەی کردووە. وێڕای ئەوەی سروشتی ئەم ڕەوتە دژە دۆگماییە، بەڵام کاریگەری پەتای دۆگمایی چەپڕەوێتی کلاسیکی هێشتا بەرنەداوە. یەکێك لەو ڕەوتانەیە کە توانستی بەشداربوونێکی چالاکی هەیە لە شۆڕشی ئازادی باشوردا. خاڵی بەهێزی ئەم ڕەوتە ئەوەیە کە هەمیشە دژە دەسەڵاتداریتییە بەهەموو جۆرەکانییەوە و سەنگەری ئازادیخوازی بەرنادات، خاڵی لاوازیشی ئەوەیە کە لەبری ڕێکخستەبوونی کۆمەڵگە، تەنیا کار لەسەر تاك دەکات. مسۆگەر ئەم ڕەوتە دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشوردا ببینێت.

٨. فێمێنیستەکان: ئەم ڕەوتە هێشتا لە کوردستاندا سیما و شێوەی خۆی وەرنەگرتووە، لە ئاستی کەسەکاندا ماوەتەوە، نەگەیشتۆتە ئاستی ڕێکخستنی خاوەن دید و بۆچوون و چالاکوانێتی بەردەوام، هێشتا لەچاوی فێمێنیستییەوە کۆمەڵگەی باشور وەکو پێویست شینەکراوەتەوە. بەڵام تا ڕادەیەك چالاکوانێتییەك هەیە و لە برەو دایە. کاتێك چالاکوانانی ئەم ڕەوتە لەوە یەکلاییببەنەوە کە بەڕاستی «شۆڕشی باشور شۆڕشی ژنی ئازادیخوازە» ئەوا مسۆگەر ئەم ڕەوتە یەکێك لە هەرە کاریگەرترین ڕەوتەکانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی باشور دەبێت.

٩. ژینگەپارێزان: سەرەڕای مەزنترین پرۆسەی تێکدانی ژینگە لەلایەن دەسەڵاتی دژە سروشتی باشور، کەچی بزاڤی ژینگەپارێزی لاوازترین ڕەوتێکە لە باشوری کوردستاندا. نەهۆشیاری ژینگەیی و نە چاندی ژینگەپارێزی و نەڕێکخستنی ژینگەپارێزان و نە چالاکوانێتی ژینگەپارێزی وەکو پێویست گەشەی نەکردووە. دەکرێ ژینگەپارێزان ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە خستنەڕووی سیاسەتی دژە ژینگەیی دەسەڵاتداریتی باشور و ببنە بەشێك لە بزووتنەوەی دیموکراتیخوازی باشور.

١٠. عەلمانییەکان و ئەتایستەکان:

**هیومانیستەکان لەدۆخی دەستەبژێری (نوخبەیی) دەرنەچوون و زیاتر لە قاوخی مۆدێلگەری و لاساییکردنەوەدا خۆیان دەبیننەوە**

زۆربەی عەلمانییەکان و ئەتایستەکان لەهەمانکاتدا لەنێو ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیستەکان دان، بەڵام وەك ڕەوتێکی فیکری نەبۆتە خاوەن سیمای دیموکراتیانەی خۆی، ئەوەندەی بە دژبەرێتی قەبای ئایینەوە خەریکە، ئەوەندە لەهەوڵی خستنەڕووی بنەما دیموکراتییەکانی عەلمانییەتەوە نییە، ئەوەندەی خەریکی بەئایینکردنی عەلمانییەتە - بێگومان بەهۆی تووشبوونی بە پەتای دۆگماتیزمەوە - ئەوەندە کۆڵەگە دۆگماییەکانی سیستەمی دەسەڵاتداریتی نابینێت، دژبەرێتی دەسەڵاتگەرێتی ناکات و خوازیاری ئەوەشە ئەو دەسەڵاتداریتییە پیرۆزکراوەی باشور دژ بە ئایین بوەستێتەوە!!، ناتوانێ لەوە تێبگات سیستەمی دەسەڵاتداریتی بۆخۆی بەرهەمی ئەقڵییەتی دۆگماییە، بێئاگایە لەوەی سیستەمی دەسەڵاتداریتی و دەوڵەتگەرایی لە زەقوورەکاندا چەکەرەی کردووە و لەمنداڵدانی پەرستگاکاندا گەشەی کردووە و پەتی پەرستگاکانیش وا بە ستووندەکانی نێو کۆشك و سەراکاندا گرێدراوە و دەسەڵاتداریتی – بەدەوڵەتیشەوە - و ئایینگەرایی - نەك ئایین - جمکانەی یەك زگن و یەك دایك و باوکیان هەیە کە دۆگماتیزمە. کە دژبەری ئەمیان بیت، پێویست دەکات دژبەری ئەوەیتریشیان بیت، خۆ ناکرێ لەپەنای ئەمیانەوە تیر بهاوێژیتە ئەوەیتریانەوە!!. ئەگەر عەلمانییەکان و ئەتایستەکان بەگشتی، بەبێ ئەوەی بخزێنە نێو تەڵەزگەی دۆگماتیزمی پۆزەتیفیستییەوە، هەم دژبەرێتی دۆگماتیزمی ئایینگەرێتی - نەك ئایین - و هەمیش دژبەرێتی ئەقڵییەتی دەسەڵاتداریتی بکەن، ئەوا مسۆگەر ڕەوتەکەیان دەتوانێت ببێتە کاریگەرترین ڕەوتی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشور و بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی.

١١. هیومانیستەکان و وجودییەکان و پووچگەراکان: ئەم ڕەوتانە هەرچەندە ڕەوتی لەیەك جیاوازن، بەڵام بەگشتی ئەوەندەی وەك مەیل هەن، ئەوەندە وەك هزر و بەرجەستەکردن شێوەیان وەرنەگرتووە و نەبوونەتە جولانەوەیەکی هزری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە. واتا لەدۆخی دەستەبژێری (نوخبەیی) دەرنەچوون و زیاتر لە قاوخی مۆدێلگەری و لاساییکردنەوەدا خۆیان دەبیننەوە. دەکرێ ڕۆحی مرۆڤدۆستی و یاخیبوونی ئەو ڕەوتانەش سوودمەند بن بۆ هەڵکشانی ڕۆحی یاخیبوونی شۆڕشگێڕی و دیتنی ژیان بە ڕوانگەی جیاوازەوە.

پێویستە سەبارەت بەم پۆلینکارییەی ڕەوتەکان ئەوە بخەمەڕوو کە؛ ئەو پۆلینکارییە ڕەها و لێبڕاوانە و کۆنکریتی

نییە، بەڵکو زیاتر بۆ تێگەیشتنە لە ماهییەتی جولە و مەیل و هزر و چالاکوانێتی ڕەوتەکان لەناو کۆمەڵگەدا، ئەگەرنا ئەو ڕەوتانە ئەوەندەی لەناویەکتر و تێکهەڵکێشی یەکترن، ئەوندە بە لێبڕاویی دووری یەکتر نین. لەلایەکی دیکەشەوە؛ چەندین کۆتێز(ترکیبة)ی ئەو ڕەوتانەش هەن کە بەناویەکتردا ئاوێتەبوون و پێکهاتەی دیکەیان لێدروست بووە.

هەڵبەتە لەوانەیە ڕەوتی دیکەش هەبن و من دەرکم پێیان نەکردبێت، لەوانەشە لە پێناسە و هەڵسەنگاندنم بۆ هەر یەك لەو ڕەوتانە کەموکوڕی و هەڵەی تێدا بێت، بەڵام لەوەیاندا مکوڕم کە هەموو ئەو ڕەوتانە بەشێوەیەك لە شێوەکان، بە ئاست و ڕادەی جیاواز دەتوانن ڕۆڵی شێلگیرانە ببینن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشور و لەبەرپابوونی شۆڕشێکی سیاسی دژ بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی باشوردا. هەروەها ڕۆڵێکی مەزن ببینن لە دژبەرێتی سیستەمی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی تەڵەزگەئاسای کۆمەڵگەی باشوردا.

پێموایە؛ شۆڕش چەندە لەدژی ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارێتییە ستەمکارەی باشور پێویست و ژیانییە، ئەوەندەش دژ بە سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە پێویست و ژیانییە و لەبەرامبەر بە هەردوو سیستەمدا شۆڕش بەرپاکردن واتا مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی شۆڕش، بەبێ ئەوەی دەرفەت بە «شۆڕشی چەواشە« بدرێت لەسێبەری شۆڕشی ئازادیدا خۆی بشارێتەوە و دواتر بەلاڕێیدا ببات. بۆیە تێگەیشتنی هەرە ڕاست ئەوەیە کە؛ شۆڕشی ئازادی مۆرك و سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆوە بگرێت و تێکهەڵکێش و ئاوێتەی یەکتر بکرێن. چونکە هەردوو سیستەم خواردن بەیەکتر دەدەن و یەکتر دەپارێزن و یەکتریش دەهێڵنەوە. بۆیە ڕاوەستانەوە لەبەرامبەر بەهەردووکیان واتا شۆڕش بە ڕاستەڕێی خۆیدا دەڕوات.

**مسۆگەر خەڵکی هەژار و چەوساوە و ڕەنجدەر، وەك چینی هەرە زۆرینەی کۆمەڵگە، بەشداری هەرە سەرەکیین لە شۆڕشی ئازادیدا**

لەڕووی چینایەتی و توێژاڵییەوە؛ مسۆگەر خەڵکی هەژار و چەوساوە و ڕەنجدەر، وەك چینی هەرە زۆرینەی کۆمەڵگە، بەشداری هەرە سەرەکیین لە شۆڕشی ئازادیدا. چونکە چینی هەرە زیانباری دەستی چینی دەسەڵاتداری مشەخۆری کوردە. بەڵام لەنێو ئەو چینە چەوساوەدا ژنان و گەنجان ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەبینن لە شۆڕشی ئازادیدا. گەنجان و ژنان کە زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدێنن، زۆرترین ستەمکارییان لەبەرامبەردا کراوە. دەسەڵاتدارێتی باشور لەبنەڕەتدا دەسەڵاتدارێتییەکی پیاوسالاری پیرسالارە، هەرچی ژنکوژی ئەم وڵاتە هەیە دەسەڵاتدارێتی داڵدەی داون و دەیانپارێزێت. چونکە ئەو ژنکوژانەش ئەو دەسەڵاتە بەهی خۆیان دەزانن و هەر هی ئەوانیشە. ئەو دەسەڵاتەش دەزانێت تەنیا ژنکوژ و دز و تاڵانکارەکانن دەیپارێزن، بۆیە ئەویش دەیانپارێزێت.

ئەگەر ئەمڕۆ گەنجانی باشور لەم دۆخە پڕ لە تراژیدییەدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەوا مسۆگەر دەسەڵاتدارێتی باشور و کۆمەڵگەی دواکەوتوو و داخراوی باشور و ئەولومپەنیزمەی لەڕێی مۆدێل و کلتوری لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزمەوە هاوردەی باشور کراوە، ڕۆڵی بنچینەییان هەیە لە بەتراژیدیاکردنی ژیان و خەونی گەنجان. بۆیە دووژمنی سەرسەختی ژنان و گەنجان دەسەڵاتدارێتی باشور و سیستەمی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و لومپەنیزمی سەرمایەدارییە. گەنجان و ژنان دەتوانن لەمیانەی پێشڕەوێتیکردنیان بۆ شۆڕشی ئازادیدا سەرکەوتنی شۆڕش مسۆگەر بکەن و نەهێڵن بە ئاراستەی دەسەڵاتخوازێتی و دژە شۆڕشی بڕوات. چونکە لەبنچینەدا ژنان و گەنجان خاوەن ڕۆحی دژە دەسەڵاتدارێتیین و هەرە زێدە ئاشقی ئازادی و لێگەڕینی حەقیقەتن. ئیدی بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین؛ پێشەنگانی شۆڕشی ئازادی؛ ژنانی ئازاد، گەنجانی هۆشیار، هەژارانی ڕێکخستوون.

هەڵبەتە چینی ناوینیش بەهۆی ئەوەی لەم دواییەدا لەلایەن ئەو دەسەڵاتە پاوانخوازەوە مەزنترین زەبری بەرکەوتووە و ژیان و گوزەران و خەون و خەیاڵی ئەو چینەی سەروبن کردووە، لە چینێکی خۆشگوزەرانەوە بەرەو ریزی چینی هەژارانەوە ڕاپێچی کردووە. ئیدی ئەمڕۆ چەکدارانی دەسەڵات - بەهەموو جۆرەکانییەوە - لەگەڵ فەرمانبەران و مامۆستایان و کاسبکارانی مامناوەندی، ئێستا لە دۆخێکی تابڵێی دژواردا دەژین و چەندە لە کارەکتەر و خەون و خەیاڵی خۆیاندا بۆرژوای بچووك یا ناوەڕاست بن، بەڵام لە ژیان و گوزەراندا تەواو لە هەژاریدا دەژین و زۆر ناڕازین بەم دۆخە. بۆیە ئەو چینە پێیوایە دەسەڵاتدارێتی باشور بێئومێدی

کردوون و ستەمیان لێدەکات و درۆیان لەگەڵدا دەکات، هەڵبەتە ئەمە خۆی سروشتی دەسەڵاتدارێتییە، بەڵام ئەو چینە لەم دۆخەدا تازە دەرك بەو راستییە دەکات. بێگومان ئەمەش سەرەتایەکی

## لەنێوان هەردوو رەوتدا رۆشنبیرگەلێکیش هەن کە هەم لە ناڵ دەدەن و هەمیش لە بزمار

گرنگە بۆ ئەوەی ئەو چینەش هەر هیچ نەبێ بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی چینایەتی خۆی - کە لە سێبەری دەسەڵاتدارێتیدا و لەمیانەی خزمەتکردنی بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی، وەك مووچەخۆرێك، ژیان و گوزەرانێکی مامناوەندی بۆ مسۆگەر دەکات - و بۆ خۆشگوزەرانی خۆی، بەشداری لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی بکات و ببێتە جەماوەرێکی ناڕازی و پشتیوان و هاندەر و بەشدار لە شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بێگومان ئەو چینە بەهۆی تایبەتمەندێتییە رارایی و هەڵپەرستی و بەرژەوەندیخوازییەکەیەوە لەوانەیە تا سەر و لەهەموو ئاستەکاندا نەتوانێت لە شۆڕش و لەبەرامبەر بە دژواریی ئاستەنگییەکانی بەردەم شۆڕش لەهەندی قۆناخ سڵ بکاتەوە، بەڵام لە ئانی سەرکەوتنی شۆڕشیشدا زۆرترین هەیەجان و شاگەشکەییبوون دەردەبڕێت و هاوکات لەگەڵ خۆ بەخاوەنکردن و پشتیوانیکردنی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا، لەهەوڵی ئەوەشدا دەبێت تا پێگە چینایەتییەکەی خۆی زیاتر هەڵکشێنێتە سەرووتر و باڵاتر، ئەگەر ئەمەیشی دەست نەکەوێت، ئەوا هەوڵدەدات هەر هیچ نەبێ پێگە چینایەتییەکەی خۆی بەدەستبێنێتەوە.

لێرەدا دەمێنێتەوە توێژی رۆشنبیران - بەواتا بەرتەسکەکەی دەستەواژەی رۆشنبیر - کە ئایا تاچەند دەتوانن رۆڵگێر بن لە بزووتنەوەی ئازادیخواز و دیموکراتیخوازانەی باشور و بەشداربوون لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا؟! ئەم توێژە لەنێوان دوو رەوتی ناکۆك بەیەکدا پۆلین بوون، رەوتێکیان: لەبازنەی دەسەڵاتدارێتیدا دەخولێتەوە و بۆتە ئەندازیار و پارێزوان و پینەچی و رەوادەری ئەو دەسەڵاتە ملهوڕە و ئەمەش بە ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆی دەزانێت، لەژێر بیانوو و پاساوی جودا جودای بێبنەمادا بێباکانە ببێتە بڵندگۆ و وتەبێژی دەسەڵاتدارێتی تاڵانکار. لەو باوەڕییە دام کە ئەو تایپە رۆشنبیرە لەدەرەوەی دەسەڵاتدارێتیدا نین، بەڵکو هەر خۆیان رۆحی دەسەڵاتدارێتیین و بەبێ ئەوان دەسەڵاتدارێتی جەستەیەکی مردووی بۆگەنە و سیحری باڵادەستێتی لەدەستداوە. مخابن زۆرینەی رۆشنبیرانی باشور بەشێوەیەك لەشێوەکان لەم رەوتەدان.

رەوتێکی دیکەش هەیە دژبەرێتی دەسەڵاتدارێتی دەکات، بەهەموو ئاراستە و جۆر و شێوەکانی دەسەڵاتدارێتی چ لە سیستەمی سیاسیدا و چ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش بە ئەرك و ماهییەتی رۆشنبیر دەزانێت. لەسەر ئەم بنەمایەش جولەی رۆشنبیری خۆی دەکات و رۆشنبیربوون لەدژەدەسەڵاتدارێتیبووندا بەرجەستە دەکات. مخابن رۆشنبیرانی ئەم رەوتە زۆر کەمن. هەڵبەتە لەنێوان هەردوو رەوتدا رۆشنبیرگەلێکیش هەن کە هەم لە ناڵ دەدەن و هەمیش لە بزمار، رەخنەیان لەم دەسەڵاتە هەیە، بەڵام لەدیوێکی دیکەوە دەیپارێزن، رەخنەیان لەم کۆمەڵگەیە هەیە، بەڵام کار بۆ گۆڕینی ناکەن و ئەلتەرناتیف و پرۆژەی هزرییان پێنییە. لەئاکامدا رۆشنبیرێکی بێ ئاراستە و بێ رەوتن و لەنگەر ناگرن و ئەگەری زۆرە دواجار لە سەنگەری دەسەڵاتدارێتیدا خۆیان ببیننەوە.

بەڵام رەوتی دژە دەسەڵاتدارێتی رۆشنبیران دەتوانن بە هزر و شاکار و داهێنانەکانیانەوە، بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیانەوە رۆڵی رۆحی شۆڕش و داینەمۆی شۆڕش و ویژدانی کۆمەڵگە ببینن و ببنە هەوێنی بەرپابوونی شۆڕشی ئازادی. بەڵام کێماسی ئەم رەوتە ئەوەیە کە هێشتا خۆی لە دژبەرێتی قەبا و لە فەزا و پانتایی پەتاگرتووی رۆشنبیریی باشور رزگار نەکردووە و دەستبەرداری ئەو وەهمە کوشندانەی نوخبەگەرێتی نەبووە کە جۆرێك لە سوپەرمانێتی و تاکگەرێتی لە کەسێتی رۆشنبیرە یاخییەکاندا دەخولقێنێت.

مسۆگەر شاکارە هزری و ئەدەبی و هونەرییەکان خواردن و وزەی رۆحیی هەر شۆڕشێکن کە بۆ ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و دیموکراتی بەرپا ببێت. مخابن هێشتا لەباشوردا ئەو شاکارە هزری و فەلسەفیانەی لەدایك نەبوون کە پچڕاندن(قطیعة)ی گەورە لە هزری باو و سواو لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و رووی تاك و کۆمەڵگە بە ئاقاری شۆڕشی زیهنی و ویژدانی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئاراستەگیر بکات، هێشتا ئەو شاکارە ئەدەبی و هونەریانە لەدایك نەبوون کە رۆحی شۆڕشی تێدا بەرجەستە ببێت، کە

هەژاندنی هزری و ویژدانی و دەروونی لەنێو تاك و لەڕێی تاکیشەوە لەنێو کۆی کۆمەڵگە بخوڵقێنێت، کە باوەڕی و هیوا و ئیرادە و وزە و ئەشقی لێگەڕین و ژیاندۆستی لە کەسێتی تاکی باشوردا بچێنێت. بەڵام بەبێ هزری مەزن، بەبێ ئەدەب و هونەری ئازاد و شۆڕشگێڕی، شۆڕش ستووندێکی هەرە بنچینەیی خۆی نوقسان و کەم دەبێت. خۆم ناتوانم مەزندەی شۆڕشێکی ئازادیخوازی مەزن بەبێ هزرێکی مەزن، ئەدەب و هونەرێکی شاکار بکەم.

(١٠)

**ئەنجام**

روو لە شۆڕش – هەمیشە شۆڕش

ئیدی لە باشوردا بەرپابوونی شۆڕش بۆتە پێداویستییەکی ژیانیی دەستلێبەنەدراو. چونکە لەباشوردا مرۆڤبوون، کۆمەڵگەبوون، گەلبوون و نەتەوەبوون لەژێر هەڕەشەی کوشندە دایە و ئەگەر لەکاتی خۆیدا بەرپا نەبێت ئەوا هەڵدێرێکی ترسناك لەبەردەم باشور دایە. چیدی ژیان لەژێر ئەو هەڕەشە مەترسیدارەدا ناگوزەرێت، چیدی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤبوون و ئینتیما و ناسنامەی کۆمەڵگەیی و کوردبوونمان لەژێر ئەو هەڕەشانەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی ستەمکار و سیستەمی کۆمەڵایەتی داخراودا توانستی بەرگەگرتنی نەماوە. ئیدی بێ شۆڕش ژیان ناگوزەرێت. چونکە ئەگەر شۆڕش ئازادیهێنە، ئەوا ژیان و ئازادیش هاوواتای یەکدین، تەنانەت بوون و ئازادی هەر تاکێك و هەر کۆمەڵگەیەك پێناسی یەکیدین.

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە؛ دۆخی ناشۆڕشگێڕی و بەرپانەبوونی شۆڕش لەهەر کۆمەڵگەیەکدا دۆخێکی سروشتیی ئەو کۆمەڵگەیە نییە. ئەگەر دۆخێکی وەها هەبوو، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە گرفتارە و لە گێژاو دایە. لەبنچینەدا شۆڕش بۆخۆی دۆخی سروشتی وەگەڕکەوتووی داینەمۆی کۆمەڵگەکانە. ئەو کاتە کۆمەڵگەکان لە دۆخی سروشتی خۆیان دان کە بەشێوەیەکی سروشتییانە لە گۆڕین و پێشکەوتن و یەکبوونی رۆحیی و ماددیی بەردەوام دان. ئێ گۆڕین و پێشکەوتنی بەردەوام لەسەر راستەڕێی سروشتییانەی خۆی و یەکبوونی رۆحی بۆخۆی ماهییەت و ئامانجی هەر شۆڕشێکی راستەقینەیە. کەواتە هەمیشە شۆڕش هەمیشە ژیانە، چونکە واتای ژیان لە نوێبوونەوە و گۆڕینی بەردەوام دایە، کە نوێبوونەوە و گۆڕینی سروشتییانە و بەردەوام کۆتایی هات ژیانیش لەو ساتەدا کۆتایی دێت و واتای خۆی لەدەست دەدات.

> گومانی تێدا نییە کە هەر شۆڕشێك لە هەر کات و شوێن و کۆمەڵگەیەکدا بەرپا ببێت، پێویستیی بە ئامادەکاری هەیە

بێگومان ئەو راستییەش بە گرنگ دەبینم بیخەمەڕوو کە؛ شۆڕش کاری نوخبەیی نییە، بەڵکو کاری جەماوەرە و بۆ جەماوەرە، پێشەنگیش هەر جەماوەرە. مسۆگەر رابەرانی هەر شۆڕشێکیش هەر لەناو جەماوەرەوە سەرهەڵدەدەن. هەڵبەتە شۆڕش کاڵا نییە تا هاوردە و هەنارده بکرێت. شۆڕش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا رۆحێکە و هەمیشە دەبزوێ، کە بزاوت و هات کەس ناتوانێت رێگیری لێبکات. شۆڕش خۆی کردەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی واقیعیە، بەڵام خەیاڵێکی مەزنیشی دەوێت تا لەواقیعدا کردە بکرێت و ببینرێت. لەهەموو دۆخێکدا؛ بەرپابوونی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی بەکەرامەتبوون و شکۆدارییە، پێچەوانەی «گەوجاندن، خۆگەوجاندن، بێدەنگی و تەسلیمەت»ە کە بێکەرامەتی و بێ شکۆیی دەسەپێنن. مسۆگەر لەشۆڕشدا بونیادنان بنەما و ئامانجە، لە شەڕانگێزیشدا وێرانکاری بنەما و ئامانجە. ئەمە خاڵی جەوهەری جیاوازییەکانی نێوان شۆڕش و تۆقاندنە.

گومانی تێدا نییە کە هەر شۆڕشێك لە هەر کات و شوێن و کۆمەڵگەیەکدا بەرپا ببێت، پێویستیی بە ئامادەکاری هەیە. خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش نیوەی کاری شۆڕشەکەیە. مانیفێستکردن و خستنەڕووی گرفت و پێداویستی و ئاراستە و ئاقارەکانی بەرپابوونی شۆڕشێك بۆخۆی بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ئامادەکاری و خۆئامادەکردنە. شۆڕش وەك چۆن هزر و کردارە، وەهاش پارادایمە. پارادایمی تێگەیشتن لە راستینەی شۆڕش و گرفت و پێداویستییەکانی و دەستنیشانکردنی دۆخی شۆڕش لەڕووی بابەتیی و خودییەوە بۆخۆی نیوەی ئامادەکارییەکانە. شۆڕش بەر لە بەرپابوونیدا سەرکەوتنەکەی مسۆگەر دەکرێت یان شکستەکەی دیار دەبێت. نهێنی ئەمەش لە پارادایمی شۆڕش دایە. پارادایمی شۆڕش ئەو پانتاییەیە کە هزر و کرداری شۆڕش ئاوێتەی یەکدی دەکات. پارادایمی شۆڕش رێبازی ئامادەکردن و بەرپاکردن و گەیاندنییەتی

شۆڕشە بەسەرکەوتن.

مسۆگەر باوەڕیی و هیواداربوون بە شۆڕش بەڕادەی خودی شۆڕشەکە بەهادارە. بێهیوایی دژە شۆڕشییە و هیچی لێ شین نابێت. شۆڕش؛ تێگەیشتن و جێبەجێکردن و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ویژدانییە، کۆی ئەمانەش ڕێگای گەیشتن بەژیانی ئازاد دابین دەکەن. ئەمە هاوکێشە و جەوهەری شۆڕشە. چونکە لە شۆڕشدا تێگەیشتن واتا جێبەجێکردنی ئەوەی لێی تێگەیشتویت وەکو خۆی، هەڵبەتە تێگەیشتن واتای ئازادیشە. چونکە ڕادەی تێگەیشتن ڕادەی ئازادی نمایش دەکات، ڕادەی ئازادیش ڕادەی بەرپرسیارێتی دەخاتەڕوو. بۆیە شۆڕش لە کرۆك و فەلسەفەی خۆیدا گوزارشت لە یەکبوون و هاوواتابوونی «ژیان و ئازادی و تێگەیشتن و بەجێهێنان و بەرپرسیارێتی»یە. سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکیش پەیوەستە بە گوزارشتکردنی تەواو لە فەلسەفە و کرۆکی ڕۆحیی خۆی، واتا بەردەوامبوون لەپابەندبوون بەئامانج و ئامرازەکانی خۆی.

لە کۆتادا دەخوازم ئەوە بدرکێنم کە؛ لەڕاستیدا زۆر مژار و گرفتی دیکە هەبوون و پەیوەست بە هێڵی گشتی ئەم نووسینەم بوون و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئەم نووسینەمدا دەستنیشانم کردبوون کە تاوتوێیان بکەم. بەڵام نەمتوانی خۆ لە قەرەیان بدەم، نەکا لەوە زیاتر درێژ ببێتەوە، کە ڕەنگبێ بۆ گۆڤارێکی مانگانەیی وەك (ئازادی کۆمەڵگە) نووسینێکی زنجیرەیی درێژ ئەوەندە لەشوێنی خۆیدا نەبێت، ئەگەرنا ئەم نووسینە بۆخۆی بەشێکە لە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی دۆخی باشور و خستنەڕووی پێداویستی و ئەگەرەکان و گرفتەکانی بەرپابوونی شۆڕشێکی زیهنی، کلتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە باشوردا. بێگومان ئەم بابەتە پێویستی بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زیاتر هەیە و دەکرێ بە مانشێتی جیاوازتر لەسەر هەمان بابەت بنووسین و ئەو مژارانەی تاوتوێکراون قووڵتر و فراوانتر لەسەریان بنووسرێن.



# قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوین و ئەگەرەکانی



ئازادیی کۆمەڵگە
رۆستەم جودی

بەشی سێیەم و کۆتایی

لە هزر و بوارە هزرییەکاندا بەگشتی قۆناخگەلێک هەیە، قۆناخێک هەیە کە رێ لەبەردەم پێشکەوتن دەکاتەوە و رۆڵێکی ئەرێنی دەبینێ. لەهەندێ قۆناخیشدا رۆڵی دواکەوتووانە و بۆ دواوە گەڕانەوە دەبینێ و تەگەرە بۆ پێشکەوتن دروست دەکات. بۆچی؟ ئەگەر ئێمە سەرەتا باسی میتۆلۆژیا بکەین؛ سەرەتا بۆ پێشخستنی هزری مرۆڤ، مرۆڤبوون وکۆمەڵگەبوون رۆڵێکی باشی بینیوە. وەك چۆن ئێستا کیمیا، فیزیا و زانستەکانی دیکە بۆ چارەسەری هەندێ پرس و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤ چ رۆڵێک دەبینن، ئەوا لەو سەردەمەش دا میتۆلۆژیا هەمان رۆڵی بینیوە و هەر نهێنیەک هەبووە ویستویەتی چارەسەری بکات، وەک گەردوون چییە؟ چۆن دروست بووە؟ مرۆڤ چۆن دروست بووە؟ پەیوەندی نێوان مردن وژیان چییە؟ هەروەها لەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دەکۆڵێتەوە. واتە میتۆلۆژیا یەک لەرێگاکانی گەڕان بەدوای راستی و حەقیقەت دایە. لەهەندێ جێ مرۆڤ خۆی بۆ خۆی حەقیقەتێکی بینیوەو وەک سەرچاوەی حەقیقەت نیشانی داوە. زمانی هێما و رەمزیان وەک نوسین بەکارهێناوە، یەک پارچەیی ژیان نیشان دەدات ولەمیتۆلۆژیادا بەسانایی هاوئاهەنگی و پەیوەندی ئۆرگانیک لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵ، لەنێوان دارستان و ئاژەڵ، پەیوەندی نێوان زیندوو و نازیندوو(بانگەشە دەکرێ کە نازیندووە) نیشان دەدات بەرەنگی ئانیمیزم دا کە لەهەمووشتێک دا ژیان هەیە، لەزمانی میتۆلۆژیادا زیاتر هەست بەوە دەکرێ کە مرۆڤ لەزمانی سروشت تێدەگات، مرۆڤ و ئاژەڵ دەکرێ لەیەکتر تێبگەن.



بێگومان بەو مانایە نایەت کە چۆنە مرۆڤ وا لێی تێدەگات، بەڵکو زمانێکی هێمایی هەیە و گوزارە لەشتێک دەکات. واتە بەشێوەیەک نییە کە شتێک ڤالا بێ و هیچ پەیوەندی بەژیانەوەنەبێ. وەک هێما گوزارە لە ژیانی ماددی دەکات، لەهەمان کاتدا لەزمانی میتۆلۆژیادا بەرخودانی مرۆڤ لەبەرامبەر قەیرانەکان نیشان دەدات، چ قەیرانی سروشتی بێ چ ئاڵۆزی و قەیرانی کۆمەڵایەتی بێ. بۆ نمونە کاتێ ئێمە دەڵێین لە میتۆلۆژیای سۆمەریەکاندا تێکۆشانی ئینانا بۆ مافی خۆی و یاساکانی خۆی، کە وەک ما گوزارەیان لێ دەکات دەناسرێن، هەروەها نەفرەتی ئاکادا وەک هاوارێکی گوزارە لەژێرکەوتنی و تێکشکانی شاری پیرۆزی نیپور نیشانی دەدات، لەزۆر شتی تردا کاردانەوە لەبەرامبەر زوڵم و زۆرداری دەخاتەڕوو. لە ئەنجامدا مافی مرۆڤ، ئازادی و یەکسانی لێگەڕینی مرۆڤ بووە، بەدرێژایی مێژوو، مرۆڤ دەتوانێ ئەو تێکۆشانە لەمیتۆلۆژیاکانیشدا ببینێ، بۆیە تێکۆشانی مرۆڤ بۆ ئازادی و ئامادەبوونی مرۆڤ کە لەبەرامبەر ئازادیدا نرخی گرانبەها بدات شتێک نییە کە تەنیا پەیوەست بێ بە رۆژی ئەمڕۆ و نە شۆڕشی سۆسیالستی و نە شۆڕشەکانی رزگاری نەتەوەیی دایهێناوە، نە شۆڕشی دیموکراتی گەلان لەسەدەی ١٨ دا لە ئەمەریکا و ئەوروپا دایانەهێناوە، بەڵکو ئەوە لێگەڕینی ئازادی وەک تێکۆشانی بێوچانی مرۆڤە کە لە میتۆلۆژیاکانیشدا دەبینرێ.

بەڵام میتۆلۆژیا لەبنەڕەتدا چییە؟ ژیانی مرۆڤ رێك دەخات و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیش دادەڕێژێ. کێشەکە لەوێدایە کاتێ مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەزانێ ئیدی ناتوانێ بەرێی میتۆلۆژیا

کێشەکانی چارەسەربکات یان ئیدی ناتوانێ فۆرمیلەکانی چارەسەری لە میۆتۆلۆژیادا بۆ کێشەکانی ببینێت لە جێی ئەوەی کە تێیپەڕێنێ، لێگەڕینی خۆی بەلاڕێدا دەبات و لێگەڕینی خۆی سنووردار دەکات و رادەست دەبێ بەو شتانەی هەیە و دەبێتە دۆگماتیزم. ئەوە لە رۆژهەڵاتی ناویندا زۆر سەرنج راکێشە، مرۆڤ بەچاوی خۆی راستی دەبینێت، بەڵام وەک نەدیو لێی دەڕوانێ. بۆچی؟ لەبەرئەوەی کاتێ بیەوێ ببینێ شتێکی لەسەریدا هەڵە دەبێ و نایەوێ دەستبەداری بێ، لەبەرئەوەی نرخێکی پیرۆزیان هەیە لەلایان لەوێدا کێشە هەیە.

کێشەی دووەمین، متیۆلۆژی هەرتەنیا هزرێکی ئازاد نییە، تەنیا رێی چارەسەری نییە بۆ پرسەکانی مرۆڤ، تەنیا ئەو چارەسەریانە نیین کە مرۆڤ لەوەڵامی پرسیارەکاندا بەدوایدا بگەڕێ، بەڵکو تەنیا بۆسەردەمێک وەهایە، لەوە بەدواوە دەبێتە دەسەڵات، کاتێ دەبێتە دەسەڵات کێشە دێتەئاراوە. بۆنمونە من بیرێک دێمنەگۆڕێ، تۆ یەکێک و ئەوی دی هزرێکی تر دێنێتە ئاراوە، ئەوە نابێتە کێشە. بەڵکو ئەمە دەوڵەمەندییە و زۆرجاریش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ باشتر بگاتە راستی و زیانی نییە، بەڵام کەی زیانمەند دەبێ. کاتێ دەبێتە دەسەڵات زیانمەند دەبێ. لە میتۆلۆژیا، ئایین و تەنانەت لەرۆژی ئەمرۆشدا زانستی پۆزەتیڤیست ئەو راستیە نیشان دەدات. بۆچی؟ لەبەرئەوەی کە هەر کارێکی هزری بەپێی خۆی گەیشتۆتەحەقیقەت، واتە بەرەهایی حەقیقەتی بەدەست هێناوە و کەسیش ناتوانێ بیخاتە گفتوگۆوە. بەڵام کاتێ دەسەڵاتداری لەدەستیدا نەبێ دەکرێ بگووترێ ئەو شتەی تۆ دەیڵێیت راست نییە و من حەقیقەت وەها دەبینم. بەڵام کاتێ دەسەڵاتی لەدەستدا بێ دەڵێت نابێ کە هەڵە بیر بکەیتەوە و دەڵێت حەقیقەت ئەوەیە و بەڕەنگێکی رەها بەسەر هەموو کەسێکیدا دەسەپێنێ. هەر کەسێکیش دەربچێتە دەرەوەی بەیاسا و رێسای جیاواز مەحکوم دەکرێ. کێشەکە لێرەدایە شێوەگرتنی دەوڵەت لەسەر ئەو بنەمایە سازکراوە، ئەو کێشەیە بۆ لە رۆژهەڵاتی ناویندا هەیە، پێشتر لەدەرەوەی رۆژهەڵاتی ناویندا هەبوو؟ بەڵێ هەبوو. لە دەڤەری تر ئایین هەبوو؟ بەڵێ هەبوو. لە هەموو جێی تر فەلسەفە هەبوو؟ بەڵێ هەبوو، لە ڕۆما، یۆنان و ئەوروپاش هەبووە.بەڵام بۆچی لە رۆژهەڵاتی ناویندا دەبێتە کێشە؟ مرۆڤ ناچارە جارێکی تر ناو لەو پرسە بنێ. لەبەرئەوەی کە رۆژهەڵاتی ناوین سەرچاوەیە.

بۆ نمونە ئایینی تاکخودایی لە ئەوروپا نەهاتۆتە ئاراوە، کریستیانی، یەهودیەت و موسلمانێتیش لەرۆژهەڵاتی ناویندا دەرکەوتوون و جیاوازییەکی جددی لەنێوانیاندا نییە لە مەسەلەی کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی ولە مەسەلەی باوەڕیدا جیاوازیەکی ئەوتۆ نییە سەرچاوەیان یەکە. بۆ نمونە موسلمانێتی کریستانی رەت ناکاتەوە، کریستانی یەهودیەت رەت ناکاتەوە سەرچاوەیان یەکە، کتێبەکانیان یەکە. بۆ نمونەی عەهدولقدیم و عەهدولجەدید هەیە، تەورات وئینجیل وەها دەناسرێنەوە، وەک دوو قۆناخ نیشان دەدرێن. لێرەدا سەرچاوە ئەوەن و لەوێدا مەزن بووە لەسفرەوە دەستی پێنەکردووە، تەورات ، ئینجیل و قورئان وەک قسەی خودا دەناسرێن. بەڵام پاشان شوێنەوارناسان هەندێ بەڵگەیان دۆزیەوە کە زۆر شتی کە لە تەوراتدا هەیە وەک تۆفان و زۆر مەسەلەی دیکەی وەک دروستبوونی مرۆڤ هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ژن ئەوە بەڵگە نووسینانە پێشتر هەبوون. لەکاتێکدا کە ئەمە لە ئادەم و حەوا کۆنتربوون. واتە ئەو مێژووەی کە مێژوو بەدەست پێکردنی ئادەم و حەوا نیشان دەدات لەو کۆنتریش بەڵگە هەن و هەمان زانیاری تێدایە، واتە ئایین بەشێوەیەکی ئەبستراکت کە بەسروش هاتووە و کەس پێشتر ئاگای لەو زانیاریانە نەبووە راست نییە، لەبەرئەوەی کە هەر کەس وای دەزانی زانیاری یەکەم لەسەر تۆفان لەتەورات یان قورئان دا هەیە. بەڵام کاتێ کە داستانی گلگامش بەڕەنگێکی رێکەوت دۆزرایەوە ئیدی ئاشکرا بوو کە زۆر بەجوانی باس لەتۆفانی گەورە دەکات ئەو کاتە نەنوح، نە ئادەم و نە کەسی تر هەبوو. کەواتە ئەو زنجیرەی هزر سەرچاوەکەی لێرەیە. سەرەتا میتۆلۆژیا، ئایین بەرەنگێکی تر شێوەی پێداوە و بۆتە ناسنامەی مرۆڤ.

بڕوانن شتێکی کە مرۆڤی رۆژهەڵاتی باش لێی تێدەگات پەیڤی ئایینیە، هەر لەبەر ئەوەشە کاتێ کە بزووتنەوە نەتەوەپەرستەکان، سۆسیالیستەکان و زۆر رەوتی تری هزری سەختیەکی زۆریان بینی کە خۆیان جەماوەری بکەن. بەڵام دەبینی کە گوتاری ئایینی ئەوسەختیە نابینێ لەجەماوەری بوون، دووەم سەرچاوەکەی ئەوەیە بۆیە دەرفەتی ریفۆرم نادات کاتێ خەڵکی دەڤەرێکی وەک ئێرە نەبم و لەسەر بنەمای نرخی کلتوری و کۆمەڵایەتی تر گەورە کرابم، بەڵام کاتێ لە ئیسلام دا شتی باش هەیە ببینم دەکرێ بۆ خۆمی بەبنەما وەربگرم، ئەو کاتە وەک کوردێک یان عەرەبێک یان هەر بەشێکی تری ئەم هەرێمە مامەڵە لەگەڵ ئایین ناکەم، بە پێی هەلومەرج و دەرفەتێکی تێیدا دەژیم دەکرێ ریفۆرم لەئاییندا بکەم. بەڵام کاتێ ئیسلام دەبێتە ناسنامە و دەبێتە بەشێک لەبوونی مرۆڤ و کاتێ بتەوێ بیگۆڕی یان ریفۆرمی تێدا بکەیت دووچاری کاردانەوە دەبیت و پەسندی ناکات ئەوە لەتایبەتمەندی دۆگماییانەی ئاییندا دیارە.

کاتێ جیاوازی لەگەڵ ئەوروپا شی بکرێتەوە مرۆڤ چی دەبینێ؟ ئەوروپا بەگشتی ئایینی کریستیانی پەسند کرد. بەڵام ئەو کریستیانیەی ئەوروپا چۆن سەریهەڵدا؟ ئەوەش گرنگە مرۆڤ لێی تێبگات. کریستیانی ناوەندەکەی رۆژهەڵاتی ناوینە، تەریقەتی ئەسەنی یەهودیەت کاتێ بینیان کە ئایینەکەیان ناتوانێ پرسەکانی مرۆڤ چارەسەر بکات، ئێشی مرۆڤەکان ناتوانن تێبگەن و هەمووان لەئامێز ناگرن، بەتایبەتی بۆ مرۆڤی دەرەوە نابێتە چارەسەری و کاتێ بینیان کە یەهودیەت ئایینێکی قەومێکە و تەنگە، کریستیانی زەق بویەوە، کریستیانی لەلای دەسەڵاتداران ئایینێکی قەدەخە بوو و شەڕیان لەدژی دەکرد و مەحکوم دەکران. بەڵام وێڕای ئەوەش بەهەوڵێکی مەزن ئەو ئایینەیان بڵاوکردەوە، بەزۆری لە کوێدا بڵاو بۆوە؟ بێگومان لەرۆژهەڵاتی ناویندا، لە ئاسیای بچوک، لە میسر، وڵاتی فارس، و لە ئەوروپاش بڵاو بۆوە. بەڵام نەک وەک رۆژهەڵاتی ناوین. لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی رۆما لەنێو کێشەدا بوو و هێرشی قەبیلەی جەرمەنیانی لەسەر بوو و بەشێکیان لەئیمپراتۆریەتی رۆما دابڕی، هێرشی قەبیلەکانی ئەنگلۆسەکسۆن لەسەریان هەبوو، ئەوانیش بەشێکیان لێ دابڕی. لە دەرەنجامدا زۆر بچووک ببونەوە و نەیاندەتوانی لەبەرامبەر هێرشی دەرەوە بەرگری بکەن، ئیدی لەئاستی ناوخۆشدا وەک دەوڵەتێك نەی دەتوانی بانگێشەی ئاشتی و ئارامی، سەقامگیر و خۆبەڕێوەبردنی ژیانی وەک پێشتر نەبوو و لاوازببوو، مەگەربە کرانەوەیەک بیتوانیایە لەو قەیرانە رزگاری بێ. ئەو کرانەوەیە دەکرا لەرۆژهەڵات ئەنجام بدات، هەر بۆ ئەوەشە لەساڵی ٣١٠ بڕیاریان دا کە ئیمپراتۆریەت کە خۆی پارچە بکات، بە ئیمپراتۆری رۆمای رۆژهەڵات کە دواتر بووە ئیمپتراتۆریەتی بیزانتی و ئیمپراتۆری رۆمای رۆژئاوا کە دواتر زۆر بەرگری نەکرد و پاکتاو بوو و دەوڵەت ئاوا دەبوو، دواتر ئینگلیز، جەرمان و هەندێك هێزی تر لەدژی ناوچەی هەژمۆنییەکەی سەریان هەڵدەدا، تا ئەو کاتە کریستیانی قەدەخە بوو لەهەموو رۆما کریستیانی قەدەخە بوو. بۆچی؟ کریستیانی خودای باو رەت دەکاتەوە تاک خودا پەسند دەکات و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بەهەڵە دەزانێ و بەپرەنسیپی یەکسانی و دادوەری و بە پرەنسیپی پێکەوە ژیان دەیەوێ کێشەکانی کۆمەڵگە چارەسەر بکات، کاتێ ناوەندی ئیمپراتۆری رووی لەرۆژهەڵات کرد بەتایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆر قوستەنتیندا. چونکە بینی کە هەموو مرۆڤەکان کریستیانن بڕیاری دا کە ببێتە کریستیان بۆچی؟ چونکە بینی کە وێڕای ئەو زەمینەی کە هەیە ئەگەر کریستیان نەبێ ناتوانێ حوکم بکات، ئەو کاتە ئیمپراتۆری لەناودەچێ، هەر بۆ ئەوەشە کە بووە کریستیان و ئەستەمبولیان بۆ خۆیان کردە پایتەخت تا ١٤٥٣ تا ئەو کاتەی کە عوسمانیەکان داگیریان کرد لەدەست ئەوان دا بوو و پایتەختی رۆمای رۆژهەڵات بوو تا ئەو کاتەش ناوی قوستەنتین پۆلس واتە شاری قوستەنتین بوو، ناوی یەکەم ئیمپراتۆری رۆمای رۆژهەڵاتە، قوستەنتین لەساڵی ٣٢٥ ی میلادیدا کۆبوونەوەیەکی سازکرد بۆ راهیبەکانی کریستیانی و کریستیانی وەک ئایینی دەوڵەت پەسند کرد.

چۆن پەسندی کرد؟ دەگێڕنەوە لەسەردەمی میتۆلۆژیاکاندا ئەگەر یەکێکیان بگرتایە ئەویان بەپێی تەختەیەک دەپێوی ئەگەر لێی درێژتر بوایە دەیان بڕیەوە و گەر کورتتر بوایە ڕایاندەکێشا کە بەقەت تەختەکەی لێ بێ وەها سزایان دەدا، قوستەنتینیش کریستیانی بەپێی هەمیشەیی بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی رۆما دەستنیشان کرد، ناکرێ کەس لەدژی راوەستێ، چونکە بۆتە ماتەوزەیەکی»پۆتانسێلێکی» گەورە و هەموو کەسێ کریستیانی پەسند کردووە. بەڵام لەسەر دەسەڵات نییە، ئیدی وەک پێشتر ناتوانێ بەکوشتن، قڕکردن و رەتکردنەوە ناتوانێ بەرەنگاری بێتەوە، پەسندی دەکات، بەڵام نەک وەک پرەنسیپی پێشووی کە هیومانیزم، یەکسانی و ئازادی بوو. چونکە ئەگەر وەها پەسندی بکات رەتی دەکاتەوە لەبەرئەوە کریستیانی بەپێی سیستەم پێورا و ئەوە کریستیانەی کە ئێمە دەیناسین رۆژی ئەمڕۆ ئەوەیە و هەمیشە بەپێی سیستەم پێوەری دراوەتێ لەساڵی ٣٢٥ دا زۆر شت بەدەنگدان پێک دەهات لەکۆبونەوەکاندا ، عیسا خودایە یان نا؟ بەدەنگدان ئەرێ کرا. چونکە تا ئەو کاتە نەیاندەگوت عیسا خودایە، پێغەمبەر و مرۆڤە. چونکە گەر بڵێن خودایە زیاتر لەگەڵ نەریتی ئایینی ئیمپراتۆری رۆما نزیک دەکرایەوە، هەر بۆ ئەوەشە کە بەدەنگدان عیسایان کردە خودا، زۆر کەس لەو کۆبونەوەیەدا لەدژی راوەستان، بەڵام دیسان بەدەنگی زۆرینە کرایە بۆچوونی فەرمی، کریستانی وەها لەڕاستەڕێی خۆی دەرخرا. لەتایبەتمەندی یەکسانی، ئازادی و شۆڕشگێڕی و هیومانست دوورە پەرێزخرا و بەتەواوی بووە ئایینی دەوڵەت، ئەوە هەم لە رۆمای رۆژهەڵات و هەم لەرۆمای رۆژئاوایشدا پێکهات، لەبەرئەوە لەئایینێکی قەدەخەوە بووە ئایینێک کەهەمان دەوڵەت پێشتر سزای دەدا. بەڵام هەمان دەوڵەتیش لەخۆوەی دەگرێ و دەیکاتە ئایینی خۆی. بەڵام دوای ئەوەی کە لەتایبەتمەندی و راستیەکانی دووردەخرێتەوە.

مەگەر ئێستا دەکرێ یەک هەستێ و کۆبونەوەیەک بکات و قورئان سەرلەنوێ داڕێژێتەوە؟ دونیا سەراوژێر دەکرێ، ئەوە

مایەی پەسند نییە و لەرۆژهەڵاتی ناوین پەسند ناکرێ، دەڵێت قورئان و خودا یەکە، قورئان زمان و قسەی خودایە ناکرێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ؟. وەها دارێژراوە و بۆتە تابۆ و ریفۆرم رەت دەکاتەوە. بەڵام ئەوروپا بەریفۆرمدا تێی دەپەڕێ بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کە هی ئەوان نییە لەرپشەدا، لەبەرئەوەی کە کاتێ پێویستی پێی بووە پەسندی کردووە. مرۆڤ دەکرێ ئەو تایبەتمەندیە لە تورکەکانیشدا ببینێ. هەندێ نزیک بە ئەوروپیەکانن کاتێ پێویستی پێی بێ پەسندی دەکات لەمەسەلەی ئیمپراتۆری عوسمانی ئیسلامیان وەک جەوهەر نا، بەڵکو وەک بەرژەوەندی و بەکارهێنان پەسندیان کرد و پاڵپشتی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوینیان بەدەست هێنا و توانیان هێرش بکەنە سەر ئەوروپا. وەک رابردوو ئێستاش پاراگماتیستانە مامەڵە لەگەڵ ئایین دەکەن، ئەوان بەگشتی بەرژەوەندپەرستانە مامەڵە لەگەڵ ئایین دەکەن. بەڵام گەل وەها مامەڵەی لەگەڵ ناکات.

هەر بۆ ئەوەش کریستیانی چەند دۆگماتیکیش بووبێ بەڵام نەیتوانی ببێتە تەگەرە لەبەردەم رێنسانس. چونکە کاتێ کە پەسند کراوە وەک پێویستی پەسندی کردووە نەک وەک ناسنامە لەئەنجام دا وەک پێویستیەکی سیاسی ئایینی پەسندی کردووە. لەسەر ئەو بنەمایەش یاساکان دارێژراوە و کاتێ ویستویانە گۆڕانکاری تێدا بکەن بەپێی پێویست یاساکانیان گۆڕیوە و بەپێی بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسی گۆڕانکاریان تێدا کردووە. بۆ نمونە ساڵی ١٢٠٠ بە دواوە ویستیان بەهەندێ بنەمای فەلسەفیەوە بیبەستنەوە بۆ نمونە تۆماس ئەکوینی ویستی کریستیانی و فەلسەفەی ئەرستۆ بە یەکەوە ببەستێتەوە وتێکەڵی کرد. چونکە فەلسەفەی ئەرستۆش تا ئاستێک فەلسەفەیەکی موحافەزەکار و رەهایە لەسەر بنەمای هەندێ حەقیقەت خۆی جێ کەوتە کردووە، ئەوەی کردە بەشێک لە ئایینی کریستیانی لەگەڵ ئەوەی کە ئەرستۆ خۆی کەسێکی ئاییندار نەبوو لەسەردەمی ئەودا کریستیانی نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە پێویستی پێی بوو هزری ئەرستۆی لە ئایینی کریستیانی دا چاند و تا سەدەی ١٦ قەدەخە بوو کە تەنانەت گفتوگۆشی لەسەر بکرێ، ئەوانەشی مشتومڕیان لەسەر بکردایە لە سێدارە دەدران، دوایین جار زانایەکی وەک برۆنۆ لە سای ١٦٠٠ دا سوتێنرا لەبەرئەوەی کە شتەکانی ئەرستۆی رەت دەکردەوە. لە ئەنجامدا هەم لە رووی میتۆلۆژیاوە و هەمیش لەڕووی ئایینیەوە کاتێ وەک کۆپیەکی دووەمین یان سێیەمین سەرچاوەکەی رۆژهەڵاتی ناوینە دەگوازرێتەوە جیهانی رۆژئاوا میانڕەو دەکرێتەوە و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگەکانی خۆیان دەیگونجێنن وەک چۆن تەگەرە لە بەردەم پێشکەوتن دا لە رۆژهەڵاتی ناوین لەوێ لەو ئاستەدا نابێتە تەگەرە. واتە بە ئاسانی دەتوانن لە بەرامبەری راوەستن. بەڵام واش نییە کە بەو ئاسانیە کە هەموو شتێک وەک گوڵ و گوڵزار هاتبێتەوە ئاراوە، بەڵکو لە دژی ئەوەش راوەستاون خەڵک کوژراوە و سوتێنراوە و دووخراوەتەوە و پاکتاو کراون. بەڵام بەو ئاستەی رۆژهەڵاتی ناوین نییە، دۆگماتیزم بە هێندەی رۆژهەڵاتی ناوین قوڵ نییە.

### ” قۆناخی دووەمین ئایینە لە پێشکەوتنی هزر و زهنیەتی مرۆڤدا، بۆچی؟ چونکە ئایین زیاتر نزیک بە عەقڵە

لە رۆژهەڵاتی ناویندا بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە داخۆ هیچ هەوڵێک نەدراوە؟ هەوڵی زۆر مەزن دران، شتێکی کە پێی دەڵێن چاکسازی، رێنسانس، رۆشنگەری و فەلسەفە ئەوانە لە سەردەمێکی رابردوودا بگرە بە سەدان ساڵ بەر لە ئەوروپا لە رۆژهەڵاتی ناویندا پەرەی سەند. بە میتۆدی لە ئەوروپیەکان زانستیتر هەوڵدان هەبوو. لەوانەیە هەندێ دەستەواژە هەیە کە لەوێ نەبیستراوە بۆ نمونە لە سەدەکانی ٨ ، ٩ و ١٠ لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئەمەوی و عەباسیدا لەوانەیە لە فەرهەنگی ئەو سەردەمەدا چاومان بە وشەیەکی وەک دیموکراسی ناکەوێ، بەڵام هەوڵی کۆمەڵایەتی وا هەبووە کە زیاتر لەو پەیڤە گوزارە لە دیموکراسی دەکات، هەوڵی کۆمەڵایەتی وەها هەبووە لە کۆمینالیزیم هەرەوەزیتر هەبووە. لەوانەیە چاومان بە پەیڤی وەها دەکەوێ کە لەوانەیە پێی نەگوترێ راسیۆنالیزم»عەقلانیەت«، بەڵام عەقلانیەتێکی کە ئەو پەیڤەش تێپەڕ دەکات، لە ئارادا بووە. راست نیە کە وا نیشان بدرێ ئەوانە وەک قاڵبونەوەی مرۆڤی رۆژئاوایی نیشان بدرێ. ئایین قۆناخی دووەمی پێشکەوتنی هزری مرۆڤە، ئەگەر میتۆلۆژیا وەک سەرەتا ببینین، ئەوە قۆناخی دووەمین ئایینە لە پێشکەوتنی هزر و زهنیەتی مرۆڤدا، بۆچی؟ چونکە ئایین زیاتر نزیک بە عەقڵە، بە بەراورد لەگەڵ میتۆلۆژیا زیاتر ئاسانە بۆ تێگەیشتن و زۆر راشکاوە، زیاتر نزیک بە کێشەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤە، بۆ ئەوەشە کە لە میتۆلۆژیا زیاتر نزیک بە حەقیقەتە لە ئاستی هزر و زهنی دا دەکرێ وەک شۆڕشێک پێناسە

بکرێ. لەوانەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە نەکرێ ناوی شۆڕشی لێ بنرێ. بەڵام لە ڕووی زهنیەوە وەک شۆڕشێکە. چونکە هەموو شتێکی سەروژێر کرد، بۆ نمونە تێڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشت، بۆ مرۆڤ، باوەڕیەکان و هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەموو شتێکی گۆڕی، تەنانەت خو و نەریتەکانی مرۆڤی گۆڕی. بەرلە ئایینە تاک خوداییەکان مرۆڤ بە جۆرێک و لە دوای ئایینە تاکخوداییەکانیش مرۆڤ بە جۆرێکی تر دەژیا. ئەوەش شۆڕشە، چونکە هەموو شتێک سەروژێر دەکات. ئایین تا ئەو کاتەی بەر لەوەی ببێتە دەسەڵات کراوەیە بۆ ئیجتهاد و لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی پرسەکانی کۆمەڵگە خۆی جێکەوتە دەکات.

**ئەو گفتوگۆ کراوانە لەو مزگەوتانەی پێغەمبەر لە مەدینە دەکران، ئێستا کەس ناوێرێ لە کۆلیژەکانی شەریعەتی زانکۆی ئەزهەر و مەکە دەریببڕێ**

بۆ نمونە ئایینە ئیبراهیمیەکان بە شێوەی مەوسەوی، کریستیانی و ئیسلامیش بە هەمان شێوەیە، ئەو ئایینانەی کە لەسەرچاوەی ئاریانیەوە دێن کراوەتر و نزیکتر لە راستینەی کۆمەڵگە، ئەوە تا بەر لەوەی بێنە دەسەڵات بەڵام کاتێ دەبنە ئایینی دەسەڵات ئیتر بە ڕووی ئیجتهاد دا دادەخرێن.

ئیجتهاد چییە؟ بێ ئەوەی کە ڕەتی بکەیتەوە، خولقکاری تێدا دەکەیت. بۆ نمونە ئێمە ئەمڕۆ کارێک دەکەین کە یاسا و ڕێسای هەیە، دەکرێ کارەکە بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایەش بکەین. بەڵام کاتێ بە پێی هەمان رێ و ڕێباز بێ ئەوە خۆدووبارە دەکاتەوە. بەڵام هەیە دێت بە هونەری خۆی شتێکی لێ زیاد دەکات و زیاتر ئەنجامگیر دەبێ ئەوە ناوی ئیجتهادە و واتە لێ زیاد کردن و شارەزاییە. بەڵام لە سەرچاوەکەی دانابڕێ، دیسان موسڵمانێتیە، بەڵام خولقکاری تێدا دەکات. بۆ نمونە تۆ پەکەکەییت، بەڵام خولقکاری تێدا دەکەی بێ ئەوەی کە پرەنسیپە سەرەکیەکانی وەلاوە بنێی بۆ ئەوەش هەمیشە بۆ ئیجتیهاد، بۆ وەڵامدانەوەی پرسەکان و نوێ بوونەوە ، کراوەیە. ئەو گفتوگۆ کراوانە لەو مزگەوتانەی پێغەمبەر لە مەدینە دەکران، ئێستا کەس ناوێرێ لە کۆلیژەکانی شەریعەتی زانکۆی ئەزهەرو مەکە دەریببڕێ. بەڵام ئەو کاتە ئازادانە گفتوگۆیان دەکرد. ئەو کاتە هەموو شتێ گفتوگۆی لەسەر دەکرا تەنانەت بوون و نەبوونی خودا و هەموو کێشەکانی پەیوەست بە مرۆڤەوە گفتوگۆی لەسەر دەکرا، ژیانی ڕۆژانە ، پەیوەندی ژن و پیاو ، بەخێوکردنی منداڵ و مەسەلەی دارایی و ئابوری و زۆر شتی تر گفتوگۆی لەسەردەکرا. بەڵام ئێستا ئەوانە هەموو بوونەتە تابۆ کەس ناوێرێ گفتوگۆی لەسەربکات. لەگەڵ ئەوەی کە ١٥٠٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. ئەو کاتە کراوەتر بوو، دەسەڵات دەروازەی ئیجتهاد بەسەر هزردا دادەخات و لە چوارچێوەی بەرژوەندی خۆیدا دەهێڵێتەوە. چونکە ئەگەر هزر بێتە ئاراوە ئەوە ئەو کات دەسەڵات دەکەوێتە بەر مشتومڕ. تێبینی بکەن دەسەڵات بە گشتی و بەوەی ئەمڕۆشەوە دۆگماتیکە.

بۆچی؟ ئەگەر دەسەڵاتێک بۆ نمونە لەسەر بنەمای ئیسلام یان شەریعەت بێ، کاتێ دەکەوێتە بەر ڕەخنە، دەسەڵاتیش گفتوگۆ دەکرێ، ئەو کاتە دەسەڵات چی دەکات؟ لە ژێر ناوی پیرۆزیدا، قەدەخە دەخاتە سەر گفتوگۆ کردن لەسەر ئایین و شەریعەت و ڕێنمایی دەدات کە دەبێ وەک چۆن هەیە ئەزبەرە بکرێ، چونکە هەر مرۆڤێکی گفتوگۆی لەسەر بکرێ و لێی بکۆڵێتەوە، ئەوە مامەڵە و شێوەی حکومڕانی دەخاتە گفتوگۆوە، ئەو دیدانە دەبێتە هێزێکی چاودێری بەسەر دەسەڵاتەوە، دەسەڵات بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دیکتاتۆرە و هێزی چاودێری لەبەرامبەر خۆی قەبوڵ ناکات و دۆگماتیزم لە بەرژەوەندی خۆیدا دەبینێ و خوڵقکاری ناکات. مرۆڤەکان ویستیان بە ئایین ئازاد بن و بگەنە حەقیقەت و ئەڵقە ونبووەکەی خۆیان ببینەوە، کۆتایی بەزوڵم و زۆرداری بێنن و یەکسانی پێک بێنن، واتا بگەڕێنەوە بەهەشت، ئەو هیوایانە لە ئایین دا هەبوو، چونکە ئایین خۆشی ئەو هیوایەی پێ دەدان، بەتایبەتی ئایین بەهێزە روحانی و ئەخلاقیەکەی، بە ئامۆژگاری، فێرکاری و ئەو بەرهەمە هزریەی هەیبوو نیشانی دەدا، ئەوباوەڕیە بە مرۆڤ دەدا.

بەڵام پاشان مرۆڤەکان بینیان کە ڕووبەڕووی ناپاکی بوونەوە. دواتر ئەو شتانەی کە لە پێناویدا بوونە موسڵمان یان کریستیان بینیان کە دەسەڵاتدارێتی ئەو ئەرکەی خۆی بەجێ ناهێنێ. یەکسانی بەرقەرار ناکات و دیسان زوڵم و کۆیلایەتی و کوشتن هەیە، بەڵام ئەمجارەیان بەناوی خودا، پێشتر لەوانەیە تا ئاستێک مرۆڤ بیتوانیایە یاخی بێ یان بیتوانایە لە دەرەوەی ئەوە بژی، چونکە ئەو هزرە زیاتر ناوەندی دەبوو دەوڵەت ناوەندی و باڵادەست دەبێ، ئەرتەشی خۆی دادەمەزرێنێ و هەموو شتێکیش بەناوی خودا دەکات و خۆی ڕەها دەکات و دەرفەتی بەرخودان ناهێڵێ، ئەگەر مرۆڤ بەرخودان بکات وای نیشان دەدەن

کە لە دژی خودا رادەوەستێ و کوشتنی بێ دادگای شایانی مرۆڤەکان دەبینێ.

بۆ ئەوەش بزووتنەوەی جیاواز هاتنە ئاراوە، بزووتنەوەگەلێکی کە لە سەردەمی

> **لەو نەریتەوە ڕێبازێکی نوێ هاتە ئاراوە ئەو ڕێبازە بەناوی موعتەزیلەیە، لە مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوین دا گەورەترین و بەرجەستەترین بزووتنەوەی عەقلانی( راسیۆنالیست) بوو**

دەسەڵاتداری ئیسلامی لە نێو عەرەب دا و کەسانێک هاتنە مەیدان کە ویستیان ئیسلام لە مۆرکی دەسەڵاتدارەکەی بشۆنەوە، یەک لەوانە بزووتنەوەی خەواریج بوو یان خاریجی، بۆ خاریجی کە واتای دەرەوەیی دێت؟ واتە خۆ لە دەرەوەی شەڕی دەسەڵاتداری هێشتنەوە، سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوەیە بەو واتایە دێت کە هەر لە سەرەتای شەڕی دەسەڵاتداریەوە ئەو بزووتنەوانە هاتنە ئاراوە. بەتایبەتی بە کۆچی دوایی پێغەمبەر دەست پێدەکات و لەسەردەمی خەلیفە عەلی دا زیاتر قووڵدەبێتەوە. ئەرستۆکراتەکانی عەرەب هەر چۆن لە سەردەمی رۆما و بێزەنتیەکان و ساسانیەکاندا ویستیان مۆدێلێکی دەسەڵاتداری بچەسپێنن. خەواریجەکان دەیانویست هەندێ لە بەهاکانی ئیسلام کە گوزارەی لە یەکسانی دەکرد بێ بژین، بەڵام لە سەر دەسەڵاتداری شەڕ هەڵدەگیرسا، ئەو شەڕە بۆ زۆر کەس ئیتر دەبووە مایەی تێگەیشتن لەوەی کە ئەوەی هەیە ئیسلامییەت نییە. ئەو ئایینەی کە بە ئومێدی چارەسەری پرسەکانیان پەیڕەویان لێکردووە پێویستە نەبێتە ئامرازێکی دەسەڵاتداری و لەنێوان ئەو کەسانەی لەسەر ئایین هاوبیرن دەبێ خوێن نەڕژێ. بەڵام دەبینن کە لەوێدا خوێن دەڕژێ و کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدرێ. بۆ ئەوەش لە دژی راوەستان و خۆیان لە دەرەوەی مەسەلەکە هێشتەوە و ویستیان چارەسەری بکەن. بەڵام سەرنەوکەوتن و دەرفەتی سەرکەوتنیشیان نەمابوو لەبەرئەوەی کە جڵەو لە دەست ئەوان دەرچوو بوو. لەوانەیە وەک رێ و شوێن بیانتوانیایە بیکەن، عەلیان کوشت، بەڵام نەیانتوانی معاویە بکوژن بەپێی خۆیان دەیانگوت ئەگەر ئێمە ئەو دوو کەسە بکوژین ئەوە شەڕی دەسەڵات لە ناو موسڵماناندا نامێنێ و یەکێتی موسڵمانان پێک دێت. بەڵام معاویەیان نەکوشت و بە کوشتنی عەلیش دەسەڵاتدارێتی بە تەواوی کەوتە دەستی ئەمەویەکان.

لەو نەریتەوە ڕێبازێکی نوێ هاتە ئاراوە ئەو ڕێبازە بەناوی موعتەزیلەیە، لە مێژووی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتی ناوین دا گەورەترین و بەرجەستەترین بزووتنەوەی عەقلانی( راسیۆنالیست) بوو. ناویان موعتەزیلە بوو، بۆ ئەو ناوە؟ لە عەزلەوە دێت. واتە خۆت لە جێیەک گۆشەگیر بکەیت. لەسەر موعتەزلە زۆر بۆچوونی جیاواز هەیە. لە ساڵی ٨٠ کۆچی دا کە ڕێکەوتی ٧٣٠ یان ٧٤٠ زاینی دەکات لەو کاتەوە دەست پێدەکات وتا سەدەی ١٠ بەردەوام دەبێ. لەماوەی ٢٠٠-٣٠٠ ساڵ ئەو رەوتە بەشێوەی جیاواز؛ بە نهێنی یان ئاشکرا هەیە. لەسەر دروست بوونیان زۆر بۆچوون هەیە، هەندێ لەوانە زۆر عەقلانی نین هەندێ بۆچوونیش زیاتر نزیکی حەقیقەتن، دەڵێن دوورکەوتنەوە لە دەسەڵاتداری بەبنەما دەگرن، بەتایبەتی کاردانەوەیان وەک کاردانەوە لە دژی حەسەنی کوڕی عەلیە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کە حەسەن سازشی بۆ معاویە کرد و ئەوی پەسند کرد وەک خەلیفە، بۆ ئەوەش کاردانەوەیان نیشان دا و خۆیان دوورخستەوە و بوونە موعتەزلە، خۆیان لە هەموو شتێک دوورخستەوە. لەبەرئەوەی کە ناهەقی دەبینن کە معاویە مافی خەلافەتی نییە. دەڵێن کە حەسەن بە بەراورد لەگەڵ حسێن کەسێکی پاسیف بووە و شەڕکەر نەبووە، بۆ ئەوەش دوور دەکەوێتەوە و ئەوانیش دووری دەخەنەوە. بۆچۆنێکی تر هەیە دەڵێن، لە ئەنجامی شەڕی نێوان معاویە و عەلەویەکاندا، واتە ئەمەوی و عەلەویەکان دا ، ئەوانە گووتویانە ئەو شەڕە هەڵەیە بۆ ئەوەش خۆیان دوورخستۆتەوە، خۆیان بە مەسەلەی زانستی و هزرەوە سەرقاڵ کردووە، ئەوەش رێبازێکە. بۆچوونێکی تریش دەڵێن ئەوانە رێبەرێکیان هەبووە کە دەربارەی مەسەلەیەک لە مزگەوتێکی بەسرە، حەسەنی بەسری هەبووە کە زانایەکی گەورەی ئایینی ئیسلام بووە دەربارەی پرسێک دا کە گوناهی گەورە چییە؟ ناکۆکی لە نێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە. گوناهی گەورە وەک چی، بۆ نمونە یەک لە خودا دوورکەوێتەوە، ئەو گوناهێکی مەزن بینراوە و کەسێکی ئەو گوناهە بکات لێی نابورن، یەک هاتووە لە حەسەنی بەسری پرسیوە ئەو کە گوناهی گەورە دەبورێت یان نا ؟ یەکسەر ئەوەی موعتەزلە وەڵامی داوەتەوە و وتویەتی ئەگەر ئەگەر تۆبەی نەکرد و مرد ئەوە لێی نابورێت، بەڵام ئەگەر بەر لەوەی بمرێ تۆبە بکات ئەوە لێی دەبورێت. واتە نەرم نزیک بۆتەوە بۆ ئەوەش حەسەنی بەسری لەو مەجلیسە

دوور کەوتەوە و پێی وتووە کە « موعتەزل» بوو. بۆ ئەوەش ئەو ڕەوتە زیاتر ڕەوتێکی دەرەوەی دەسەڵات و بە زانست و هزرەوە سەرقاڵ بووە. کەواتە هزری ئەوانە چییە؟ مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵاتداری دیارە و لە دژن.

بەڵام دیدیان لەسەر زانست گرنگە، ئەو قسەیەی کە دەڵێ خودا لە فلان جێیە، چاوی وەهایە. دەمی وەهایە، مرۆڤ دەتوانێ ببینێ، لە قورئانیش دا نووسراوە کە مرۆڤ کاتێ دەمرێ و دەچێتە بەهەشت لە هەندێ جێی بەهەشت، کە نهوم نهۆمە لەو جێیانە دەتوانێ بەردەوام مرۆڤ ببینێ و ئەوەش خۆی لە خۆی دا گەورەترین خەڵاتە. بەڵام ئەوانە دەڵێن خودا نابینرێ، شتێکی کە ببینرێ خودا نییە، شتێکی جێی هەبێ و یان چوارچێوەی هەبێ خودا نییە و پێیان وایە کە هەندێ شت لە قورئان دا هەیە، بەڵام دەبێ ئێمە وەک بنەما سەیری نەکەین، دەبێ خودا و قورئان لە یەک ئاست نەبینرێ و دەکرێ هەندێ شتی قورئان قەبوڵ نەکرێ. بۆ نمونە لە قورئان دا هاتووە کە خودا لە ژوورە، بەڵام ئەوان دەڵێن ژێر و ژوور نییە، چونکە لە گەردوون دا ژوور وژێری نییە، چونکە خودا دەبێ جێی دیار نەبێ، ئەگەر دیار بێ ئەوە خودا نییە. قەبارەشی دیار نییە کە وەها گەورەیە یان نابینرێ، بۆ ئەوەشە ئەو ئایەتەی کە لەسەر خودایە ڕەت دەکەنەوە. چونکە ناپارێزرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکەن لە نێو خۆیان لەگەڵ مانیستەکانی پەیڕەوکاری مانی و لەگەڵ زەردەشتییەکان گفتوگۆ دەکەن و لەبەردەمیاندا ئاستەنگی هەیە و ناتوانن وەڵام بدەنەوە. چونکە نازانست و نالۆژیکیە و داوای داڕشتنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو دیدە دەکەن. دووەم؛ دەڵێن مرۆڤ دەکرێ بە عەقڵ ڕاست و چەوتی لەیەک جیابکاتەوە نەک بە لەبەرکردن. هەر لە

بەر ئەو هۆکارەشە کە وەک بزووتنەوەیەکی ئەقلانی لەقەڵەم دەدرێ و ئەو پرسە خوداناسیانەی کە مرۆڤی ئەوروپی لە سەدە ١٦-١٧ دا توانیویانە بیپرسن ئەوانە ئەو کاتە پرسیاریان دەکرد. دەڵێن ڕاستە

**جێی وەک یەمەن و جێی تر بینرایەوە و ئاشکرا بوون کە بزووتنەوەیەی عەقلانی - ڕاسیۆنالیستی زۆر پێشکەوتنخواز بوونە. بێ ئەوەی کە خودا - تیۆلۆژی ڕەت بکاتەوە، بەعەقڵ مامەڵە دەکات. بۆچوونی دەوڵەتی ئیسلامی کەڵکی لەوان وەردەگرت**

خودا مرۆڤی خولقاندووە، بەڵام لە دوای ئەوە مرۆڤ خاوەنی خۆیەتی، ئەگەر بڵێین مرۆڤ خاوەنی خۆی نییە و عەقڵی مرۆڤ هیچ ڕۆڵێکی نییە و هەموو شتێک لە سەر نێوچەوانی نووسراوە، کە مرۆڤ خراپەکاری دەکات، بەوپێیە بێت ئەوا خودا پێی وتووە کە خراپەکاری بکات، ئەگەر وایە دوایی بۆ حیسابی لێ دەپرسێتەوە. باشە ئەگەر وایە کە خودا خوڵقاندوویەتی و ئاراستەی دەکات و دەڵێ لەسەر شانی چەپ و ڕاستی فریشتە هەن و لە خەون و هەستان و هەموو شتێکتدا خودا هەبێ و ئاگاداری لە هەموو شتێک هەبێ، بۆ ئەوەشە ئەو پرسیارە دەکات کە ئەگەر وایە بۆ حیسابم لێ دەپرسێتەوە؟ کاتێ گوناح دەکەم بۆ دەمخاتە دۆزەخەوە؟ ئەوان دەڵێن:» دەبێ گوناح نەخەینە ئەستۆی خوداوە، چونکە عەقڵ هەیە. بە عەقڵ ڕاستی و چەوتی لە

یەک جیادەکەینەوە. بە بڕیاری خۆمان بەشداری دەکەین، خودا بەرپرسیار نییە. ئەو ئێمەی خوڵقاندووە و لەوە بەدواوە دەبێ شتی دیکەی لێ بار نەکرێ. هەر ئەو ڕەوتە دەڵێن دەبێ بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای ڕەزامەندی عەقڵ پەسند بکرێ چی پێویست بێ دەبێ بیکەین، دەبێ بژارمان فەلسەفە بێ، تەنیا نحو یان ئیلاهیات (خوداناسی) بەس نییە، بەڵکو هەندێ شت هەیە دەبێ بیگوازینەوە وەک زانستی وەک ماتماتیک و کیمیا. دەربارەی فەلسەفەی یۆنان و زۆر زانستی تر لێکۆڵینەوەیان کرد. لە ئاست مەسەلەی عەدالەتدا ڕەخنەیان لە سیستەمی سیاسی دەگرت. ئەوانە لەسەردەمی عەباسیشدا پێشکەوتن و جاروبار دەوڵەت ڕێی پێ دەدان. چونکە هێزی هزریان هەبوو و کتێبێکی زۆریان هەبوو. کتێبەکانیان دیار نەبوون، پاشان لە جێی وەک یەمەن و جێی تر بینرایەوە و ئاشکرا بوون کە بزووتنەوەیەی عەقلانی - ڕاسیۆنالیستی زۆر پێشکەوتنخواز بوونە. بێ ئەوەی کە خودا - تیۆلۆژی ڕەت بکاتەوە، بەعەقڵ مامەڵە دەکات. بۆچوونی دەوڵەتی ئیسلامی کەڵکی لەوان وەردەگرت، بەهێزی هزریان لەبەرامبەر ئەو ئایین و هزرانە ڕادوەستان کە سەرچاوەکەی ئارینەکان بوون. بەڵام کاتێ دەستیان بە ڕەخنە کردن لە دەسەڵات کرد، دەسەڵات هەڵیان دەکوتایە سەریان، هەندێ لەوانەش بەشێوەیەکی زۆر خراپ کوژران و بەوپێیەش ئەو بزووتنەوەیە لەناوبردران. واتە گۆڕانکارییەکی ئەنجام نەدا و عەقڵ سەروەر نەبوو، ڕێ لەسەر عەقڵ کرایەوە، بەڵام دەسەڵات ئەوەندە توند بوون، نەک عەقڵ بەڵکو دۆگماتیزم (چەقبەستن) سەروەرکرا. بەتایبەتی لە سەدەی ١١ دا لە ڕێی ئیمام حامیدغەزالی دا زیاتر دۆگماتیزم چەسپا.

# مێژوو لە لایەن کێوە ئاوەژوو خوێنرایەوە و بەو هۆیەشەوە چیمان لە دەست دا؟



ئازادیی کۆمەڵگە
جیهان ئەرەن
لەتورکیەوە: نەجیبە قەرەداخی

هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە لە ژێر ناوی چارەسەری دا دەست بە دامەزراندنی کرا. بەو پێیە نەتەوەپەرستی خرایە جێی چەمکی ئوممەتی ئیسلامی. ناسنامەی ئیسلامی رۆژهەڵاتی ناوین تا قۆناخی دەوڵەت-نەتەوە هەرچەندە لە ژێر کاریگەری ئەتنیکی عەرەبیش دا بوویێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک پێیان وایە کە ئەوان نوێنەرایەتی ئیسلام دەکەن، هەرچەندە فارسەکان بە پەیرەوکردنی مەزهەبی شیعە لەوانی دیکە جیاواز بن، بەڵام ئایدیۆلۆژی دەوڵەت - نەتەوە تا ئاستی نەتەوەپەرستی گەلانی لە یەکتر دابڕاند و دۆخی جەمسەرگیری لەبەرامبەر یەک دروست کرد. دەوڵەت-نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوین دا بە دوژمنایەتیەکی لەناوبەرانە و کۆمەڵکوژکردنی باوەڕیەکان و گەلان دەستی دامەزران. زۆربەی ئەوانەی باوەڕیان بە مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوین دا هەبوو لە قۆناخی ساڵانی ١٨٠٠ بە دواوە راستەوخۆ ئەو ئارستۆکرات و بیرۆکراتانە بوون کە بەشێوەیەک پەیوەستبوون بە عوسمانیەکانەوە. لە نێو عەرەبەکان دا بنەماڵەی سەید و شێخەکان، لە نێو تورکەکان دا بیرۆکراتەکان، لە نێو کوردەکانیش دا بەگ، میر و شێخەکان، لە نێو ئاسوریەکانیش دا کەسایەتی ئاینی و بازرگانەکان، لەنێو ئەرمەنیەکانیش دا رۆشنبیر و بازرگاکان پێشەنگیان کرد. جگە لە فارسەکان هەموو گەلانی دیکە داوا و لێگەڕینیان بۆ بوونە دەوڵەت پەرچەکردارێک بوو لە بەرامبەر عوسمانیەکان.

رێک رۆژگاری ئەمڕۆ وەک دوای ساڵانی ١٨٠٠ رۆژهەڵاتی ناوین سەروژێربوونێکی بە خۆیەوە بینیوە و ئەگەر لەو رووداوانەی لەو سەردەمەدا بەسەری گەلی کورد هاتووە وردبینەوە، دەکرێت ئەزمونی بۆ ئەمڕۆ لێوەگرین. لەبەرئەوەی کە گەلی کورد لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی دواییەدا لە ژێر زەبری داگیرکاری و گەمارۆی هێزی نێونەتەوەیی دا بووە. رێک هەر وەک ئەمڕۆ ، لە دوای ساڵانی١٨٠٠ ئەوەی زیاترین دژایەتی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد نیشان داوە دەسەڵاتدارانی تورک بوون. وەک دەزانرێ کە تا ساڵی ١٩٢٣ کوردستان دوو پارچە بوو. ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن باکور، رۆژئاڤا و باشور ئەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتداریتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابوو. لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە زانستی، کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لە جیهان دا هاتەئاراوە و کاریگەری لە گەلانی هەرێمەکە کرد، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە شێوەیەکی خێرا کەوتە قۆناخی پاشەکشە و رووبەرووی دەستوەردان بۆوە. ئەو پێشهاتانە بووە هۆکاری ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی دا ئیمپراتۆری عوسمانی وەک « پیاوە نەخۆشەکە» پێناسە بکرێت. بەو پێیەش لە ئاست دەوڵەتانی ئەوروپا دووچاری زەبر و پەرشوبڵاوبوون هات. ساڵانی ١٨٠٠کان لە هەمان کات دا سەردەمێک بوو قەیسەری رووس بەرژوەندیەکانی خۆیانیان بەسەر عوسمانیەکان دا دەسەپاند. ئیمپراتۆری عوسمانی کە خۆیان لە نێو دۆخێکی سەخت دا بینیەوە پاشەکشەیان کرد لەو رێکەوتنامەی ئۆتۆنۆمی کە لە ساڵانی ١٥٠٠ وە لەگەڵ کوردەکان دا کرد. بەگە کوردەکانیش لە دژی تێکدانی پەیوەندیەکانیان دەستیان بە زنجیرەک راپەڕین و یاخیبوون کرد. بە پێشەنگی بابانیەکان، بەردخانیەکان و میر مەحەمەدی سۆران، گەلی کورد راپەڕین.

گەلی کورد وەک گەلانی دیکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی راپەڕینیان نەکردبوو، بەڵکو ئامانجی راپەڕینی میر و بەگە کوردەکان ئەوە بوو کە دەیانویست دەستبگرن بەو ئۆتۆنۆمیەی کە لە ساڵانی ١٥٠٠کانەوە لەگەڵ عوسمانیەکان لەسەر رێکەوتبوون. واتە ئامانجیان ئەوە نەبوو ببنە هێز لە هەموو کوردستان هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە سیاسی و سەربازیەکانی دونیا و ناوچەکە، بەڵکو کارە پێشینەکانیان پاراستنی کورسیەکانیان و رۆژ گوزەراندن بوو. ئەو لۆژیکە سیاسیە لە شوێنی ئەوەی کە دەرفەتەکانی رۆژ و پێشکەوتنەکان بە ئاراستەی بەرژوەندیەکانی گەلی کورد بەکاربێنێ، بوونە هۆکاری ئەوەی کە داواکانی گەلی کورد بکەنە قوربانی بەرژەوەندیە بنەماڵەیی و میرێتیەکانیان. بۆ نمونە بەدرخان بەگ، میر محەمەد و شێخ مەحمود لە بەگە بەهێزەکانی کورد بوون. هەر یەکەیان دەیان هەزار جەنگاوەریان هەبوو. لەهەمان کات دا وێڕای ئەوەی لە دژی عوسمانیەکان راپەڕیبوون، بەڵام یەکێتی سەربازی، سیاسی و دیبلۆماسیەکان پێکنەهێنا، بەڵکو هەریەکەیان قورسایی دەخاتە سەر تێکۆشان لە هەرێمەکەی خۆی دا. عوسمانیەکان ئەوەی وەک دەرفەت قۆستەوە و دۆستایەتی یەکێکیان و دوژمنایەتی ئەوەی دیکەیان دەکرد و

لەناوخۆدا پارچەیان دەکردن. عوسمانیەکان پشتگیریان لە میری سۆران کرد لە دژی میری بابان، وەک دەزانین کە دوای تێکشکاندنی بابانیەکان، میرێتی سۆرانیشیان لەناوبرد. ئەو گەمەیەی دەوڵەتی تورک تا ئێستاش بەردەوامە. بەگ و میرە کوردەکان هەم لەبەرامبەر عوسمانیەکان رادەپەڕین و هەم لە کاتێکدا کە راپەڕین لەئارادابوو، بێ ئەوەی کە هیچ رێکەوتنێک ئەنجام بدەن سەردانی کۆشکی عوسمانیەکانیان دەکرد. لەنێو خەڵکیش یەکترین ریسوا دەکرد. لە ئەنجام دا سەرانی تورک، هەر وەک چۆن بە میر بەدرخان بەگیان کرد یان نەفیان دەکردن یان وەک میر مەحمەد بە پیلانگێڕی دەیانکوت و لەناویان دەبردن. ئینگلیزەکان کە هەوڵی باڵادەستبونیان بەسەر هەرێمەکەوە دەدا، هەروەک فەرەنسی و دەوڵەتانی تری رۆژئاوایی کاتێ لە میر و بەگە کوردەکانیان دەڕوانی لێکدانەوەیەکی وایان هەبوو کە ئەوانە «جێی متمانە نین» و کوردیان لە سیاسەتی ناوچەکەدا وەک نەبوو حساب دەکرد و ئەوەش بووە هۆکار کە هێزە ئیمپریالیستەکان، کورد وەک کارتێک بەکاربێنن.

دوای ئەوەی راپەڕینی بەگە کوردەکان سەرکوتکران، ئەمجارەیان شێخانی کورد پێشەنگیان بۆ قۆناخەکانی راپەڕینی یەک لە دوای یەک کرد. شێخ عوبەیدوڵای نەهری یەکێک بوو لە بەکاریگەرترین و زاناترین کارێکتەری ئەو جۆرە راپەڕینانە. بەگە کوردەکان لە جێی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی خۆیان، لەسەر داوای عوسمانیەکان درێژەیان بەو مێریتیە دەدا کە سەردەمی بەسەرچووبوو، هەڵەی شێخانی کوردی راپەڕیویش ئەوە بوو کە پشتگیریان لە دەسەڵاتێکی ئایینی خەلیفەی عوسمانی دەکرد کە خۆی هیچ دەسەڵاتێکی نەمابوو و بۆ بەردەوامبوونیان داوای پشتگیریان لێدەکردن. ئەو هەڵانە وای کرد کە عوسمانیەکان کاریگەر و بالادەستی خۆیان بەسەر کوردەکانەوە درێژە پێبدەن. عوسمانیەکان تا ئەو ئاستەی کە شەڕ لەبەرامبەر رووسەکان بکەن، شێخ عەبەیدوڵا لە بەرەی کوردستانی شەڕەکەوە هاوکاری عوسمانیەکانیان کرد. وەک دەزانرێت، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەمین دا خەلافەتی عوسمانی لەگەڵ بنەماڵە کوردەکان پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هەبووە تا ئەو ئاستەی کە زەمینەی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەیان بۆ رەخساندن.

لەگەڵ ئەوەی کە دەزانرا سەردەم، نە سەردەمی پادشاکان و نە سەردەمی خەلیفەکان بوو. لە مێژە بوو عەرەبەکان پەیوەندیان لەگەڵ خەلافەتی عوسمانی بڕیبوو، تەنانەت لە نێو تورکەکانیش دەنگی» ئیتر سەردەمی عوسمانیەکان بەسەرچووە» بەرزدەبۆوە و پەرەیان بە ڕێکخراوەبوونی دژ بە عوسمانیەکان دەدا و ئەو سەردەمە سەرانی کورد یان بەیاننامەی وەفاداریان بۆ عوسمانیەکان دەنارد و داوای بەیعەتیان لە میرە کوردەکان دەکرد یان سیاسەتی « با ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵنەوەشێت و بمانپارێزن» یان پەیڕەو دەکرد و وەهاش دەرفەتەکانی ئەو سەردەمەیان لە دەستدا.

گەلی کورد لە دۆخێکی دواکەوتوودا کەوتبووە ژێر باری سیاسەتی هێزە دەستڕۆیشتووەکانی جیهان لە هەرێمەکە و خۆی لە نێو کەشی شەڕی یەکەمی جیهان دا بینیەوە. لەو شەڕەدا کوردەکان بوونە سەربازی میللی عوسمانیەکان. زۆربەیان دەکوژران. بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەو ٩٠هەزار سەربازەی کوژران لە شەڕی بەرەی ساری قامیش، زۆربەیان کورد بوون. دەرچوونی عوسمانیەکان بە دۆڕاوی لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا مسۆگەر ببوو. لەو کوردە فەرمانبەرانەی دەوڵەتی عوسمانی کە ئەو ڕاستییان دەبینی دەستیان بە زەقکردنەوەی داوای « کوردستان « دەکرد، بەڵام بەپێی ئەو داوایەیان خاوەن رێکخستن و دیبلۆماسی نەبوون. بۆ نمونە هەم داوای دەوڵەتی کوردستان دەکەن و هەم پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تورکیە نابڕن کە لە دژی داواکانیانە. یەک لە سەرنجڕاکیشترین نمونەکان شێخ مەحمود بەرزنجیە. لە کاتێکدا رژێمەکانی پاشایەتی سەر بە خەلافەتی عوسمانی یەک بە یەک هەڵدەوەشا و ئینگلیزەکان دەسەڵاتدارێتی پاشایەتی وابەستە بە خۆیانەوە دادەمەزراند، ئەویش داوای شانەشینی دەکرد. لە لایەکی تر وەک هاوپەیمانی عوسمانیەکان لەدژی ئینگلیزەکان شەڕی کرد. ئەو ناکۆکیە لە هەمان کات دا هەم لە شێخ عەبدولقادر و بەدرخانیەکان و بابانیەکانیش دا بە هەمان شێوە بوو. هەم لە ئەستەمبولی پایتەختی عوسمانیەکان، درێژەیان بە کاری فەرمانبەری و نوێنەرایەتی دەدات و هەم بانگەشەیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکرد.

لەو سەردەمەدا، ئەو شێوە سیاسەتە لەلایەن کوردەکانەوە، بووە هۆکاری ئەوەی لە بواری دیبلۆماسی ببنە مایەی هەرچی زیاتر بێ متمانەیی و ئیتر کورد بۆ هیچ هێزێکی نێونەتەوەیی نەبووە مایەی سەرنج. لە کاتێکدا ئەو عەرەبانەی لە ئیمپراتۆری عوسمانی دابڕابوون ناسنامەیان خۆیان دەگەیاندە ئاستی دەوڵەتسازی، کوردەکان نەک تەنیا نەبوونە دەوڵەت، بەڵکو زمان و ناسنامەشیان قەدەخەکرا.

لە نێو قەیرانی شەڕی یەکەمی جیهان دا، لە رووسیا شۆڕشی سۆسیالیستی بەرپا بوو و گەلان و چینە بن دەستەکانیش بە پێشەنگی بیری چەپ و سۆسیالیست پەرەیان بەتێکۆشانی رزگاری نیشتمانی دا. لەو سەردەمەدا زۆرێک لە گەلان دەوڵەتی خۆیان دادەمەزراند. کوردەکانیش لە ١٩٢٠ کانەوە هاوتەریب لەگەڵ ئەو گەلانە لە جیهان دا بن دەست بوون، لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژی سۆسیالیست گەلان دەستیان بە تێکۆشانی رزگاری نەتەوەیی کردبوو، هەرچەندە ڕێکخراوەگەلێکی نمونەی وەک «ئازادی» دامەزرا، بەڵام زۆربەی پێشەنگی ڕێکخراوەکانی کورد لە شێخ و بەگ و سەرۆک عەشیرەتەکان بوون. سیاسەتێکیان پەیڕەو دەکرد کە نەیانتوانی لە سنوری بەرژوەندی عەشیرەت و بنەماڵە بێنە دەرەوە. لە کاتێکدا کە دەبوو یەکێتی نەتەوەییان پتەو بکەن، تەنانەت لەو پارچانەی بەسەری دا دابەشکرابوون ، یەکێتی خۆیان پێک

نەدەهێنا. ئەو هەڵە مێژووییانە لە سیاسەت دا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٧٥ کوردەکانی ڕووبەڕووی کێشەی گەورەتر کردەوە.

لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩٠ دا لە دونیادا پەرە بە سیستەمێکی نوێ درا. ئەو پەرەسەندنە نوێیە لە ئامرازەکانی پەیوەندیەوە بگرە تا پەرەسەندن و نوێبونەوەی بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا، کاریگەری ریشەیی لە سەرکرانەوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کرد. دونیای ئەمڕۆ بەتەواوی لەگەڵ بەرلە ١٩٥٠ کان و دونیای دوای ١٩٩٠ کان جیاوازە. لە پێشکەوتنە سیاسیەکانیش دا، رەنگدانەوە و کاریگەری لە تێپەڕاندنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە کردووە و دەروازەی لەسەر هاتنە ئارای پێکهاتەی سیاسی دیموکراتیانە و سیستەمەکەی کردەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوین دەگوزەرێت سەرچاوەی خۆی لە کارێکتەری ئەو پەرەسەندنانەوە دەگرێت. ئەو دەوڵەتانەی لە دوای ساڵانی ١٩٢٠کان بە دواوە دامەزران لەبەرئەوەی کە دژترین پێکهاتەی سیستەمی نوێی جیهانە، ناچاری هەڵوەشان یان گۆڕانکاری کراوە. لە سەردەمێکداین ئەگەر ئەو دەوڵەتانە خۆیان نەگۆڕن ئەوە هەندێکی تر داواکانی گەل بەکاردێنن و بەپێی بەرژوەندی خۆیان دەیانگۆڕن. خۆ بە خۆ ئەوەشی دەگوزەرێت هەر ئەوەیە. یەکێک لە ئاماژە سیاسیەکانی ئەو گۆڕانکاریە مێژووییە، بەشێوەیەکی بەشیانەش بێت لە وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دا دەبینرێت. دەبینین کە لە سەردەمێک دا دەوڵەت-نەتەوە هەوڵی تێپەڕاندنی دەدرێت، بەڵام ڕێک وەک رابردوو هەندێ بەگ و سەرۆک عەشیرەتی کورد مێژوو ئاوەژوو دەخوێننەوە و ئێستا دێن و داواکانیان لەسەر بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت دەخەنە ڕوو.

لە سەردەمێکداین کە سیاسەتی ناوەندی لە سەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوە بەسەرچووە و گەلان پەرە بە مۆدێلەکانی سیاسەتی دیموکراتی دەدەن. باشوری کوردستان نمونەیەکی سەلمێنراوە کە سیاسەتێکی پشتبەستوو بە دەوڵەت-نەتەوە لە جێی قازانج چەندە زیانی گەورەی بە کورد گەیاندووە. باشور تا ساڵی ١٩٩٢ لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی، لە ساڵی ٢٠٠٣ ەشەوە بە فەرمی دانی پێدانرا، بەڵام سیاسەتێکی لەسەر بنەمای دەوڵەت باشوری خستۆتە دۆخێکەوە کە لە رووی ئابوری، سیاسی، پەروەردە و تەندروستی و زۆر بواری دیکە ژیانی بنبەست کردووە. هەرچی ئەو قۆناخەی کە رۆژئاڤا دەست پێکرد، دیدێکی سیاسی هاوئاهەنگ لەگەڵ سەردەم دا پەیڕەوکردووە، وێڕای هێرشی گەورە و گەمارۆ هەر رۆژ لە گەشەسەندندایە. بۆ نمونە فیدراڵی دیموکراتی باکوری سوریا دوایین هەنگاوی ئەو پەرەسەندنەیە. ئەمڕۆ لە هەموو دونیا لە جێی ناوەندگەرێتی دەوڵەت-نەتەوە، سەردەمی پشت بەستنە بە دیموکراسی و حقوق کە هەر ئەتنیک و باوەڕیەک مافی ئەوەیان هەبێ کە گوزارە لە ناسنامەیان بکەن، سەردەمێکە کە سنورەکانی دەوڵەت بێ واتا بووە و سەردەمێکە مافی ژنان و ژینگە بە بنەما دەگیرێت. لەم قۆناخەی رۆژهەڵاتی ناوین دا هەر کەس سیاسەتێک پەیڕەو بکات کە دەوڵەت نەتەوە بپارێزرێ یان دەست بە پێکهاتە کۆنەکەی دەوڵەتەوە بگرێت، ئەوە رووبەڕووی کێشە و قەیرانی گەورە دەبێتەوە. ئەوە تەنیا پێشبینی نیە، بەڵکو پێویستی رەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و مێژووییە.

هەندێ کورد کە دەڵێن « ئێمە دەوڵەتمان نەبوو، دەکرێ کەڵک لەم سەردەمە وەرگرین و دەوڵەت دامەزرێنین» مامەڵەیەکی زۆر هەستەوەریانە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم دا دەکەن. تاکە مۆدێلێکی کە دەمانکاتە خاوەن دەستکەوت، لەگەڵ گەلانی دیکەدا پەرەدانمانە بە پرۆژەی پێکەوە ژیانی گەلان لەسەر بنەمای نەتەوەی دیموکراتی کە ڕێبەری گەلی کوردستان بەڕێز ع.ئۆجالان خستیەڕوو. دەکرا تا شەڕی ساردی ١٩٩٠ سیاسەت لەسەر بنەمای دەوڵەت پەیڕەو بکرایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنیک کاریگەری لەسەر سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری، ژیانی کۆمەڵگە کردووە، لە ٩٠کان بە دواوە ئیتر دەرفەتی سیاسەتی لەسەر بنەمای دەوڵەت لە ئارا نیە. لە کاتێکدا کە چارەنوسی دەوڵەت-نەتەوەکانی هەرێمەکە، لە سەروویانەوە نمونەی رژێمەکانی سەدام و سوریا و ئەوانەی دیکە کە رووبەڕووی هەڵوەشان و پەرشوبڵاوبوون بونەتەوە و هەروەها چەقبەستنی تورکیا لەم قۆناخەدا دەبینین، بەڵام داوای هەندێ لە کوردەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت رێک لە هەلوێستی ئەو بەگ و میرانە دەچێت لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەکانی ناوچەکەدا و لە قۆناخێکدا کە شەریعەت ئیتر کاری پێنەدەکرا، بەڵام ئەوان بە دوای دەسەڵاتی خەلافەتەوە بوون. ئەو دیدە وێرای زیان و لەدەستچوون، سەد ساڵ کورد بۆ دواوە دەگەڕێنێتەوە و ئەنجامێکی دیکەی لێناکەوێتەوە. کورد تا ئێستا بەهۆی ئەوەی کە پێشکەوتنەکانی ئاوەژوو خوێندۆتەوە، زیانی بەرکەوتووە. کورد لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردووەوە بۆ یەکەم جارە لە رۆژئاڤا بە پرۆژەیەکی سیاسی پێشکەوتنخواز و هاوچەرخانە دێتەوە سەر سەکۆی مێژوو. ئەو هەلە ئەگەر لە لایەن بەشەکانی تری کوردستانەوە راست بخوێنرێتەوە، دەبێتە دەسکەوت بۆ هەموو گەلی کورد.

لە راستیدا پێویستی بە هەڵسەنگاندنی درێژ نیە کە بزانین کامە دیدی سیاسی دەبێتە مایەی دەستکەوت بۆ گەلی کورد، هەر کوردێک لە هەر کوێی ئەم جیهانە دەژی کاتێ لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا بڕوانێت کە هەبوونی گەلی کورد وەک مردنی خۆی دەبینێ، مەحاڵ نیە کە تێبگات ئەمڕۆ چی ڕاستە و چی چەوتە بۆ گەلی کورد. بەو پێیەش ئەگەر بە تەواوی لە سیاسەتی دەوڵەتی تورک تێبگەین کە بۆ دوژمنایەتی رۆژئاڤا و باکور دەکات و وەک دۆست خۆی نیشانی باشور دەدات، ئەو دەتوانین ببینە خاوەن سیاسەتێکی راست و دروست.

# کتێبی ژیانم هەمیشە تێکۆشان بوو

## کەوتە بەردیدی خوێنەران



کاتێک هەڤاڵێتی "شۆڕشگێڕی"ڕۆژی پێشوو دەڕوات و هەڵوێست و مامەڵەکردن لەگەڵ کیژۆڵەیەک لەگەڵ خۆشەویستیێک جێگەی دەگرێتەوە. ئەوسا خۆم وەکو کچێکی هەڵخەڵەتێندراو دەبینم، وەکو کچێک کە زۆر بە ئاسانی کەوتۆتە داوی هەندێکی ترەوە. هێشتا لەسەردەمی خوێنگەرمیمان داین. لەجیاتی فێری شەڕ لەگەڵ کۆن و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ببین، کاردانەوە لەبەرامبەر ڕاست و چەپ، هەڵوێستی قەدبڕیانە و سەرهەڵدێرییەکی چەوت لە ئێمەدا سەر دەردەکات. ئەم .لایەنە کاریگەریی هەبوو لە شەڕەکانمدا لەگەڵ دایکم ئەو شەڕانەم پێویست و تا بڵێی فێرکارانەش بوون. پاڵێکی خێرای پێوەنابووم بەرەو شۆڕشگێڕێتی. فێری خۆشەویستی ژن و ژنێتی کردبووم. خواستی شۆڕشگێڕێتی ڕەگەزی خۆم، هەستی بەختەوەری و سەربەرزیی ئەم خواستەم .ئەگەرچی بە ئاستێکی لاوازیش بێت دەرکەوتبووە ڕوو .ژنی شۆڕشگێڕ شتێک بوو کە زیاترین کاری لێکردبووم بەڵام هەمیشە تووڕەیی و ناحەزیم هەبوو لەبەرامبەر ئەوانەی ڕەگەزی خۆیان خۆشناوێت و ناحەقی لێدەکەن و لەبەرامبەر بەو کەسانە هەڵوێستم وەرگرت ...

# کتێبی ئاشتی و سەقامگیری لە هزری ئۆجالاندا

# کەوتە بەردیدی خوێنەران

ئەم پەرتووکەی لەبەر دەستدایە، ئەنجامی گفتوگۆیەکی کراوەیە لەسەر قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوین، لەدیدی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالانەوە. میزۆپۆتامیا کە چەقی جیهانە و دایکایەتی بۆ مرۆڤایەتی کردوە. زانست، کشتوکاڵ، ئایین، هونەر و مۆزیك، هەموو داهێنانەکان لێرە داهێنران. لێرە لەگەڵ ئەوەی ئیمپراتۆرە گەورەکان دروست بوون، بەڵام پێکەوەژیانی ئاشتییانەو دوور لەچەوسانەوەش هەر لێرە بووە. لەسەدەی بیستەم دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، سەرلەنوێ دیزاینی رۆژهەڵاتی ناوین دروست کرایەوە، لەسەر حسابی گەلی کورد و خاکی کوردستان، ئەمەش گەورەترین زیانی لەگەلانی رۆژهەڵاتی ناوین دا. لەئێستا کەئاڵۆزی و قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوین لەئاستێکی قوڵدان و بەجەنگی جیهانی سێیەم بەناودەکرێت، لەگەڵ زلهێزە جیهانییەکان، هەمانکات هێزە هەرێمییە قەوارەپارێزەکانیش رووبەڕووی تێکچوون بوونەتەوە، هێزە کۆنەپەرست و توندڕەوەکانیش چەتەئاسا دەیانەوێت گۆڕانکارییەکان بەرەو دواوە بگەڕێنەوە، یەکێک لەو جێیانەی کە فکر و فەلسەفەی ئۆجالانی لێ پیادە کراوە و لە ئاستی بونیادنان دایە لەسەر بنەمای پارادایمی شارستانی دیموکراتی لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی دیموکراتی ، ئازادی جێندەری و ئیکۆلۆژی ، رۆژئاوای کوردستانە، نموونەی شۆڕشێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخواز و پێکەوەژیانی گەلان و ئازادی ژن پەیڕەو دەکات، دەتوانرێ ببێتە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوینی کۆنفیدراڵی دیموکرات، کە ماف و ئازادییەکانی هەموو گەلانی تێدا مسۆگەربێت.



لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراتی